IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# کتێبی سور

## وتەکانی سەرۆک ماوتسی تۆنگ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

فازل حسێن مەلا رەحیم

ناوی کتێب: **کتێبی سور**
بابەت: **وتەکانی سەرۆک ماو تسی تۆنگ**
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: **فازل حسێن مەلا رەحیم**
دیزاین: **هەرێم عوسمان**
چاپ: **چاپخانەی کارۆ**
تیراژ: **١٠٠٠ دانە**
نرخ: **٣٥٠٠ دینار**
نۆبەتی چاپ: **چاپی یەکەم**
شوێنی چاپ: **سلێمانی - ٢٠١٤**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٢٠٨)ی ساڵی ٢٠١٤ ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# بەشی یەکەم:
# ( 1 )

پێویستە هەموو کۆمۆنیستێک ئەم ڕاستییە وەربگرێت: «دەسەڵاتی سیاسی لە لوولەی تفەنگەوە گەشە دەکات.»

دەسەڵات وەرگرتن بە هێزی چەکدار و یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە بە جەنگ، ئەرکی ناوەندیە و باڵاترین شێوازی شۆڕشە. ئەم پرەنسیپە مارکسی - لینینیەی شۆڕش بۆ هەموو جیهان و بۆ چین و هەموو وڵاتانی دیکە گونجاوە.

بەگوێرەی بیرۆکەی مارکسی لەمەڕ دەوڵـەت، سوپا پێکهاتەی سەرەکیی دەسەڵاتی دەوڵەتە. هەر کەسێک بیەوێت دەسەڵاتی دەوڵەت وەربگرێت، پێویستە سوپای بەهێزی هەبێت. هەندێک کەس گاڵتە بە ئێمە دەکەن وەک داکۆکیکاری «توانا و دەسەڵاتی جەنگ». بەڵێ ئێمە داکۆکیکاری توانای جەنگی شۆڕشگێڕین، ئەوە شتێکی باشە نەک خراپ، ئەوە مارکسییەتە. تفەنگەکانی پارتی

کۆمۆنیستی، روسیای سۆسیالیزمی خوڵقاند. ئێمە کۆمارێکی دیموکراتی دەخوڵقێنین.

ئەزموونەکان لە خەباتی چینایەتیدا لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا پێمان دەڵێن کە تەنها بە هێزی چەک چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش چینی بۆرجوازیی و دەرەبەگە چەکدارەکان دەبەزێنن، لەم رووەوە دەتوانین بڵێین کە تەنها بە چەک دەکرێت تەواوی جیهان بگۆڕدرێت.

پارتی کۆمۆنیست:

هێزی ناوەڕاست کە ئامانجەکەمان بەرەو پێشەوە دەبات پارتی کۆمۆنیستی چینە. بنەما تیۆرییەکان کە رابەریی بیر و هزرمان دەکات مارکسیی- لینین یە.

ئەگەر شۆڕش بەرپا بکرێت، پێویستە پارتێکی شۆڕشگێر هەبێت. بەبێ پارتێکی شۆڕشگێڕ کە لەسەر تیۆریی شۆڕشگێڕانەی مارکسی-لینینی دامەزرابێت لەگەڵ شێوازی شۆڕشگێڕانەی مارکسی-لینینی، مەحاڵە رابەریی چینی کرێکار بکرێت و جەماوەری خەڵک ئیمریالیزم و کلکەکانی ببەزێنێت.

بەبێ هەوڵ و تەقەلای پارتی کۆمۆنیست چینی،بەبێ کۆمۆنیستە چینیەکان وەک کۆڵەکەی گەلی چین هەرگیز چین ناتوانێت سەربەستی، یاخود رزگاریی بەدەستبهێنن، یان بەپیشەسازی کردن و نوێباوکردنەوەی کشتوکاڵەکەی.

پارتی کۆمۆنیستی چینی ناوەڕۆکی سەرکردایەتیی هەموو گەلی چینە بەبێ ئەم ناوەڕۆکە مەسەلەی سۆسیالیزم

سەرکەوتوو نابێت.

پارتێکی خاوەن دیسیپلینی باش، چەکی مارکسیی-لینینی هەڵگرتبێت و شێوازی رەخنە لەخۆگرتن بەکار بهێنێت و بنووسێت بە جەماوەری خەڵکەوە، سوپایەک لەژێر فەرماندەیی ئەو جۆرە پارتەدا و بەرەیەکی یەکگرتووی هەموو چینە شۆڕشگێرەکان لەژێر فەرماندەیی ئەو پارتەدا-ئەمانە ئەو سێ چەکە سەرەکییەن کە دوژمنمان پێی بەزاند.

پێویستە بڕوامان بە جەماوەر هەبێت و پێویستیشە متمانامان بە حیزب هەبێت ئەمانە دوو پڕەنسیپی بنچینەیین. ئەگەر گومان بخەینە سەر ئەم پڕەنسیپانە، هیچ بەدەستناهێنین.

پارتی کۆمۆنیستی چینی، بە چەکی تیۆریی و ئایدۆلۆژیی مارکسی- لینینیەوە،

شێوازێکی نوێی کارکردنی بۆ گەلی چین هێناوە، کە پێویستی بە تیۆریی یەکپارچە بە پراکتیزەوە هەیە، پەیوەندیی نزیک بە جەماوەرەوە دروست بکات و پیادەی رەخنە لەخۆگرتن بکات.

هیچ پارتێکی سیاسی تـوانـای نابێت رابـەریـی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بکات بەرەو سەرکەوتن، تاوەکو خاوەنی تیۆریی شۆڕشگێرانە نەبێت، لەگەڵ زانینی مێژوو و بە توندی دەست بگرێت بەسەر بزووتنەوەی پراکتیکیدا.

هەروەک گوتوومانە،»رەوتی ڕاستکردنەوە«ی بریتییە لە بزووتنەوەیەکی فراوان و بڵاوی رۆشنبیریی مارکسیی».

ڕاستکردنەوە بەو مانایەیە کە سەرجەمی پارتەکە لەڕێگەی ڕەخنەوە فێری مارکسیزم و ڕەخنە لەخۆگرتن ببێت. بێگومان ئێمە دەتوانین زیاتر دەربارەی مارکسیزم فێر بین لە ماوەی بزووتنەوەی ڕاستکردنەوەدا.

کار و ئەرکێکی گرانە ژیانێکی باشتر بۆ سەدان ملیۆن خەڵکی چین مسۆگەر بکەین و وڵاتـە کەمان کە لـەڕووی ئابووریی و رۆشنبیریەوە دواکەتووە، بنیات بنێین بەرەو وڵاتێکی خۆشگوزەران و بەهێز کە لە ئاستێکی بەرزی کلتووریدا بێت و دەگونجێت بتوانین ئەم کارە راپەڕێنین بە شێوەیەکی کارامەتر و چاکتر کار بکەین هەموو خەڵکانی دەرەوەی حیزب، ئەوانەی نموونەی بەرزیان لا پەسندە و سوورن لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی کە دەبێت بزووتنەوەی راستکردنەوە ئەنجام بدەین، ئێستا و لە داهاتووشدا و بەردەوام شتە هەڵەکان لە خۆمان دوور بخەینەوە.

ڕێباز خاڵی دەسپێکی هەموو کـردەوەکـانـی پارتێکی شۆڕشگێڕە و لە پڕۆسەکەدا خۆی دەنوێنێت و دوائەنجامی کردارەکانی ئەو پارتەیە. پارتێکی شۆڕشگێر سیاسەتێک بە ئەنجام دەگەیەنێت هەرکات دەست بەکارێک بکات.ئەگەر ڕێبازێکی راست بە ئەنجام نەگەیەنێت، ئەوە ڕێبازێکی هەڵە جێبەجێ دەکات، ئەگەر سیاسەتێکی دراو بە وریاییەوە جێبەجێ نەکات، ئەوە کوێرانە ئەو کارە دەکات.

ئـەوەی پێی دەگوترێت ئەزموون، ئەوە پڕۆسەکەیە و دوائەنجامی ئەنجامدانی ڕێبازێکە. تەنها لە ڕێگەی کارکردنی

خەلکەوە، بەواتایەکی دیکە، لەرێگەی ئەزموونەوە دەتوانین بڕیار بدەین ئەو رێبازە راستە، یان هەڵەیە و بڕیار بدەین تا چ رادەیەک ڕاستە یان هەڵەیە، بەڵام کارکردن و پراکتیزەی خەڵک بەتایبەتی ئەوەی پارتێکی شۆڕشگێڕ و جەماوەری شۆڕشگێڕ هەر دەبێت بە جۆرێک لە رێبازەوە بەسترابێت. لەبەر ئەوە، بەرلەوەی هەر کارێک ئەنجام بدرێت، پێویستە سیاسەتەکە روون بکرێنەوە، کە فۆرمەلەمان کردووە لەبەر رۆشنایی بارودۆخە دراوەکان بۆ ئەندامانی حیزب و جەماوەریش. ئەگەر نا، ئەندامانی حیزب و جەماوەر لە رێنمایی رێبازەکەمان دوور دەکەونەوە و کوێرانە سیاسەتێکی هەڵە ئەنجام دەدەن.

پارتەکەمان هێڵی گشتی و سیاسەتی گشتی بۆ شۆڕشی چین داناوە، هەروەها چەند هێڵێکی دیاریکراوێش بۆ کار و سیاسەتە تایبەتییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتێکدا زۆرێک لە هەڤاڵان هێڵە دیاریکراوەکانی کارکردن و سیاسەتە دیاریکراوەکانیان لەبیرە، کەچی زۆر جار هێڵە گشتییەکان و سیاسەتە گشتییەکان لەیاد دەکەن. ئەگەر لە راستیدا هێڵ و رێبازی گشتیی حیزبمان بیر بچێتەوە، ئەوا دەبینە شۆڕشگێڕی کوێر کە نە بەکام و سەرلێشێوا، و کاتێک هێڵێکی دیاریکراوی کار و سیاسەت بە ئەنجام دەگەیەنین، رێگەمان لێ تێکدەچێت و بە چەپ و راستدا دەچەمینەوە و کارەکەش تووشی شکستی دێت.

سیاسەت و تاکتیک بریتین لە گیانی حیزب. کە لە هەموو ئاستەکاندا هەڤاڵانی سەرکردە دەبێت بایەخی تەواوی پێبدەن و بەهیچ جۆرێک نابێت کەمتەرخەم بن.

## ( 2 )

## چینەکان و خەباتی چینایەتی

چینەکان خەبات دەکـەن، هەندێکیان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و هەندێکی دیکەش لەناو دەبرێن و کۆتاییان پێدێت. مێژوو هەروا بووە، ئاوا بووە شۆڕشی شارستانیی بۆ هەزاران ساڵ.

لێکدانەوەی مێژوو لـەم بـۆچـوونـەوە بریتییە لە مادەپەرستی (مەتریالیزمی) مێژوویی و پێچەوانەوەستان لەم بۆچوونە نموونەپەرستی (ئایدیالیزم)ی مێژووییە.

لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەموو کەس وەک ئەندامی چینێکی تایبەتی دەژی و هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک، بەبێ لێدەرکردن، مۆرکی چین یان توێژی پێوە دەنرێت.

هۆکارەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا بەزۆریی بریتییە لە دروستبوونی پێکناکۆکییەکان (متناقضات) ناوخۆیی لە کۆمەڵگەدا بەمانای، پێکناکۆکی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەم و پێکناکۆکیی نێوان چینەکان

پێکناکۆکیی نێوان کۆن و تازە، ئەوە هاتنەکایەی ئەو دژ بەیەکانیە کە کۆمەڵگە بەرەو پێش دەباتَ و هێز و تین دەبەخشێتَ بە شوێنگرتنەوەی کۆمەڵگەی کۆن لەلایەن تازەکەوە.

بەکارهێنان و چەوساندنەوەی ئابووریی ناڕەوای جوتیاران لەلایەن چینی دەرەبەگەوە پاڵی پێوەنان بۆ چەندین ڕاپەڕین دژی حوکمەکەیان، ئەوە خەباتی چینایەتیی جوتیاران بوو، راپەڕینی چوتیاران و جەنگی جوتیاران کە پاڵنەری راستەقینە بوو بۆ گۆڕانی مێژوویی لە کۆمەڵگەی دەرەبەگیی وڵاتی «چین»دا.

لێکۆڵینەوەی کۆتایی ئەوەیە: خەباتی نەتەوایەتیی پەیوەستە بە خەباتی چینایەتییەوە. لە نێوان سپییەکانی ئەمریکادا تەنها ناوەندی فەرمانڕەوایی کۆنەپەرستە کە خەڵکی رەش پێست سەرکوتَ دەکاتَ. بەهیچ جۆرێک ناتوانن نوێنەرایەتیی کرێکار و جوتیار و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان بکەن، ئەوانەی زۆرینەی خەڵکانی سپی پێستَ پێکدێنن.

رێکخستنی گەل بەدەستَ خۆمانە. سەبارەتَ بە کۆنەپەرستەکانی چین، بەدەستَ خۆمانە خەڵک رێک بخەین بۆ ئەوەی بیانڕووخێنن. هەموو شتێکی کۆنەپەرستَ وەک یەک وایە، ئەگەر پێدانەکێشیتَ ناکەوێتَ. وەک گسکدانی زەوی وایە، خۆڵەکە لەخۆیەوە لەناو ناچێتَ.

دوژمن خۆی لەخۆیەوە لەناو ناچێتَ. نە کۆنەپەرستەکانی

چین و نە هێزە دوژمنکارەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە چین لەسەر شانۆی مێژوو بە ڕەزامەندیی خۆیان لە دەسەڵات دەرناچن.

شۆڕش برینی نییە لە داوەتی خوان، یان نووسینی وتار، یان کێشانی وێنەیەک یان شت چنین، ناکرێت هێندە بێگەرد و لەسەرەخۆ و نەرمونیان بێت، هێندە میانڕەوە زمان شیرین و خۆڕاگر جوامێر و لێبوردە بێت. شۆڕش بریتییە لە یاخیبوونێک، لە کردەوەیەکی توندوتیژی کەلە ڕێگایەوە چینێک چینێکی دیکە لا دەبات.

چیانکای چیک هەمیشە هەوڵ دەدات هەموو دەسەڵات و دەسکەوتەکان لە خەڵک داگیر بکات. ئەی ئێمە!؟ سیاسەتمان ئەوەیە تۆڵەی لێبستێنینەوە و بجەنگێین بۆ هەر بستێک لە خاک. ئێمە لەسەر ئەو شێوازە کار دەکەین. ئەو هەمیشە هەوڵ دەدات شەڕ بەسەر میللەتدا بسەپێنێت، بەدەستی چەپ شمشێرێک و بەدەستی ڕاست شمشێرێکی دیکە. ئێمەش شمشێر هەڵدەگرین، لەسەر ئەم نموونەیەش دەڕۆین.....ئێستا، کە چیانکای چیک شمشێرەکانی تیژ دەکاتەوە، دەبێت ئێمەش ئەوەی خۆمان تیژ بکەینەوە.

ئایا دوژمنی ئێمە کێیە؟ دۆستەکانمان کێن. ئەمە یەکەمین پرسیاری گرنگە بۆ شۆڕشەکە. هۆی سەرەکی کە بۆچی هەموو خەباتی شۆڕشگێرانە لە چین شتێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە بێتواناییان بووە لە یەکبوون لەگەڵ دۆستە ڕاستەقینەکان لەپێناو پەلاماردانی دوژمنی

ڕاستەقینەدا. پارتی شۆڕشگێر ڕێبەری جەماوەرەوە هیچ شۆڕشێک سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە کاتێک پارتە شۆڕشگێڕەکە بەهەڵەدا ئەوانی بردبێت. بۆ ئەوەی مسۆگەری بکەین کە سەرکەوتن بەدەست دێنین لە شۆڕشەکەماندا و جەماوەر بە هەڵەدا نابەین، پێویستە بایەخ بدەین بە یەکبوون لەگەڵ دۆستە ڕاستەقینەکاماندا بۆ ئەوەی پەلاماری دوژمنە ڕاستەقینەکانمان بدەین. بۆ جیاکردنەوەی دۆستی ڕاستەقینە لە دوژمنی ڕاستەقینە، پێویستە شیتەڵێکی گشتیی باری ئابووری بکەین لەمەڕ چینە شێوازەکانی کۆمەڵگەی چینیی و بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتیی خۆیان بەرامبەر شۆڕشەکە.

دوژمنەکانمان هەموو ئەوانەن کە هاوپەیمانن لەگەڵ ئیمپریالیزم-دەرەبەگەکان، بیرۆکراتەکان پینی سەرپەرشتیاری فەرمانبەرانی خۆماڵی کە بۆ بیانییەکان کاردەکەن، چینەگەورەکەی دەرەبەگەکان و کەرتی کۆنەپەرستانی چینی ڕۆشنبیران کە پەیوەستن بەوانەوە. هێزی ڕابەری شۆڕشەکەمان پرۆلیتاریای پیشەسازییە. دۆستە نزیکەکانمان بریتین لە سەرجەم نیمچە- پرۆلیتار و بۆرجواییە بچووکەکان. سەبارەت بە گۆڕان و لارکردنەوەی بۆرجوازیی ناوەڕاست، باڵی ڕاستیان لەوانەیە ببنە دوژمنمان و باڵی چەپیان ببنە دۆستمان-بلام پێویستە هەمیشە وریا بین و نەهێڵین لەناو ڕیزەکانماندا چەواشەکاریی بخولقێنن.

هەر کەسێک لایەنگری کەسانی شۆڕشگێر بێت

ئەوە شۆڕشگێڕە. هەر کەسێک لایەنگری ئیمپریالیزم، دەرەبەگایەتیی و بیرۆکرات-سەرمایەداریی بێت ئەوە دژی شۆڕشگێرییە. هەر کەسێک لایەنگری خەڵکی شۆڕشگێڕ بێت تەنها بە قسە، بەڵام بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت بکات، ئەوە تەنها بە قسە شۆڕشگێڕە ئەوەش کە بە کردار و قسەش لایەنگریی خەڵکانی شۆڕشگێڕە، بەواتای تەواو شۆڕشگێڕە.

من وای دادەنێم شتێکی خراپە ئەوندەی پەیوەندیی بەئێمەوە هەبێت، ئەگەر کەسێک، پارتێکی سیاسی و سوپایەک، یان قوتابخانەیەک پەلامار نەدرابێت لەلایەن دوژمنەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا بێگومان بەو مانایەیە کە ئێمە دابەزیوینەتە ئاستی دوژمن. شتێکی باشە ئەگەر لەلایەن دوژمنەوە هێرشمان بکرێتە سەر، مادام ئەوە دەسەلمێنێت کە هێڵێکی ئاشکرامان کێشاوە بۆ جیاکردنەوە لە نێوان دوژمن و خۆماندا و هێشتا باشتریشە ئەگەر دوژمن دڕندانە پەلامارمان بدات و رەنگی رەشمان بەسەردا بکات و بەبێ هیچ چاکە و رەوشتێکی شیاو. ئەوە دەری دەخات، کە ئێمە نەک تەنها هێڵێکمان کێشاوە بۆ جیاکردنەوە لەنێوان خۆمان و دوژمندا، بەڵکو لە کارەکەماندا زۆرمان بەدەستهێناوە.

دەبێت ئێمە پشتگیریی لە هەشتێک بکەین، کە دوژمن دژی دەوەستێت و رووبەڕووی هەر شتێک ببینەوە کە دوژمن لایەنگری بێت.

هەڵوێستی ئێمە هەڵوێستی پرۆلیتاریای جەماوەرەکەمانە.

بۆ ئەندامانی پارتی کۆمۆنیست، ئەمە بەو مانایەیە پابەند بن بە هەڵوێستی پارتەکەوە، پابەندبن بە ڕێباز و گیانی پارتەکەوە.

دوای ئەوەی دوژمنی چەک بەدەست لەناو بران، هێشتا دوژمنان هەن کە بێ چەکن، سوورن لەسەر هەوڵی بێ وچان دژی ئێمە. هەرگیز نابێت ئێمە بەسووک سەیری ئەو دوژمنانە بکەین. ئەگەر ئێستا بەرز نەبینەوە و لە کێشەکە تێنەگەین بەم شێوەیە، ئەوا هەڵەی خراپ دەکەین.

ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ بێگومان دەستەوسان ناوەستن دوای ژێرکەوتنیان و تا دواهەناسە دەجەنگن. دوای ئەوەی سیستم و ئاشتی سەقامگیر دەبێت لە سەرتاسەری وڵاتدا، ئەوان هەر سەرقاڵی تێکدان دەبن و نائارامی دەخوڵقێنن بە ڕێگای جۆراوجۆر لە هەەر ئان وساتێکدا هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە. ئەوە حەتمیە و گومانی تێدا نییە و لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت وریایی خۆمان سست و خاو بکەینەوە.

لە چین، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانی سۆسیالیستی لەڕووی سیستمی خاوەندارێتییەوە تەواو بووە و هەرچەندە خەباتی بەرفراوانی چینایەتی خەسڵەتی کاتیی شۆڕشی جەماوەر بەگشتی کۆتایی هاتووە، بەڵام هێشتا پاشماوەی چینی دەرەبەگ ماوە، هێشتا چینی بۆرجواز هەیە و لە قاڵبدانەوەی نیمچە بۆرجواز تازە دەستی پێکردووە. خەباتی چینایەتی بە هیچ جۆرێک کۆتایی نەهاتووە. خەباتی چینایەتی نێوان

پرۆلیتاریا و چینی بۆرجواز و خەباتی چینایەتیی نێوان هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا و لە بواری ئایدۆلۆژی لە نێوان پرۆلیتاریا و چینی بۆرجواز درێژە و بە پێچ و پەنا هەر دەمێنێتەوە و لە هەندێک کاتیشدا زۆر سەخت دەبێت. چینی پرۆلیتار دەیەوێت جیهان بەگوێرەی روانگەی جیهانیی خۆی بگۆڕێت، چینی بۆرجوازیش بە هەمان شێوە. لەم رووەوە ئەو پرسیارەی ئایا کامیان سەرکەوتن بەدەست دێنێت، هێشتا لە راستیدا یەکلا نەبۆتەوە.

ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بڕیار لە مەسەلەکە بدرێت لە خەباتی ئایدۆلۆژیی نێوان سۆشیالیزم و سەرمایەداریی لە وڵاتەکەماندا. هۆکارەکە ئەوەیە، کە کاریگەریی چینی بۆرجواز و ئەوەی چینی رۆشنبیر، ئەوانەی لە کۆمەڵگە کۆنەکەوە هاتوون، لەم وڵاتەدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە، هەروەها ئایدۆلۆژیی چینەکەیان. ئەگەر ئەمە بەتەواوی نێنەگەین، یان هەر نێینەگەین هەڵەی زەق دەکرێت و پێویستی خەباتکردن لە بواری ئایدۆلۆژیدا پشتگوێ دەخرێت.

لە وڵاتی ئێمەدا ئیدۆلۆژیی بۆرجوازو نیمچە-بۆرجواز، ئایدۆلۆژیی دژە-مارکسیزم بەردەوام بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنن. بەشێوەیەکی سەرەکیی، سیستمی سۆسیالیستیی لە وڵاتی ئێمەدا چەسپێنراوە. سەرکەوتنی سەرەکیمان بەدەستهێناوە لە گۆڕینی خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەڵام هێشتا سەرکەوتنی تەواومان لە

بەرەی سیاسی و ئایدۆلۆژیدا بەدەست نەهێناوە. لە بواری ئایدۆلۆژیدا، پرسیاری ئەوەی کێ سەرکەوتن بەدەستدێنێت لە ململانێی نێوان چینی پرۆلیتار و بۆرجوازدا هێشتا لەڕاستیدا یەکلا نەبۆتەوە. هێشتا دەبێت خەباتی درێژخایەن دژی ئایدۆلۆژیی بورجواز و نیمچە-بۆرجواز ئەنجام بدەین. هەڵەیە ئەمە نێنەگەین و دەست لە خەباتی ئایدۆلۆژیی هەڵبگرین. هەموو بیرۆکە چەوتەکان، تارمایی و کەسە ناپەسندەکان و شتە بێفەڕەکان پێویستە بخرێنە بەر رەخنە، لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت رێگەیان پێبدرێت بێ چاودێریی بڵاو ببنەوە، بەڵام دەبێت رەخنەکە بەتەواوی ماقووڵلو لێکۆڵینەوەیی و نەرم و بە قەناعەت بێت، زبر و بیرۆکراتیانە و لە سروشت بەدەر نەبێت.

رێبازی گـۆڕان و دۆگماتیزم دژ بە مارکسیزمن، بێگومان پێویستە مارکسیزم پێشکەوێت، هاوشان لەگەڵ پراکتیزەکردن و ناکرێت بێ جووڵە بوەستێت. دەپووکێتەوە و دەمرێت ئەگەر پەنگخواردوو بێت و کڵێشەیەکی نەگۆڕ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا پڕەنسیپە بنچینەییەکانی مارکسیزم نابێت پێشێل بکرێت، دەنا هەڵە دەکرێت. ئەوە دۆگماتیزمە بەرەو مارکسیزم بچێت لە گۆشەنیگای میتافیزیکییەوە و وەک شتێکی ڕەق و نەگۆڕ دایبنێت. ئەوەش رێبازی گۆڕانە حاشا لەپرەنسیپە بنچینەییەکانی مارکسیزم و ڕاستییە گەردوونییەکانی بکەیت. رێبازی گـۆڕان شێوەیەکە لە شێوەکانی ئایدۆلۆژیی بۆرجوازی. لایەنگرانی رێبازی گۆڕان

نکۆڵیی لە جیاوازییەکانی نێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداری، دیکتاتۆری و پرۆلیتاری، وە دیکتاتۆریەت و بۆرجوازیەت دەکەن. ئەوەی ئەوان بەرگریی لێدەکەن، لە راستیدا هێڵی سۆسیالیستی نییە، بەڵکو هێڵی سەرمایەدارییە. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئێستامان لە بەرەی ئایدۆلۆژیدا ئەوەیە هەڵسەنگاندن و رەخنەی رێبازی گۆڕانخوازیی بخەینە روو.

گۆڕانخوازی، یاخودهەلپەرستی راستڕەو مەیلێکی بۆرجوازی بیرە کە تەنانەت لە دۆگماتیزم مەترسیدارترە. گـۆڕانـخـوازەکـان، هەلپەرستە راسـتـڕەوەکـان پاڵپشتە زارەکییەکانی مارکسیزم، ئەوانیش هێرش دەکەنە سەر «دۆگماتیزم»، بەڵام لە راستیدا ئەوان هێرش دەکەنە سەر ناو کرۆکی مارکسیزم. ئەوان بەرهەڵستی مادەپەرستی و دایەلیکتیک (ژیربێژیی) دەکەن و تێکی دەدەن. هەوڵ دەدەن دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەل و رۆڵی پێشەنگی پارتی کۆمۆنیست تێکدەن و لاواز بکەن و بەرهەڵستی گۆڕان و بنیاتنانەوەی سۆسیالیستیی دەکەن و تێکیدەدەن. دوای سەرکەوتنی سەرەکیی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتەکەماندا هێشتا ژمارەیەک خەڵک هەن کە بێهوودە دەڕواننە گەڕانەوەی سیستمی سەرمایەداریی و دەچن بە گژ چینی کرێکاردا لە هەموو بەرەیەکدا، بە بەرەی ئایدۆلۆژیشەوە. وە پیاوانی دەستە راستیشیان لەم ململانێیەدا گۆڕانخوازەکانە.

## ( 3 )

## سۆسیالیزم و كۆمۆنیزم

كۆمۆنیزم خـۆی لـە خـۆیـدا سیستمێكی كامڵی ئایدۆلۆژی پرۆلیتاریی و سیستمێكی نوێی كۆمەڵایەتیە و جیاوازە لە هەموو جۆرەكانی دیكەی ئایدۆلۆژیا، یان سیستمی كۆمەڵایەتی و تەواوترین و پێشكەوتنخوازترین و شۆڕشگێڕانەترین و عەقڵانیترین سیستمە لە مێژووی مـرۆڤـایـەتـیـدا. سیستمی ئـایـدۆلـۆژی و كۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتیی شوێنەكەی تەنها لە مۆزەخانەی مێژوو دایە، سیستمی ئایدۆلۆژیی و كۆمولایەتی سەرمایەداریش بوووەتە پارچەیەكی مۆزەخانەی مێژوو لە یەک بەشی ئەم جیهانەدا (لە یەكێتی سۆڤیەت)، لەكاتێكدا لە وڵاتانی دیكە بووەتە نموونەیەک بۆ (كەسێک لە گیانەڵاوی خنكاندا، وەک خۆری ئاوابووو لە پشت گردە خۆرئاواییەكانەوە) هێندە نابات فڕێ دەدرێتە مۆزەخانەوە، سیستمی ئایدۆلۆژیی و كۆمەڵایەتی كۆمۆنیست بەتەنیا خۆی پڕە لە گەنجیی و چالاكیی، كە جیهان ڕادەماڵێت بە تین و گوڕی هەرەسی بەفر و هێزی هەورە بروسكە.

سیستمی سۆسیالیستیی لە دواکاتدا جێگەی سیستمی سەرمایەداری دەگرێتەوە ئەمە یاسایەکی سەربەخۆیە، کە بەدەرە لە ئیرادەی مرۆڤ بە هەر توانایەک کۆنەپەرستیان هەوڵ بدەن چەرخی مێژوو بۆ دواوە بەرن، زوو بێت یان درەنگ شۆڕش بەرپا دەبێت و بێگومان سەرکەوتوش دەبێت.

ئێمەی کۆمۆنیست هەرگیز ئێڕوانینە سیاسیەکانمان ناشارینەوە، هیچ گومانی تێدا نییە، ئایندەمان، یاخود بەرنامەی مارکسیمان چین بەرەوپێش دەباتْ بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، هەردوو، ناوی پارتەکەمان و ڕوانگەی جیهانی مارکسیی بێ پێچ و پەنا پەنجە بۆ ئەم نموونە نایابەی دواڕۆژ دەکەن، دواڕۆژێک لە ڕۆشنی و شکۆمەندی.

بەگشتی وەری بگرین، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چین بە رابەریی پارتی کۆمۆنیستْ دوو قۆناغەکە پییڕەو دەکاتْ، بە واتای شۆڕشی دیموکراتی و سۆسیالیستیی، کەلە بنچینەدا دوو پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی جیاوازن. پرۆسەی دووەم دەکرێتْ جێبەجێ بکرێتْ، تەنها ئەوکاتەی یەکەم تەواو دەکرێتْ. شۆڕشە دیموکراسییەکە خۆ ئامادەکردنێکی زەروریە بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیی و شۆڕشی سۆسیالیستی پاشکۆیەکی حەتمی شۆڕشی دیموکراتییە. ئامانجی کۆتایی کە هەموو کۆمۆنیستەکان خەباتی بۆ دەکەن هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیە.

شـۆڕشـی سۆسیالیستی رزگـارکـردنـی هێزەکانی

بەرهەمهێنان دەکاتە ئامانج. گۆڕان لە خاوەندارێتیی تاکەوە بۆ سۆسیالیستی و هەرەوەزیی لە کشتوکاڵ و پیشە دەستییەکاندا و لە خاوەندارێتیی سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیستیی لە پیشەسازیی شەخسی و بازرگانیدا، دەبێت رزگاریی فراوانی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بکاتە ئەرکی خۆی، بەم جۆرە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەخوڵقێنرێن بۆ فراوانکردنی مەزن لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا.

ئێستا ئێمە شۆڕشێک ئەنجام دەدەین، نەک تەنها لەسیستمی کۆمەڵایەتیدا، گۆڕان لە خاوەنییەتی تایبەتەوە بۆ گشتیی، بەڵکو لە تەکنۆلۆژیشدا، لە پیشە دەستیەکانەوە بۆ بەرهەمیهێنانی فراوانی مۆدێرنی میکانیکی، وە ئەو دوو شۆڕشە پێکەوە لکاون. لەبواری کشتوکاڵدا لەو بارودۆخەدا کە وڵاتی ئێمەی تێدایە، پێویستە هاوکارییکردن پێش بەکارهێنانی مەکینەو ئامێری گەورە بێت(لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا کشتوکاڵ بە شێوازێکی سەرمایەدارانە پێشدەکەوێت)، لەبەرئەوە نابێت ئێمە بەهیچ جۆرێک حیسابی پیشەسازیی و کشتوکاڵ، گۆڕان و بە پیشەسازیکردنی سۆشیالیستیی وەک دووشتی جیاواز و تەریک تەماشا بکەینو، ناشبێت بە هیچ جۆرێک جەخت یەکێکیان بکەین و ئەوی دیکە سست و فەرامۆش بکەین.

سیستمە کۆمەڵایەتیە نوێیەکە تازە دامەزراوە و پێویستی بەکاتە بۆ پتەوبوونی، نابێت وادابنرێت کە سیستمە

نوێیەکە بە تەواوی پتەودەکرێت لەو ساتەوەدامەزراوە، چونکە ئەوە مەحاڵە.پێویستە هەنگاو بەهەنگاو پتەوبکرێت بۆ بەدەستهێنانی چەسپاندنی کۆتایی پێویستە، نەک تەنها بەدەستهێنانی بەپیشەسازیکردنی سۆشیالیستیی وڵات و کۆڵنەدان لە شۆڕشی سۆشیالیستیی لە بەرەی ئابوریدا، بەڵکو بەردەوامبووون لەسەر خەباتی قورسی شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستیی و رۆشنبیریی سۆشیالیستیی لە بەرەکانی سیاسیی و ئایدۆلۆژیدا. لەسەرو ئەمانەشەوە، بارودۆخی تەواوکەری نێودەوڵەتیی زیاتر پێویستە.

لە چین خەبات بۆ پتەوکردنی سیستمی سۆشیالیستیی، خەبات بۆ بڕیاردان ئایا سۆشیالیزم یان سەرمایەداریی بـەرقـەرارو سەرکەوتو دەبـێـت.، کاتی مێژویی زیاتر دەخوازێت. بەڵام دەبێت هەمووومان بزانین کە سیستمی نوێی سۆشیالیزم بێگومان دەچەسپێت و پتەو دەبێت. دەتوانین بە متماناوە دەوڵەتێکی سۆشیالیستیی دروستبکەین بە پیشەسازیی نوێباو وکشتوکاڵ و زانست و رۆشنبیریی نوێباوەوە.

ژمارەی ئەو رۆشنبیرانەی دوژمنایەتی دەوڵەتەکەمان دەکەن زۆر کەمە. رقیان لە دەوڵەتەکەمانە، بەواتایەکی دیکە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و باس و چیرۆکی کۆمەڵگەی کۆن، هەر کات دەرفەت هەبێت، گرفتێک دەوروژێنن و هەوڵدەدەن پارتی کۆمۆنیست بروخێنن و (چین)ی کۆن بگەڕێننەوە.لەنێوان رێبازی پرۆلیتاریاو بۆرژوازیی،

لەنێوان ڕێبازی سۆشیالیستی و سەرمایەداریدا، کەللە ڕەقانە ئەوەی دووەم هەڵدەبژێرن.لە ڕاستیدا ئەم ڕێبازە مەحاڵە و لەڕاستیشدا ئامادەن خۆیان بەدەستی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتیی و سەرمایەداریی بیرۆکراتەوە بدەن. ئەو جۆرە کەسانە لە ناوەندە سیاسیی و پیشەسازیی، بازرگانیی، کلتوریی و ڕۆشنبیریی، زانستیی و تەکنەلۆژیی و ئایینییەکاندا هەن و دەبینرێن‌و، ئێجگار کۆنەپەرستن.

کێشە جدیەکە ڕۆشنبیریی جوتیارانە.ئابوریی جوتیارو لادێ پەرش و بڵاوە و بەکۆمەڵگەکردنی کشتوکاڵ، کە بە ئەزمونی یەکێتی سۆڤیەت هەڵبەسەنگێنرێت، کاتی زۆر و کاری گرانی دەوێت.بەبێ بەکۆمەڵگەکردنی کشتوکاڵ، ناگەینە ئەنجامی تەواوکردنی سۆشیالیزمی پتەو.

پێویستە ئێمە متمانامان هەبێت، یەکەمینجار، کە جەماوەری جوتیاران خوازیارن، هەنگاوبەهەنگاو بچنە سەر ڕێگای سۆشیالیزم لەژێر فەرماندەیی حیزبدا، دووەم، حیزب توانای ڕابەریی جوتیارانی لەسەرئەم ڕێگەیە هەیە. ئەم دووخاڵە کرۆکی مەسەلەکەیە، ڕەوتی سەرەکیی.

دەستەکانی سەرکردە لە کۆمەڵە هەرەوەزیەکاندا پێویستەپێگەی باڵادەستیی جوتیارە هەژارەکان‌و، جوتیارە نوێیەکانی ناوەندی خوارو لەم دەستانەدا، لەگەڵ جوتیارە کۆنەکانی ناوەندی خوارو، وەک هێزێکی پاشکۆ، بچەسپێنن.تەنها بەوشێوەیە دەتوانرێت یەکێتی نێوان جوتیارە هەژارەکان و ناوەندەکان بەدەست بهێنرێت

و کۆمەڵە هـەرەوەزیـەکـان پتەو و چەسپاو بکرێت، بەرهەمهێنان فراوان بکرێت و گۆڕانکاریە سۆشیالیستیەکان لەسەرتاسەری لادێکاندا بە شێوەیەکی دروست بەدەست بهێنرێت، بەگوێرەی ڕێبازی حیزب. ئەگەر نا، یەکێتی نێوان جوتیارانی هەژارو جوتیارانی ناوەند دا بەدەست ناهێنرێت، بەرهەمهێنان فـراوان ناکرێت، کۆمەڵە هەرەوەزیەکان پتەوناکرێن و گۆڕانە سۆشیالیستیەکان لە هەموو وڵاتدا ناهێنرێنە دی.

زۆر گرنگە لەگەڵ جوتیارانی ناوەند دا یەکبگرین و ئەگەر ئەوە نەکەین هەڵەیە، بەڵام ئایا دەبێت چینی کرێکار و پارتی کۆمۆنیست پشت بە کێ ببەستێت لە لادێکاندا بۆ ئەوەی یەک بگرن لەگەڵ جوووتیارانی ناوەند دا و گۆڕانی سۆشیالیستیی لە هەموو وڵاتدا بهێننەدی؟ ئەوەبووو مەسەلەکە، کاتێک خەبات دژی دەرەبەگەکان دەستپێکرد و چاکسازیی خاک و زەوی جێبەجێکرا، ئەمڕۆش مەسەلەکە ئەوەیە، کە خەبات دژی جوتیارە دەوڵەمەندەکان و تاکە سەرمایەدارەکانی دیکە دەستپێکردوە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی سۆشیالیستیی لە کشتوکاڵدا. لە هـەردوو مـاوە شۆڕشگێڕانەکەدا، جوتیارانی ناوەند لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا ڕاڕا و دوو دڵ بووون، ئەوان تەنها دوای ئەوەی بە ڕوونیی چاویان دەکەوێت بە مەیلی گشتیی ڕووداوەکـان و سەرکەوتنی نزیکی شۆڕشەکە، دێنە نا و شۆڕشەکەو دەبنە لایەنگیری ئەو شۆڕشە.پێویستە جوتیارە

هەژارەکان هەوڵ لەگەڵ جوتیارە ناوەندەکاندا بدەن و بۆلای خۆیان رایانبکێشن، بۆئەوەی شۆڕشەکە فراوان بێت ناوەکو سەرکەوتنی کۆتایی.

لەنێوان جوتیارە دەستڕوشتو و دەوڵەمەندەکاندا حەزو مەیلێکی جدی هەیە بۆ سەرمایەداریی. ئەم میلە تەشەنەدەکات ئەگەر ئێمە بەئاسنەمیش کاری سیاسیی لە ناو جوتیاراندا بخەینە پشتگوێ لەکاتی بزوتنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزیەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژ دوای ئەوە.هەر لە سەرەتاوە بزوتنەوەی هەرەوەزیە کشتوکاڵیەکان خەباتێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی سەخت بووەوە.هیچ کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیی بەبێ تێپەڕبوون بەو خەباتەدا دانامزرێت. پێش ئەوەی سیستمێکی سۆشیالیستیی نوێ دروستبکرێت پێویستە کۆنەکە نەهێڵرێت و پاکبکرێتەوە. پاشماوەی بیرە کۆنەکان کە رەنگدانەوەی سیستمە کۆنەکەبێت، لە مێشکی خەڵکدا بۆماوەیەکی درێژ دەمێنێنەوە و بەئاسانیی رێگە چۆڵ ناکەن. دوای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیی، دەبێت بە ململانێی زۆر زیاتردا تێپەڕێت پێش ئەوەی بتوانرێت پتەوبکرێت، تەنانەت ئەو کاتەش، ئەوکاتەی هەوڵەکانی خاو دەکاتەوە لەوانەیە داڕمێت.

هێزە خۆکردەکانی سەرمایەداریی لەم ساڵانی دواییەدا بەردەوام زیادیکردوە و گوندنشینی دەوڵەمەنیش لە هەموو شوێنێک پەیدابووەوە.زۆریش لەگوندنشینە ناوەندەکان هەوڵدەدەن ببنە دەوڵەمەند، لەلایەکی دیکەوە گەلێک لە

جوتیارە هەژارەکان هێشتا لە نەبووونیدا دەژین بەهۆی نەبووونی کەرەسەی بەرهەمهێنان، هەندێکیش قەرزدارن و هەندێکیشیان زەویەکانیان بەکرێدەدەن یان دەیانفرۆشن، ئەگەر ئەم حاڵەتە چاودێریی نەکرێت، جەمسەرگیریی لە لادێکاندا ناچار رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبێت. ئەو جوتیارانەی زەویەکانیان لەدەستدەدەن، ئەوانەش بە هەژاریی دەمێننەوە، گلەیی ئەوە دەکەن کە ئێمە هیچ ناکەین بۆ رزگارکردنیان لە فەوتاندن یان یارمەتیدانیان بۆ سەرکەوتن بەسەر گرفتەکانیاندا. جوتیارە خۆشگورەرانە ناوەندەکانیش کە مل بەرەو سەرمایەداریی دەنێن، بە ئێمە خۆشحاڵ نابن، چونکە هەرگیز ئێمە ناتوانین داواکاریەکانیان رازیبکەین تاوەکو نیازمان لەسەر پەیڕەوکردنی رێبازی سەرمایەداریی نەبێت. ئایا هاوپەیمانیی گوندنشینە کرێکارەکان دەتوانێت خۆی ڕابگرێت و پتەو بێت لەم بارودۆخانەدا؟ بێگومان، نەخێر.ئەم کێشەیە چارەسەری نییە لەسەر بنەمای تازە نەبێت. ئەوەش مانای جێبەجێکردنی، هەنگاو بە هەنگاوی، گۆڕانە سۆشیالیستیەکانی هەموو کشتوکاڵ لە هەمانکاتدا لەگەڵ ئەنجامدانی یەک لەدوای یەکی بەپیشەسازیکردنە سۆشیالیستیەکانی پیشە دەستیەکان وپیشەسازیی سەرمایەداریی و بازرگانیی، بەواتایەکی دیکە ئەنجامدانی هاوکاریی و نەهێشتنی ئابوریی جوتیاری دەوڵەمەند و ئابوریی تاک لە لادێکاندا بۆ ئەوەی هەموو دانیشتوانی لادێ پێکەوە گوزەرانیان چاکتربێت. ئێمە

دووپاتی دەکەینەوە کە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ پتەوکردنی هاوپەیمانیی جوتیارە کرێکارەکان.

مەبەستمان لە پلاندانانی سەرتاسەریی پلان دانانێکە کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی (600)ملیۆن کەسی وڵاتەکەمان بکات. لە دانانی پلاندا کاروبار بەڕێوەبردن، یاخود هەڵسەنگاندنی کێشەکاندا، پێویستە لەو ڕاستیەوە دەستپێبکەین کە (چین) (600)ملیۆن دانیشتوانی هەیە و ناشبێت ئێمە هەرگیز ئەم ڕاستیە لە یاد بکەین.

لە پاڵ سەرکردایەتی پارتەکەدا، فاکتەری یەکلاکەرەوە بریتیە لە (600)ملیۆن دانیشتوانەکەمان، خەڵکی زۆر بەمانای هەوێنی زیاتری بیرۆکەکان، گڕوکفی زیاتر و وزەی زیاتر پێشتر هەرگیز جەماوەری خەلک وەک ئێستا هێندە بزۆز و جەنگاوەرو بوێر نەبووون.

بەدەر لە خاسیەتەکانی دیکە، ئەو شتەی بەرچاوبوووە سەبارەت بە (600)ملیۆن کەسەکەی گەلی چین ئەوەیە کە ( هەژار و مردو) بووون. ڕەنگە ئەمە شتێکی خراپ دیار بێت، بەڵام لە راستیدا شتێکی باشە. هەژاریی ئارەزووی گۆررین، ئارەزووی کارکردن و ئارەزووی شۆڕش بەرپاکردن بەرز دەکاتەوە. لەسەر لاپەڕیەکی بەتاڵ کە هیچ نیشانەیەکی لەسەر نەبێت، دەتوانرێت جوانترین کەسایەتیی و جوانترین وێنەی لەسەر بکێشرێت.

دوای سەرکەوتنە سەرتاسەریەکەی شۆڕشی چین و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی، هێشتا دوو ناچوونییەکیی

سەرەکیی لە (چین) دا ماوە. یەکەمیان ناخۆییەکەمانو ناچوونییەکیی نێوان چینی کرێکار و بۆرژوازیدایە. دووەم دەرەکیە، کە ئەوەش ناچوونییەکیی نێوان چین و وڵاتە ئیمپریالیستەکانە.

لە ئەنجامدا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشە دیموکراتیەکەی گەل، هێزو دەسەڵاتی کۆماری گەل لەژێر فەرماندەیی چینی کرێکاردا نابێت لاواز بکرێت، بەڵکو پێویستە بەهێز بکرێت.

«ئایا ئێوە دەتانەوێت دەسەڵاتی دەوڵەت نەمێنێت و لاببرێت ؟»

بەڵێ دەمانەوێت، بەڵام لە ئێستادا نا، ناتوانین هێشتا ئەوە بکەین.

بۆچی؟ چونکە هێشتا ئیمپریالیزم بووونی هەیە، چونکە لە وڵاتەکەماندا چین و توێژەکان هێشتا بووونیان هەیە. ئەرکی ئێستامان برینیە لە بەهێزکردنی دەزگاکانی دەوڵەتی گەل- بەتایبەتی سوپای گەل، پۆلیسی گەل و دادگاکانی گەل-بۆ ئەوەی بەرگریی نەتەوەیی پتەو بکەین و بەرژەوەندیەکانی گەل بپارێزین.

دەوڵەتەکەمان دیکتاتۆریەتێکی دیموکراتییە کە چینی کرێکار سەرکردایەتی دەکات و لەسەر بناغەی هاوپەیمانیی کرێکار-جوتیار دامەزرێنراوە. ئایا ئەم دیکتاتۆریەتە بۆ چ مەبەستێکە؟ کاری یەکەمی سەرکوتکردنی چینی کۆنەپەرست و پیاوەکانییەتیو، سودخوازەکانی وڵاتەکەمان کە بەرهەڵستیی

شۆڕشە سۆسیالیستیەکەمان دەکەن، سەرکوتکردنی ئەوانەی هەوڵدەدەن بوونیادە سۆشیالیستیەکەمان تێکبشکێنن، بەواتایەکی دیکە بەلاداخستن و چارەسەرکردنی ناچوونییەکە ناوخۆییەکان لە نێوان خۆمان و دوژمندا.

بۆ نمونە، دەستگیرکردن و دادگاییکردن و سزادانی ئەوانەی دژ بە شۆڕشن، لێسەندنەوەی مافی دەنگدان و ئازادیی رادەربڕین ئازادیەکانیان لەوانەی دەرەبەگ و سەرمایەداری بیرۆکراتن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو- هەموو ئەمانە دەکەونە مەودای دیکتاتۆیەتەکەمان. بۆ پارێزگاریکردنی نیزامی گشتیی و پاراستنی بەرژوەندیەکانی گەل، هەروەها پێویستە دیکتاتۆریەت لەدژی پارە-دزەکان، دەستبڕەکان، ئاگرتێبەردەرەکان، پیاو کوژەکان تاقمە تاوانبارەکان و ناکەس بەچەکانی دیکە، ئەوانە ی بە شێوەیەکی ترسناک نیزامی گشتی پەکدەخەن، پەیڕەو بکرێت.

کاری دووەمی ئەم دیکتاتۆریەتە پارێزگاریکردنی وڵاتەکەمانە لە تێکدان و رووخاندن و ئەگەری دەستدرێژیی دوژمنانی دەرەکیە. لەو حاڵەتەدا، ئەرکی ئەم دیکتاتۆریەتەیە چارەسەری ناچوونییەکە دەرەکیەکانی نێوان خۆمان و دوژمندا بکات. ئامانجی ئەم دیکتاتۆریەتە پارێزگاریکردنی گشت میللەتەکەمانە، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئیشو کاری ئاشتیان و بیناکردنی چین بەرەو وڵاتێکی سۆشیالیست بە پیشەسازیەک و کشتوکاڵێک و زانستێک و

کلتورێکی نوێیاوەوە.

دیکتاتۆریەتی دیموکراتیی گەل پێویستی بە سەرکردایەتی چینی کرێکارە، چونکە تاکە چینێکە کە دوربینە، خۆنەویستە و لەهەموو روویەکەوە شۆڕشگێڕانەیە.تەواوی مێژووی شۆڕش دەیسەلمێنێت کە بەبێ رابەریی چینی کرێکار شۆڕش شکستدێنێت و بە رابەریی ئەو چینە شۆڕش سەرکەوتن بەدەستدێنێت.

دیکتاتۆریەتی دیموکراتیی گەل دروستبوووە لەسەر بناغەی هاوپەیمانیی چینی کرێکار و بۆرژوازیی شارنشین و بەشێوەیەکی سەرەکیش لەسەر هاوپەیمانیی کرێکاران و گوندنشینان، چونکە ئەم دوو چینە لەسەدا (80–90)ی دانیشتوانی چین پێکدێنن. ئەم دوو چینە هێزی سەرەکیین لە روخاندنی ئیمپریالیزم و « کیومینتانە «کۆنەپەرستەکان. گۆڕان لە «دیموکراسیی نوێ»وە بۆ سۆشیالیزم، هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکیی بەندە لەسەر هاوپەیمانیی و یەکگرتنی ئەوان.

خەباتی چینایەتیی، خەبات بۆ بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوەی زانستیی، ئەو سێ بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەن بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی بەهێزی سۆشیالستیی. ئەم بزوتنەوانە زەمانەتێکی مسۆگەرن کە کۆمۆنیستەکان دووردەبن لە بیرۆکراسیی و پارێزراودەبن دژی رێبازی گۆڕان(راستکردنەوە) و دۆگماتیزم، هەتا هەتایە بە نەبەزیی دەمێننەوە.ئەوانە گەرەنتیی بەمتمانان کە

پرۆلیتاریەت بتوانێت یەکبگرێت، لەگەڵ جەماوەری زۆری زەحمەتکێش و دیکتاتۆریەتی دیموکراتیی بەدەستبهێنن. ئەگەر ئەم بزوتنەوانە نەبووو، دەرەبەگەکان و لادێییە دەوڵەمەندەکان و دژەکانی شـۆڕش. کەسانی خراپ و بەدخووەکان ڕێگایان بدرێت بە سنگەخشکێ بچنەدەرەوە، لەکاتێکدا کە کادیرەکانمان چاو لەهەموو ئەمانە بنوقێنن و لەزۆر حاڵەتیشدا نەتوانن خۆمان و دوژمنان لەیەک جیابکەنەوە بچن هاوکارییان بکەن و گەندەڵ بن، پەرت و بێورەبکرین لەلایەن ئەوانەوە، ئەگەر کادیرەکانمان بەم شێوەیە بکشێنەوە و دوژمن بتوانێت دزەبکاتە ناوەوە، ئەگەر زۆر لە کرێکارەکانمان، لادێنشینەکان و رۆشنبیرانمان بێ دیفاع مانەوە بەرامبەر بە تاکتیکە نەرم و توندەکانی دوژمن، ئەوا زۆرناباث، رەنگە چەند ساڵک یان ئەوپەڕی چەند دەهەیەک، دروستبووونەوەی دۆخی دژەشـۆڕش لەسەرتاسەری وڵاتدا بێگومان ڕوودەداث، پارتە مارکسیی-لینینییەکە بێگومان دەبێتە پارتێکی «گۆڕان» یان پارتێکی فاشیستو، سەرجەمی چین رەنگی خۆی دەگۆڕێت.

دیکتاتۆریەتی دیموکراتیی گەل دوو شێواز بەکاردێنێت. بەرامبەر دوژمن شێوازی دیکتاتۆریی بەکاردێنێت، بەمانای، بۆ ئەو ماوەیەی پێویست بێت بوواریان ناداث بەشداریی چالاکیە سیاسیەکان بکەن و ناچاریان دەکـەن ملکەچی یاساکانی حکومەتی گەل بن و خەریکی کارکردن بن و، لە ڕێگەی کارکردنەوە، دەگۆڕدرێن بۆ کەسانی نوێ. بەرامبەر

بە گەل، بە پێچەوانەوە، شێوازی نەک زۆرلێکردن، بەڵکو دیموکراسیی بەکار دەهێنێت، بەمانا، پێویستە ڕێگەیان بدات لە چالاکیە سیاسیەکاندا بەشداریی بکەن و زۆریان لێناکات ئەمە یان ئەوە بکەن، بەڵکو شێوازی دیموکراسیی بەکاردەهێنێت لە فێرکردنیان و قەناعەتپێکردنیاندا.

لە ژێر سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستدا و گەلی چین بزوتنەوەیەکی «ڕاستکردنەوە»ی بەهێز ئەنجامدەدات، لەپێناو بەدیهێنانی گەشەکردنی خێرای سۆشیالیزم لە چین دا لەسەر بناغەی پتەوتر. ئەوە بزوتنەوەیەکە بۆ جێبەجێکردنی مشتومڕێکی سەرتاسەریی لە وڵاتـدا کە ئازادیشەو بە ڕێنماییشە، مشتومڕێک لە شارو لە لادێ لەسەر پرسی وەک ڕێبازی سۆشیالیستیی بەرامبەر ڕێبازیی سەرمایەداریی، سیستمی بنچیینەیی دەوڵەت و سیاسەتە سەرەکیەکانی، شێوازی کارکردنی فەرمانبەرانی حیزب و حکومەت، وە پرسی خۆشگوزەرانیی خەڵک، مشتومرێک کە جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕاستیەکان و لێکدانەوەی شتەکان، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروسـت ئـەو ناچوونییەکە واقیعیانەی نـاو خەڵک چارەسەر بکرێن، کە پێویستی بەچارەسەری بەپەلە هەیە. ئەمە بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستیە بۆ خۆرۆشنبیرکردن و خۆدارشتنەوەی جەماوەر.

لە کاری بیناکردندا گرانترین ئەرکمان لە پێشەوەیە، هەرچەندە لە پارتەکەماندا پتر لە (10) ملیۆن ئەندام هەیە،

بەڵام هێشتا کەمینییەکی بچووک پێکدێنن لە دانیشتوانی وڵات، لە بەشەکانی دەوڵـەت و رێکخراوە گشتیەکان و پرۆژەکاندا، پێویستە کاری زۆر لەلایەن کەسانی دەرەوەی حزب بکرێت. مەحاڵە ئەم کارە بەچاکیی بکرێت ئەگەر پشت بە جەماوەر نەبەستین و هاوکاریی کەسانی غەیر-حزبیی نەکەین. لە کاتێکدا بەردەوامین لە پتەوکردنی یەکێتی تەواوی پارتەکەمان، پێویستیشە بەردەوامبین لە پتەوکردنی یەکێتی هەموو نەتەوەکان، چینە دیموکراتیەکان، پارتە دیموکراتیەکان و رێکخراوە جەماوەریەکانو، لە پشتگیریکردن و فراوانکردنی بـەرەی یەکگرتووی دیموکراتیی میللەت، هەروەها پێویستە بە ویژدانانە هەموو دەرکەوتنێکی نادروست، لە هەر جومگەیەکی کارەکانماندا هەیە و زیانبەخشە بۆ یەکێتی نێوان حزب و میللەت، لەناوبەرین.

( 4 )

## مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ ناچوونییەکانی ناو میللەت

ئێمە رووبەڕووی دووجۆر ناچوونییەکیی کۆمەڵایەتیی دەبینەوە—ئەوانەی خۆمان و دوژمن و ئەوانەی ناو میللەت خۆیان. ئەم دووە لە سروشتیاندا زۆر جیاوازن.

بۆ تێگەیشتنی ئەم دوو جۆرە جیاوازە ناچوونییەکە بە شێوەیەکی راست، پێویستە روون و ئاشکرابین سەبارەت بە واتای «میللەت» و واتای «دوژمن»........

لە قۆناغی ئێستادا، ماوەی دامەزراندنی سۆشیالیزم، چینەکان، توێژەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان کە حەز بە پشتگیریی و کار دەکەن بۆ ئامانجی بیناکردنی سۆشیالیزم هەموو دەکەونە چینی میللەتەوە، لەکاتێکدا هێزە کۆمەڵایەتیەکان و گروپەکان کە بەرهەڵستیی شۆڕشی سۆشیالیستیی دەکەن و ناحەزن بەرامبەر بە بیناکردنی سۆشیالیستیی، هەموو ئەوانە دوژمنی گەلن.

لەو هەلومەرجانەدا کە لە چین بڵاوە ئەمڕۆ، ناچوونییەکی نێوان میللەت ناچوونییەکی نێوان چینی کرێکار پێکدێنێت، ناچوونییەکیی نێوان گوندنشینەکان ناچوونییەکیی

نێوان چینی رۆشنبیر، ناچوونییەکیی نێوان چینی کرێکار و گوندنشینەکان، ناچوونییەکیی نێوان کرێکاران و گوندنشینان لەلایەک و رۆشنبیران لە لایەکی دیکە، ناچوونییەکی نێوان چینی کرێکارو کەرتەکانی دیکەی خەڵکی زەحمەتکێش لە لایەک و بۆرژوازیی نەتەوەیی لەلایەکی دیکەو ناچوونییەکیی نیوان بۆرژوازیی نەتەوەی،..... هتد. حکومەتی گەلەکەمان یەکێکە کە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی خەڵکە، حکومەتێکە کە خزمەتی خەڵک دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ناچوونییەکیی تایبەت هەیە لە نێوان حکومەت و میللەتدا. ئەمانە ناچوونییەکیی نێوان بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت، بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵە هەرەوەزیەکان و بەرژەوەندیی تاک، نێوان دیموکراسیی و مەرکەزیەت، نێوان سەرکردایەتی و کۆمەڵ، ئەو ناچوونییەکیانەی لە شێوازی بیرۆکراتیی کارکردن و هەندێک کارمەندانی تایبەت بەحکومەت لە پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ جەماوەر، سەرهەڵدەدات. ئەمانەش هەمووی ناچوونییەکیە لەناو خەڵکدا. بەگشتیی بڵێین، پێناسی بنچینەیی بەرژەوەندیەکانی گەل دەکەوێتە بناغەی ناچوونییەکیەکانی نێوان گەلە وناچوونییەکیەکانی نێوان خۆمان و دوژمن بریتین لە ناچوونییەکیی ناحەزانە و دوژمنایەتیی. لەناو ریزەکانی گەلدا، ناچوونییەکیەکانی نێوان خەڵکی زەحمەتکێش ناحەزانە نین، لەکاتێکدا ئەوانەی نێوان چینە چەوسێنراوەکان و چەوسێنەرەکان رواڵەتێکی نادوژمنانەی هەیە لەگەڵ رواڵەتێکی ناحەزانەدا.

له ژیانی سیاسی گەلەکەماندا، ئایا چۆن راست له هەڵە جیا دەکرێنەوە له وتـەو کردارەکانی کەسێکدا؟ لەسەر بنەماکانی پرەنسیپەکانی دەستورەکەمان، ئیرادەی زوربەی زۆری گەلەکەمان و پێگە سیاسیە گشتیەکان که له زۆر بۆنەدا جای بۆدراوە لەلایەن پارتە سیاسیەکانمان و گروپەکانەوە، دەتوانین ئەوانە دابنێین، کەبە فراوانتر بڵێین، پێوەرەکان دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(1)دەبێت وتەو کردەوە یارمەتیدەر بێت بۆ یەکگرتن، نەک پەرتکردن، خەڵکانی رەگەزە جۆراو جۆرەکان.

(2)دەبێت سودبەخشبن نەک زیانبەخش، بۆ گۆڕانە سۆشیالیستیەکەو بیناکردنی سۆشیالیستیی.

(3)پێویستە یـارمـەتـیـدەری پـتـەوکـردن بـن، نەک دیکتاتۆریەتی دیموکراتیی گەل لەباربەرن یان لاواز بکەن.

(4)پێویستە یارمەتیدەر بن بۆ یەکگرتن وپتەوکردن، نەک لاوازکردن یان لەباربردنی مەرکەزیەتی دیموکراتیی.

(5) دەبێت یارمەتیدەربن بۆ بەهێزکردن، نەک پەرتکردن و لاوازکردنی سەرۆکایەتیی پارتی کۆمۆنیست.

(6) پێویستە بەسود بن نەک زیانبەخش، بۆ یەکێتیی سۆشیالیستیی نێودەوڵەتیی و یەکێتیی گەلانی ئاشتیخوازی جیهان.

لەم شەش پێوەرە، گرنگترینەکانی رێبازی سۆشیالیستیی و سەرکردایەتیی حزبە.

مەسەلەی سەرکوتکردنی دژە-شۆڕشەکان یەکێکە له

ململانێکانی نێوان ئێمەو دوژمن، ناچوونییەکیەک لە نێوان خۆمان و دوژمندا. لەناو میللەتدا کەسانێک هەن ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی دیکە دەبینن، دوو جۆر کەس بۆچوونەکانیان لەگەڵ ئـەوەی ئێمە جیاوازە. ئەوانەی بیرکردنەوەی راستڕەویان هەیە جیاوازیی ناکەن لەنێوان خۆمان و دوژمندا و دوژمن بە میللەتی خۆمان دادەنێن. ئەوانە ئەو کەسانە بەدۆست دادەنێن کە جەماوەرە فراوانەکە بەدوژمنیان دادەنێن، ئەوانەی بیرکردنەوەی «چەپ»یان هەیە ناچوونییەکیەکانی نێوان ئێمەو دوژمن بەجۆرێک گەورە دەکەن کە هەندێک ناچوونییەکی ناو خەڵک وەک ناچوونییەکیەکانی ناو دوژمن حیساب دەکەن و وەک کەسانی دژە-شۆڕش دایان دەنێن، کە لە راستیدا دژە-شۆڕش نین. هەردوو تێڕوانینەکە هەڵەیە. هیچیان نابنە هۆکار بۆ مامەڵەکردنی دروستی مەسەلەی سەرکوتکردنی دژە-شۆڕشەکان یاخود ڕاستکردنەوەی هەڵسەنگاندنی ئەم کارە.

جیاوازیە (ناچوونییەکیەکان) چۆنایەتیەکان تەنها لە رێگای شێوازە چۆنایەتیە جیاوازەکانەوە چارەسەر دەکرێن، جیاوازیەکانی نێوان پرۆلیتاریاو بـۆرژوازی بە شێوازی شۆڕشی سۆشیالیستیی چارەسەر دەکرێن، جیاوازیی نێوان جەماوەری فراوانی میللەت و سیستمی دەرەبەگایەتیی بە شێوازی شۆڕشی دیموکراتیی چارەسەر دەکرێت، جیاوازیی نێوان وڵاتـە ژێردەستەکان و ئیمپریالیزم بە شێوازی

جەنگی شۆڕشگێڕانەی نەتەوایەتیی چارەسەر دەکرێت، جیاوازیی نێوان چینی کرێکار و چینی گوندنشین لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستییدا بە شێوازی بەهەرەوەزیکردن و مەکینەبەکارهێنان لە کشتوکاڵدا چارەسەر دەکرێت، جیاوازیەکانی ناو پارتی کۆمۆنیست بە شێوازی رەخنەو رەخنەلەخۆگرتن چارەسەر دەکرێت، جیاوازیەکانی نێوان کۆمەڵگەو سروشت بە شێوازی پەرەپێدانی هێزە بەرهەمهێنەکان چارەسەر دەکرێن...... پرەنسیپی بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر بۆ چارەسەری جیاوازیە جۆراوجۆرەکان یەکێکە کە دەبێت مارکسی لینینییەکان بە توندیی چاودێریی بکەن.

لەبەرئەوەی جیاوازیەکانی نێوان خۆمان و دوژمن و نێوان میللەت لە سروشتدا جیاوازن، پێویستە بە شێوازە جیا جیاکان چارەسەر بکرێن. بە کورتیی، ئەوانەی پێشەوە مەسەلەی ئامادەکردنی جیاکردنەوەیەکی روونە لەنێوان خۆمان و دوژمندا، ئەوەی دوایش مەسەلەی ئامادەکردنی جیاکردنەوەیەکی روونە لەنێوان راست و هەڵەدا. بێگومان راستە، کە جیاکردنەوە لە نێوان خۆمان و دوژمندا مەسەلەی راست و هەڵەیە. بۆ نمونە مەسەلەی ئەوەی کێ راستە، ئێمە کە ناوخۆین و کۆنەپەرستە بیانییەکان، ئیمپریالیستەکان، دەرەبەگەکان و سەرمایەدارە بیرۆکراتەکانیش، هەروەها مەسەلەی راست و هەڵەیە، هەرچەندە لە جۆرێکی جیاوازە لە پرسەکانی راست و هەڵە لەناو میللەتدا.

تاکە ڕێگا بۆ بەلاداخستنی پرسەکان کە سروشتێکی ئایدۆلۆژییان هەیە یان مەسەلەکان کە مایەی مشتومڕن لەناو خەڵکدا، بە شێوازی دیموکراتیە، بە شێوازی ڕەخنەگرتن، بە شێوازیی قەناعەتپێکردن و فێرکردن، نەک بە شێوازی سەرکوتکردن یان زۆرلێکردن.

میللەت، بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە بەرهەمهێنانەکەیان و لێکۆڵینەوەکانیاندا بەشێوەیەکی کاریگەرو، ژیانیان بە ڕێوپێکی ڕێکبخەن، دەیانەوێت حکومەتەکەیان ئەوانەی لێپرسراون لە بەرهەمهێنان ڕێکخراوە کلتوریی و ڕۆشنبیریەکان فرمانی گونجاو دەربکەن کە سروشتی ئیلزامیی هەبێت، ئەوە سەلیقەیە کە مانەوەو بەردەوامبوونی فرمانێکی گشتیی مەحاڵ بێت بەبێ ئەو جۆرە ڕێسا ئیداریانە. فرمانە ئیداریەکان و شێوازی قەناعەتپێکردن و فێرکردن یەکتر تەواو دەکەن لە چارەسەرکردنی جیاوازیەکان لەناو میللەتد، تەنانەت ڕێسا ئیداریەکان بۆ بەردەوامبوونی فرمانی گشتیی پێویستە قەناعەت و فێرکردنی لە گەڵدا بێت، چونکە لە زۆر حاڵەتدا ڕێسا بە تەنها کار ناکات.

بێگومان چینی بۆرژوازیی و نیمچە بۆرژوازیی تێڕوانینی خۆیان دەربارەی ئایدۆلۆژیەکانی خۆیان دەردەبڕن. بێگومان شێلگیرانە ڕاو بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسە ئایدۆلۆژیی و سیاسیەکان دەردەبڕن بەهەر ڕێگەیەک لە توانایاندا بێت. نابێت شێوازی سەرکوتکردن بەکاربهێنین و ڕێگەیان نەدەین

بۆچوونی خۆیان دەرببڕن، بەڵکو دەبێت ڕێگەیان بدەین ئەوە بکەن و لە هەمان کاتیشدا مشتومڕیان لەگەڵدا بکەین و رەخنەی گونجاویان ئاڕاستە بکەین. بێگومان پێویستە ئێمە رەخنە لە بیرو بۆچوونی هەڵە بگرین بەهەر وەسفێک بێت. بێگومان راست نییە ئەگەر خۆمان ڕابگرین و رەخنە نەگرین، تەماشاکەر بین لە کاتێکدا بیروڕای هەڵە بێ چاودێریی بڵاو ببێنەوە و ڕێگەیان بدەین گۆڕەپانەکە بۆخۆیان بەکاربهێنن. پێویستە هەڵەکان رەخنەیان لێبگیرێت و گیاکەڵەکانیش ریشەکێش بکرێن لەهەر کوێیەک سەردەربهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە رەخنەیە نابێت دۆگماتیکی بێت و ناشبێت شێوازیی میتافیزیکی بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەبێت هەوڵ بدرێت شێوازی دیالێکتیکی(لێکۆڵینەوەیی) بەکاربهێنرێت. ئەوەی پێویستە شیتەڵکردنێکی زانستیی و مشتومڕی قەناعەتپێکردنە.

پێویستە کەموکووڕیەکانی خەڵک بخرێنە بەر ڕەخنە، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی ئەوەدا، پێویستە ئێمە بەڕاستیی لەگەڵ خەڵکەکەدابین و لە رووی پەرۆشیەوە قسە بکەین بۆ ئەوەی بیانپارێزین و رۆشنبیریان بکەین. مامەڵەکردنی هەڤاڵان وەک دوژمن، بەمانای چوونە ناو بەرەی دوژمنەوەیە.

ناچوونییەکیی و ململانێ شتێکی گەردونیی و حەتمیە، بەڵام شێوازەکانی چارەسەرکردنیان، واتە، چۆنێتیی ململانێکە، جیاوازە بە گوێرەی جیاوازیەکانی سروشتی ئەو

ناچوونییەکیانە. هەندێک لەوانە سیفەتی دوژمنکاریان هەیە، ئەوانی دیکە نیانە. بەگوێرەی بەرەوپێشچوونی شتەکان، هەندێک لەو جیاوازیانە کە لە سەرەتادا دوژمنکارانە نەبوون، دەگۆڕێن بۆ دوژمنکاریی، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە کە لە بناغەدا دوژمنکارانە بوون دەگۆررێن بۆ دۆستانە.

لەبارودۆخی ئاسایدا، ناچوونییەکیەکانی ناو میللەت دوژمنکارانە نین. بـەڵام ئەگەر بەرێکوپێکی مامەڵە نەکرێن، یان ئەگەر ئێمە سەرنج و هووشیاریمان سست بێت و چاودیریکردنمان کەم بێت، لەوانەیە دوژمنایەتی سەرهەڵبدات و تەشەنە بکات. لە وڵاتێکی سۆسشیالیستیدا گوڕانی لەم جۆرە تەنها دیاردەیەکی ناوچەیی و کاتیە. هۆکارەکە ئەوەیە کە سیستمی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە هەڵگیراوەو نەماوە و بەرژەوەندیەکانی میللەت لەبناغەدا یەکن.

لە وڵاتـی ئێمەدا، ناچوونییەکیەکانی نێوان چینی کرێکار و چینی بۆرژوازیی نەتەوەیی سەر بە کۆمەڵی ناچوونییەکیەکانی میللەتە. خەباتی چینایەتیی نێوان ئەو دووانە خەباتی چینایەتیی ناو ریزەکانی میللەتە، چونکە چینی بۆرژوازی نەتەوەیی دوو سیفەتی هەیە. لەماوەی شۆڕشی دیموکراتیی-بۆرژوازیدا، سیفەتی لایەنی شۆڕشگێڕیی و دڵنەواییکردنیشی هەبووە. لەماوەی شۆڕشی سۆشیالیستیدا بەکارهێنانی چینی کرێکار بۆ سود و قازانج یەکێک لە لایەنەکانی چینی بۆرژوازی نەتەوەیی پێکدێنێت، لەکاتێکدا

پشتگیریی دەستور و ئامادەبوونیان بۆ قبووڵکردنی گۆڕانی سۆشیالیستیی ئەوی دیکە پێکدێنێت. بـۆرژوازی نەتەوەیی لەگەڵ ئیمپریالیستەکاندا جیاوازن، دەرەبەگەکان و بیرۆکرات-سەرمایەداریش. ناچوونییەکیەکانی نێوان بۆرژوازی نەتەوەیی و چینی کرێکار یەکێکە لەوانەی نێوان چەوسێنەرو چەوسێنراو، وەبە سروشت ناحەزو دوژمنکارە. بەڵام لە هەلومەرجە تایبەتیەکانی (چین)دا، ئەم جیاوازیی چینایەتیە ناحەزە دەکرێت، ئەگەر بە رێکوپێکی مامەڵە بکرێت، بگۆڕدرێت بۆ یەکێکی دۆستانە و لەرێگەی شێوازە ئاشتیانەکانەوە چارەسەر بکرێت. بەڵام دەگۆڕدرێت بۆ جیاوازیی نێوان خۆمان و دوژمن ئەگەر بە چاکیی مامەڵەی نەکەین و سیاسەتی یەکبوون-لەگەڵدا پەیڕەو نەکەین، رەخنەو فێرکردن ئاڕاستەی چینی بـۆرژوازی نەتەوەیی نەکەین، یان ئەگەر چینی بـۆرژوازی نەتەوەیی بەم رێبازو سیاسەتەی ئێمە رازیی نەبێت.

یاخیبوونە دژە-شۆڕشگێڕیەکەی هەنگاریا لە (1965) دا مەسەلەی کۆنەپەرستەکانی ناو وڵاتێکی سۆشیالیست کە هاوپەیمان بوون لەگەڵ ئیمپریالیستەکان و هەوڵیاندا مەرامە پیلانگێریەکانیان جێبەجێبکەن لە رێگای سود وەرگرتن لە ناچوونییەکیەکانی ناو میللەت بۆ بەرپاکردنی جیابوونەوە و تێکدانی نیزام. ئەم دەرس و پەندەی رووداوەکانی هەنگاریا شایستەی سەرنجدانە.

## بەشی دووەم:
## ( 5 )
## جەنگ و ئاشتی

ئەو جەنگەی بە دەرکەوتنی خاوەندارێتی تایبەت و چینەکان سەریهەڵدا،بەرزترین شێوەی ململانێیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناچوونیەکانەی کە گەیشتوونەتە قۆناغێکی دیاریکراو لەنێوان چینەکان و میللەتان و دەوڵەتان و کۆمەڵە سیاسیەکان.

« جەنگ درێژبوونەوەی سیاسەتە». جەنگ بەو مانایە سیاسەتە.خودی جەنگیش کارێکی سیاسیە. لە کۆنیشەوە هەرگیز روینەداوە جەنگ رویدا بێت و سروشتی سیاسیی نەبو بێت.

« جەنگ درێژبوونەوەی سیاسەتە». جەنگ بەو مانایە سیاسەتە.خودی جەنگیش کارێکی سیاسیە. لە کۆنیشەوە هەرگیز روینەداوە جەنگ رویدا بێت و سروشتی سیاسیی نەبو بێت.

جەنگ بەرزترین شێوەی خەباتە بۆ چارەسەری ناچوونییەکیەکان، کاتێک دەگاتە قۆناغێکی تایبەت، لە نێوان

چینەکان، نەتەوەکان، دەوڵەتان یاخود گروپە سیاسیەکان، لە سەرهەڵدانی خاوەنییەتیی شەخسیی و چینەکانەوە بوونی هەبووە.

جەنگ بەردەوامبوونی سیاسەتە. لەم روەوە جەنگ سیاسەتەو خودی جەنگیش کردەوەیەکی سیاسیە، هەر لە سەردەمی کۆنەوە هیچ جەنگێک نەبووە کە سیفەتێکی سیاسیی نەبووبێت.

بەڵام جەنگ سیفەتی تایبەتیی خۆی هەیە و لەم روەوە ناکرێت لەگەڵ سیاسەتدا بەگشتیی وەک یەک تەماشا بکرێن. « جەنگ درێژبوونەوەی سیاسەتە بە ئامرازی دیکە. « کاتێک سیاسەت دەگاتە قۆناغێک کە ناتوانێت چیتر بچێتە پێشەوە بە رێگە ئاساییەکان، جەنگ بەرپا دەبێت بۆ ڕامالینی لەمپەڕەکانی سەر رێگە کە کاتێک لەمپەڕەکان لادەبرێن و ئامانجە سیاسیەکەمان بەدەستدێت، جەنگ دەوەستێت، بەڵام ئەگەر کۆسپەکان بەتەواوی لانەبرێن دەبێت جەنگ بەردەوام بێت تاوەکو ئامانجەکە بەتەواوی بەدەست دەهێنرێت.... ئیدی دەکرێت بگوترێت کە سیاسەت جەنگە بەبێ خوێنڕشتن، لەکاتێکدا جەنگ سیاسەتە بە خوێنڕشتنەوە.

مێژوو دەریدەخات کە جەنگ دوو جـۆرە، ڕەوا و ناڕەوا. هەموو جەنگەکان کە پێشکەوتنخواز بن ڕەوان، وە هەموو جەنگەکان کە ڕێگرن لە پێشکەوتن ناڕەوان. ئێمەی کۆمۆنیست بەرهەڵستی هەموو جەنگە ناڕەواکان دەکەین

که ڕێگرن له پێشکەوتن، بەڵام دژی جەنگی پێشکەوتنخواز و ڕەوا نین. ئێمەی کۆمۆنیست نەک تەنها دژی جەنگی ڕەوا نین، بەڵکو چالاکانە بەشداریی تێدا دەکەین. سەبارەت بە جەنگە نارەواکانیش، جەنگی یەکەمی جیهان نمونەیەکە کە هەردوو لایەنەکە شەڕیان بۆ بەرژەوەندیی ئیمپریالیستیی دەکرد، لەبەرئەوە کۆمۆنیستەکانی هەموو جیهان بەگەرمیی دژی بوون. ڕێگا بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم جۆرە جەنگە ئەوەیە هەرچی لەتوانادایە بکرێت بۆ ڕوونەدانی بەر لەوەی بەرپا بێت، هەرکات جەنگ بەرپابوو، بەجەنگ بەرهەڵستیی بکرێت، بەرهەڵستیی جەنگی نـاڕەوا بە جەنگی ڕەوا، هەرکات مومکین بێت.

شۆڕشەکان و جەنگە شۆڕشگێڕییەکان لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا ناچاریە، بەبێ ئەوانە مەحاڵە هیچ هەنگاوێک بنرێت لە گەشەکردنی سۆشیالیستیی و رووخاندنی چینی کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا، کەواتە مەحاڵە میللەت دەسەڵاتی سیاسیی بباتەوە.

جەنگی شۆڕشگێڕانە دژە-ژەهرێکە کە نەک تەنها ژەهـری دوژمـن لـەناودەبـات بەڵکو لە چڵکەکانمان خاوێنماندەکاتەوە هەموو جەنگێکی شۆڕشگێڕانەی ڕەوا هێزو دەسەڵاتی مەزنی پێبەخشراوەو دەتوانێت زۆر شت بگۆڕێت یان زەمینە خۆش بکات بۆ گۆڕانیان. جەنگی چین-یابان، چین و یابانیش دەگۆڕێت، ئەگەر چین لە جەنگی بەرهەڵستیدا و لە بەرەی یەکگرتوودا بمێنێتەوە،

یابانی کۆن بێگومان دەگۆڕێت بۆ یابانی نوێ و چینیش بۆ چینی نوێ، میللەت و هەموو شتەکانیش لە چین و لە یابان دەگۆڕدرێن لە ماوەی جەنگەکەو لەدوای جەنگەکەدا.

هەموو کۆمۆنیستێک دەبێت ئەو راستیە تێبگات» دەسەڵاتی سیاسیی لە لولەی تفەنگەوە بەدەست دەهێنرێت.

بەدەستهێنانی دەســەڵات بـە هێزی چەکداریی، بەلاداخستنی مەسەلەکە بە جەنگ ئەرکی سەرەکی و بەرزترین شێوەی شۆڕشە. ئەم رێبازەی مارکسیی -لینینییەی شۆڕش بۆ چین و هەموو وڵاتانی دیکە چاکەی تێدایە.

بەبێ خەباتی چـەکـدار، نـە پرۆلیتارو نـە پارتی کۆمۆنیست لە چین هیچ پێگەیەکیان نابێت و مەحاڵ دەبێت شۆڕش سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. لەم ساڵانەدا( 18 ساڵ لە دامەزراندنی حزبەوە) گەشەکردن، یەکبوون و(بە بەڵشەفیکردنی) پارتەکەمان بەرەو پێش چووە لە ناو جەنگە شۆڕشگێڕانەکانداو، بەبێ خەباتی چەکدار پارتی کۆمۆنیست بێگومان نەدەبوو بەوەی ئەمڕۆ. هەڤاڵانی ناو حزب نابێت ئەم ئەزمونەی خوێنمان لە پێناویا داوە، لەبیر بکەن.

بەگوێرەی تیۆریی مارکسیی لەمەڕ دەوڵـەت، سوپا پێکهاتەی سەرەکیی دەسەڵاتی دەوڵـەتـە. هەرکەسێک بیەوێت دەسەڵاتی دەوڵەت بگرێتە دەست دەبێت سوپای بەهێزی هەبێت. هەندێک کەس گاڵتەمان پێدەکەن کە ئێمە لایەنگری « جەنگی لەتوانا بەدەر» ین. بەڵکو ئێمە داکۆکیکاری جەنگی شۆڕشگێڕانەو لەتوانا بەدەرین، ئەوە

شتێکی باشە، خراپ نییە، ئەوەیە مارکسییەت. چەکەکانی پارتی کۆمۆنیستی روسیا سۆشیالیزمی خولقاند. ئێمەش کۆمارێکی دیموکراتیی دروست دەکەین. ئەزمونەکانی خەباتی چینایەتیی لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا فێرمان دەکات کە تەنها بە هێزی چەک چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش دەتوانن بۆرجزازو دەرەبەگ ببەزێنن، لەم رووەوە دەتوانین بڵێین کە تەنها بە چەک تەواوی جیهان دەگۆڕدرێت.

ئێمە لایەنگری نەهێشتنی جەنگین، جەنگمان ناوێت، بەڵام جەنگ تەنها بەجەنگ ناهێڵرێت، وە بۆ ئەوەی لەچەک رزگارت ببێت پێویستە چەک هەڵبگریت.

جەنگ، ئەم دێـوەی کە دەبێتە هۆی قەسابخانەی یەکتر لەناو پیاواندا، دواجار کۆتایی پێدێت و نامێنێت لە رێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوەو، لە ئایندەیەکی زۆر دور نا، بەڵام تەنها یەک رێگە هەیە بۆ نەهێشتنی و ئەوەش بەرهەڵستیکردنی جەنگە بە جەنگ.، بۆ بەرهەڵستیکردنی جەنگی ناشۆڕشگێڕانە بە جەنگێکی شۆڕشگێڕانەو، بەرهەڵستیکردنی چینێکی دژە-شۆڕش بە جەنگێکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی، کاتێک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دەگاتە ئەو خاڵەی کە چین و توێژەکان و دەوڵەتان لەناو دەبرێن و کۆتاییان پێدەهێنرێت. ئیدی جەنگی دیکە نابێت، دژە-شۆڕش یاخود شۆڕشگێڕانە، ڕەوا و ناڕەوا ئەوە دەبێتە سەردەمی ئاشتیی هەمیشەیی بۆ

مرۆڤایەتیی.

لێکۆڵینەوەمان لەمەڕ یاساکانی جەنگی شۆڕشگێڕیی، لە خواستی ئێمە بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جەنگەوە، سەریهەڵداوە، لێرەدا جیاوازیەکە دەردەکەوێت لە نێوان ئێمەی کۆمۆنیست و هەموو چینە چەوسێنەرەکاندا.

وڵاتەکەمان و هەموو وڵاتە سۆشیالیستەکانی دیکە خوازیاری ئاشتین و بەهەمان شێوەش گەلانی وڵاتانی جیهان. تەنها ئەوانەی ئامەزرۆی جەنگن و ئاشتیان ناویچێت ئەو گروپە سەرمایەدارە مۆنۆپۆلەکانن لە ژمارەیەک لە وڵاتە ئیمپریالیستەکاندا کە پشت بە دوژمنکاریی دەبەستن بۆ سودو قازانجەکانیان.

بۆ بەدەستهێنانی ئاشتیەکی هەمیشەیی جیهان، پێویستە زیاتر برەو بە دۆستایەتیی و هاوکاریی بدەین لەگەڵ وڵاتە دۆستەکانمان لە بەرەی سۆشیالیست و هاوکاریمان بەهێز بکەین لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئاشتیخوازدا. پێویستە هەوڵبدەین پەیوەندیی ئاسایی دیپلۆماتیی دامەزرێنین، لەسەر بنەمای ڕێزی هاوبەش بۆ یەکپارچەیی و سەروەریی خاک و یەکسانیی و سودی هاوبەش، لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا کە خوازیاری پێکەوەژیانن بە ئاشتی لەگەڵ ئێمەدا. پێویستە پشتگیریی چالاکانە لە سەربەستیی نەتەوەیی و بزوتنەوەکانی رزگاریی لە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین بکەین، هەروەها بزوتنەوەی ئاشتیی و خەباتە ڕەواکان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا.

سەبارەت بە وڵاتە ئیمپریالیستەکانیش، دەبێت لەگەڵ گەلەکانیاندا یەک بگرین و هەوڵبدەین بە ئاشتیی پێکەوە بژین لە گەڵ ئەو وڵاتانەدا، بازرگانیان لەگەڵدا بکەین و رێگە لە ئەگەری جەنگ بگرین، بەلام لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت داڵدەی بۆچونی ناواقیعی لەبارەیانەوە بدەین.

ئێمە ئارەزوومەندین بۆ ئاشتیی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئیمپریالیزم سوربێت لەسەر شەڕ هەڵگیرساندن، هیچ چارەیەکی دیکەمان نابێت بەڵکو دەبێت بڕیاری تەواو بدەین تاکۆتایی شەڕ بکەین بەر لەوەی دەست بە بیناکردنەکەمان بکەین. ئەگەر ئێوە رۆژ لەدوای رۆژ لە جەنگ بترسن، ئەی چی دەکەن ئەگەر دواجار جەنگ روویدا؟ یەکەمینجار گوتم کە (بای خۆرهەڵات) بەسەر (بای خۆرئاوا) دا زاڵ بووە و جەنگ هەڵناگیرسێت،و ئێستاش ئەم روونکردنەوانم پێشکەش کرد لەسەر بارودۆخەکە نەوەکو جەنگ بەرپا ببێت. هەردوو ئەگەرەکە بەوشێوەیە بیری لێکراوەتەوە و حیسابی بۆ کراوە.

خەڵک لە سەرتاسەری جیهاندا ئێستا مشتومڕیانە ئایا جەنگێکی سێهەمی جیهان بەرپا دەبێت یان نا. سەبارەت بەم پرسیارەش ئێمە دەبێت عەقڵیەتی بۆ ئامادەبکەین و هەندێک لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەین. ئێمە بەتوندیی لایەنگری ئاشتین و دژی جەنگین. بەڵام ئەگەر ئیمپریالیستەکان سوربن لەسەر شەڕهەڵگیرسان، نابێت لەوە بترسین. هەڵوێستمان لەسەر ئەم پرسە هەمان هەڵوێستە وەک بەرامبەر هەر ئاژاوەو

پشێوییەک: یەکەم، ئێمە دژی ئەوەین، دووەم، ترسمان لێی نییە. جەنگی یەکەمی جیهان لەدایکبوونی یەکێتی سۆڤیەتی بەدوادا هات کە دانیشتوانەکەی (200) ملیۆنە. جەنگی دووەمی جیهان سەرهەڵدانی بەرەی سۆشیالیستی بەدوادا هات بە کۆی (900) ملیۆن. ئەگەر ئیمپریالیستەکان سوربن لەسەر نانەوەی جەنگی سێهەمی جیهان گومانی تێدا نابێت کە چەند سەد ملیۆنێک دانیشتوان وەردەگەڕێن بۆ سۆشیالیزم، ئەوسا جێگە بۆ ئیمپریالیستەکان لەسەر زەویدا نامێنێت، هەروەها لەوانەشە تەواوی بونیادی ئیمپریالیزم دواجار دارمێت.

کێشە دروست بکە، شکست بێنە، دووبارە کێشە دروست بکە، دووبارە شکست بێنە.... تاوەکو رۆژی نەمان- ئەوەیە لۆژیکی ئیمپریالیستەکان و هەموو کۆنەپەرستانی جیهان لە مامەڵکردنیاندا لەگەڵ مەسەلەی گەل، هەرگیز دژی ئەو لۆژیکە ناوەستن. ئەمە یاسایەکی مارکسیە. کە دەڵێین « ئیمپریالیزم دڕندەیە. « مەبەستمان ئەوەیە کە سروشتەکەیان هەرگیز ناگۆڕێت، ئیمپریالیستەکان هەرگیز تیغی قەسابیی فڕێنادەن، هەرگیز نابن بە ( بودایی) تاوەکو رۆژی لەناوچوونیان.

بجەنگێ، شکست بێنە، دووبارە بجەنگێ و دووبارە شکست بێنە، دووبارە بجەنگێ...... تا سەرکەوتن، ئەوە لۆژیکی گەلە و وە ئەوانیش هەرگیز دژی ئەو لۆژیکە ناوەستن. ئەوە یاسایەکی دیکەی مارکسیە. شۆڕشی گەلی

روسیا ئەم یاسایەی پەیڕەو کرد، شۆڕشی گەلی (چین)یش، هەروەها.

تەنها لەبەرئەوەی کە سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، نابێت هەرگیز هۆشیاریمان سست بکەینەوە بەرامبەر پیلانە شێتگیرەکان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ئیمپریالیستەکان و پیاوەکانیان. هەرکەس هۆشیاریی سست بێت ئەوا لەڕووی سیاسیەوە خۆی بێ چەک دەکات و خۆی دەخاتە پێگەیەکی ملکەچیەوە.

ئیمپریالیستەکان و پیاوەکانیان، کۆنەپەرستە چینییەکان خۆیان بەدەستەوە نادەن لە خاکی چین دا. بەردەوام دەبن لە گەلەکۆمەکێکردن دژی گەلی چین بە هەموو شێوەیەک. بۆنمونە پیاوەکانیان بەقاچاغ دێنن بۆ چین بۆ چاندنی دووبەرەکیی و کێشەدروستکردن. ئەوە گومانی نییە، ئەوان هەرگیز ئەو چالاکیانە ناخەنەپشتگوێ. با نمونەیەکی دیکە بهێنینەوە، ئیمپریالیستەکان هانی کۆنەپەرستە چینییەکان دەدەن و تەنانەت هێزی خۆشیان دەخەنە گەڕ بۆ گەمارۆدانی بەندەرە چینییەکان. تاوەکو بۆیان بکرێت ئەم کارە دەکەن. لەوەش زیاتر، ئەگەر هێشتا بەتاسەوەبوون بۆ سەرکێشیی و هەندێک لە سەربازەکانیان دەنێرن بۆ داگیرکردن و بێزارکردنی سنورەکانی چین، ئەمەش شتێکی مەحاڵ نییە. پێویستە بەتەواوی بیر لەمانە بکینەوەو حیسابیان بۆ بکەین.

جیهان لە پێشکەوتندایە، ئایندە رۆشنە و هیچ کەس

ناتوانێت ئەم مەیل و خولیا گشتیەی مێژوو بگۆڕێت. ئێمە دەبێت بەردەوام بین لەسەر پڕۆپاگەندە لەناو گەلەکەماندا دەربـارەی راستیەکانی پیشکەوتنی جیهان و ئەو ئایندە رۆشنەی لە پێشمانەوەیە بۆ ئەوەی متمانە لە سەرکەوتندا دروست بکەن.

فەرماندەکان و جەنگاوەرانی سەرتاپای سوپای رزگاریی گەلی چین بێگومان نابێت خاو ببنەوە لە ئیرادەدا بۆ شەڕ کردن، هەر بیرکردنەویەک ئیرادە لاواز بکات بۆ شەڕ و دوژمن بە بچوک بزانێت هەڵەیە.

## ( 6 )

## ئیمپریالیزم و هەموو كۆنەپەرستان پڵنگی كاغەزن

هەموو كۆنەپەرستان پڵنگی كاغەزن. لە رواڵەتدا كۆنەپەرستان تۆقێنەرن، بەڵام لە راستیدا ئەوەندە بەهێز نین، لە تێڕوانینێكی درێژخایەنەوە، ئەوەی كە بەڕاستی بەهێزبێت میللەتە نەك كۆنەپەرستان.

هـەروەک چۆن هیچ شتێک لە دونیادا نییە جوت سروشت نەبێت ( ئەمە یاسای یەكێتی دژەكانە)، ئاواش ئیمپریالیزم وهەموو كۆنەپەرستان دوو سروشتیان هەیە- پڵنگی راستەقینەن و لەهەمان كاتیشدا پڵنگی كاغەزن. لە مێژووی رابردودا، بەر لەوەی دەسەڵاتی دەڵەت بەدەست بهێنن و ماوەیەكیش دوای ئەوە، چینی خاوەن كۆیلەكان، چینی دەرەبەگەكان و بـۆرژواز بەهێزو چـالاک بوون، شۆڕشگێڕو پێشكەوتنخواز بوون پڵنگی راستەقینە بوون. بەڵام بە تێپەڕبوونی كات، لەبەر ئەوەی دژەكانیان- ژینی كۆیلەكان، چینی گوندنشینەكان (جوتیاران) و پرۆلیتار، هەنگاو بە هەنگاو هێزیان پەیدا كرد، خەباتیان دژیان كرد توندتر و توند تر، ئەم چینی فەرمانڕەوایانە هەنگاو

بەهەنگاو گۆڕان بە پێچەوانەکەیان، ببن بە کۆنەپەرست، بوون بە کەسانێکی دواکەوتو.، بوون بە پڵنگی کاغەز! لە ئەنجامیشدا روخێنران یاخود دەڕوخێنرێن لە لایەن گەلەوە. چینی کۆنەپەرستان، دواکەوتوەکان و بۆگەنەکان ئەم جووت سروشتیەیان هێشتەوە تەنانەت لەکاتی خەباتی مان و نەمانیان لەدژی میللەت. لە روویەکەوە پڵنگی راستەقینە بوون، خەڵکین هەڵدەڵوشی بە ملیۆن و دەیان ملیۆن. ئامانج ومەسەلەی خەباتی میللەت بە کاتێکی دژوار و مەینەتیدا تێپەڕی، بە درێژایی رێگەکە پێچ و وەرچەرخان هەبوو. بۆ لەناوبردن و تێکشکاندنی حوکمی ئیمپریالیزمو دەرەبەگیی و سەرمایەداریی–بیرۆکراتی لە چین، سەد ساڵ زیاتری پێچوو بۆ گەلی چین و لەدەستدانی گیانی دەیان ملیۆن بەر لە سەرکەوتن لە (1849) دا. تەماشا بکە ! ئایا ئەمانە پڵنگی زیندوو و پۆڵاین و راستەقینە نەبوون؟ بەڵام لەدوا کاتدا بوون بە پڵنگی کاغەز و مردو. ئەمانە راستیەکانی مێژوون. ئایا خەڵک ئەم راستیانەیان نەدیوە یاخود نەیانبیستوە؟ لە راستیدا لەمانە بە هەزاران و دەیان هەزاران هەبوون! هەزاران و دەیان هەزاران !

لێرەدا، ئیمپریالیزم و هەموو کۆنەپەرستان، کەسەیری ناوەڕۆکیان بکەیت، لە گۆشەنیگایەکی درێژ خایەنەوە، لە گۆشە نیگایەکی ستراتیژیەوە، پێویستە وەک خۆیان تەماشا بکرێن. – وەک پڵنگی کاغەز. دەبێت ئێمە لەسەر ئەوە بیرکردنەوەی ستراتیژیمان دروست بکەین. لە لایەکی

دیکەوە، ئەوانە پڵنگی راستەقینەو پۆڵایین و زیندون. کە دەتوانی میللەت هەڵ لوشن. ئێمە دەبێت لەسەر ئەو بناغەیە بیری تاکتیکیمان دروست بکەین.

من گوتومە کە هەموو کۆنەپەرستە بەڕواڵەت بەهێزەکان تەنها پڵنگی کاغەزن. هۆکارەکەش ئەوەیە کە لە میللەت دابڕاون. تەماشاکەن! ئایا هیتلەر پڵنگی کاغەز نەبوو؟ هیتلەر نەڕوخێنرا؟ من هەروەها گوتم قەیسەری روسیا، ئیمپریالیزمی ئیمپراتۆری چین و یابان هەموو پڵنگی کاغەز بوون. وەک دەزانین، هەموو رووخان و لابران. ئیمپریالیزمی ئەمریکا هێشتا نەڕوخێنراوە و بۆمبی ئەتۆمی هەیە. لەو باوەڕەدام ئەویش دەڕوخێنرێت. ئەویش پڵنگی کاغەزە. « بەرزکردنەوەی بەردێک تەنها بۆ ئەوەی بکەوێتەوە بە قاچی خۆتا» قسەیەکی میللی چینییە بۆ وەسفکردنی رەفتارێکی چەند بێ مێشکێک، کۆنەپەرستانی هەموو وڵاتان لەم جۆرە بێ مێشکانەن. لە لێکدانەوەی کۆتاییدا، چەوسانەوەی ئەوان بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕ تەنها لەخزمەتی هەڵکشانی شۆڕشی گەلاندایە بە مەودایەکی فراوانترو چڕتر. ئایا چەوسانەوەی میللەتی شۆڕشگێڕ لەلایەن قەیسەری روسیاو و چانکای چیکەوە ئەم کاریگەریەی دروست نەکرد لە شۆڕشەکانی روسیای گەورەو چین دا؟

ئیمپریالیزمی ئەمریکا خاکی تایوانی چینیی داگیر کرد و لە نۆ ساڵ لەمەو پێشەوە داگیریی کردوەو ماوەیەکە کورت

بەر لە ئێستا هێزە سوپاییەکانی نارد بۆ داگیرکردنی لوبنان. ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەدان بنکەی سەربازیی لە زۆر وڵات لە سەرتاسەری جیهاندا دامەزراندوە. هەرێمی تایوانی چین، لوبنان و هەموو بنکە سەربازیەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی بیانیی هەموو تەنافن‌و لە ملی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە ئاڵاون. ئەو تەنافانە لە لایەن ئەمریکاییەکان خۆیانەوە داهێنراون و لەلایەن کەسی ترەوە نییە، ئەوان خۆیان ئەم تەنافانەیان لە ملی خۆیان ئاڵاندوەو، سەری گوریسەکەیان داوەتەدەست گەلی چین، گەلانی وڵاتانی عـەرەب و هەموو گەلانی جیهانی ئاشتیخواز و دژ بە دەستدرێژیی و دوژمنکاریی. تاوەکو دوژمنکاریی ئەمریکا زیاتر لەو شوێنانە بمێنێتەوە، تەنافەکان توند تر دەبێت لە ملیاندا.

ئیمپریالیزم زۆر ناخایەنێت چونکە کاری خراپ ئەنجام دەدەن. لە کۆنەپەرستە نۆکەرو لایەنگرەکانا دەمێنێتەوە کە دژی میللەتن، بە زۆر چەندین شوێنی داگیر کردوە لەگەڵ چەندین بنکەی سەربازیدا و هەڕەشە لە ئاسایش دەکات بە بۆمبی ئەتۆمی. بەوجۆرە، پتر لە (90%)ی میللەتانی جیهان ئیمپریالیزم ناچاریان دەکات راپەڕن، لە خەباتێکدا دژی ئەو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیمپریالیزم هێشتا زیندوە هێشتا لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین شێتانە خەریکی خەڵک کوشتنن. لە خۆرئاوا هێشتا ئیمپریالیزم خەڵک لە وڵاتەکانیاندا دەچەوسێنێتەوە. پێویستە ئەم

بارودۆخە بگۆڕرێت. ئەوە ئەرکی میللەتە لە سەرجەم جیهاندا کە کۆتایی بە دوژمنکاریی و چەوساندنەوە بهێنێت کە ئیمپریالیزم ئەنجامی دەداتو، بەشێوەیەکی سەرەکیش ئیمپریالیزمی ئەمریکا.

ئیمپریالیزمی ئەمریکا، بەوەی کە توندوتیژ رەفتار دەکات لە هەموو شوێنێک، خۆی کردوە بە دوژمنی میللەتانی هەمەموو جیهان و زیاتر خۆی کەنارو تەریک کردوە. ئەوانەی نایانەوێت ببنە کۆیلە هەرگیز بە بۆمبی ئەتۆم و بۆمبی هایدرۆجین کە لە دەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکادایە، بەچەترسێن نابن. تەوژمی توڕەیی میللەتان لە جیهاندا دژی چەوسێنەرە ئەمریکاییەکان بەری پێناگیرێت. خەباتی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو بەکرێ گیراوانی بێگومان سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست دێنێت.

ئەگەر گروپە سەرمایەدارە مۆنۆپۆلەکانی ئەمریکا بەردەوام بن لەسەر بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانیان لە دوژمنکاریی و جەنگ، ئەو رۆژە هەر دێت کە لەتەناف بدرێن لەلایەن خەڵکانی هەموو دونیاوە. هەمان چارەنوسیش چاوەڕوانی تاوانکارەکانی ئەمریکا دەکات.

بە ماوەیەکی دورو درێژ ئێمە ئەم بۆچوونەمان لا دروست بووە بۆ خەبات دژی دوژمن: لەرووی ستراتیژەوە دەبێت رقمان لە هەموو دوژمنانمان بێت، بەڵام لەرووی تاکتیکەوە دەبێت هەموویان بە جدی وەر بگرین. ئەمە بەو مانایەشە کە پێویستە ئێمە رقمان لە دوژمن بێت لەگەڵ

ڕێزدا بۆ هەمووان، بەڵام دەبێت بە جدی وەریبگرین بە ڕێـزەوە بۆ هەر مەسەلەیکی تایبەتی. ئەگەر ڕقمان ئاڕاستەی دوژمن نەکەین بە ڕێزەوە بۆ هەمووان، ئەوا ئێمەی هەڵەی هەلپەرستیی دەکەین، مارکس و ئەنگلس تەنها دوو مرۆڤ بـوون، بەڵام لەو ڕۆژانــەی سەرەتادا ڕایانگەیاندبوو کەسەرمایەداریی لەناو دەبرێت لە هەموو جیهاندا. بەڵام لە مامەڵەکرد لەگەڵ کێشە بەرچاوەکان و دوژمنە تایبەتیەکاندا ئێمە هەڵەی سەرکێشیی دەکەین ئەگەر بە جدیی وەریان نەگرین. لە جەنگ دا شەڕ تەنها یەک لە دوای یەک دەکرێت، هێزەکانی دوژمـن تەنها یەک لەدوای یەک لە ناو دەبرێن. کارگەکان تەنها یەک لە دوای یەک دروست دەکرێن. جوتیاران دەتوانن تەنها خاک بە پەڵە زەوی لەدوای پەڵە زەوی بکێڵن. تەنانەت هەمان شتیش ڕاستە دەربارەی خواردنی ژەمێک. لەڕووی ستراتیژەوە، خواردنی ژەمێک لامان ئاسانە- دەزانین کە توانای تەواوکردنیمان هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا پارو بە پارو دەیخۆین. مەحاڵە بە یەک هەڵلوشین تەواوی خوانێک قوت بدەین. ئەمە وەک (چارەسەرێکی نەختە نەختە ) ناسراوە. لە زوبانی سەربازیدا پێیدەگوترێت لەناوبردنی هێزەکانی دوژمن یەک لە دوای یەک.

بیرو بۆچوونی من ئەوەیە کە بارودۆخی نێودەوڵەتی ئێستا گەیشتوەتە خاڵێکی نوێی وەرچەرخان. ئەمرۆ لە جیهاندا دوو (با ) هەیە بای خۆرهەڵاتیی و بای خۆرئاوایی.

قسەیەکی چینی هەیە، «یان بای خۆرهەڵات زاڵ دەبێت بەسەر بای خۆرئاوادا، یان بای خۆرئاوا زاڵ دەبێت بەسەر بای خۆرهەڵاتدا. « من بـاوەڕم وەهایە کە خەسڵەتی ئەمڕۆی باودۆخەکە ئەوەیە کە بای خۆرهەڵات زاڵە بەسەر بای خۆرئاوادا. ئەوە بەو مانایەیە، هێزەکانی سۆشیالیزم لەرادەبەدەر باڵادەستترن لە هێزەکانی ئیمپریالیزم.

( 7 )

## چاونەترس بە خەبات بکەو سەرکەوتن بەدەستبهێنە

ئەی گەلانی جیهان، یەکگرن و دەستدرێژیکارانی ئەمریکیی و نۆکەرانیان ببەزێنن!ئەی گەلانی جیهان، نەترس بن، بجەنگن، رووبەڕووی گرفتەکان بووەستنەوە وبەرەو پێشەوە هەنگاو لـەدوای هەنگاوبرۆن. ئەوکاتە جیهان هەمووی دەبێت بەهی گەلان.دڕندە و بەدخوەکان هەموو لەناودەبرێن.

پارتی کۆمۆنیستی چین، دوای ئەوەی ئاگادارکردنەوەیەکی روونی بارودۆخی ناوخۆ و نێودەوڵەتیی لەسەر بناغەی زانستی مارکسی-لینینی ئەنجامدا، هەستیکرد کە هەموو هێرشەکانی کۆنەپەرستانی ناوخۆ و دەرەوە دەبێت تێکبشکێنرێت و دەشکرێت تێکبشکێنرێت. کاتێک هەورە رەشەکان لە ئاسماندا دەرکەوتن، ئاماژەماندا کە ئەوانە تەنها کاتین و بەزووترین کات تاریکیەکە تێدەپەڕێت و خۆر دەردەکەوێت.

بەگوێرەی مێژوو، هەموو هێزە کۆنەپەرستەکان

کە لەسەر لێواری نەمانن، هەموو کاتێ هەوڵی کۆتایی خۆیان دەخەنەگەڕ دژی هێزە شۆڕشگێڕەکان، هەندێک لەشۆڕشگێڕان لەوانەیە بەهەڵەدا ببرێن بۆ ماوەیەک لە ڕێگەی دیاردەی هێزی رووکەش، بەڵام لاوازیی ناوەوە ناتوانێت ئەو راستیە ثێبگات، کە دوژمن لە نەمان نزیک بوەتەوە، لەکاتێکدا خۆیان لە سەرکەوتن نزیک دەبنەوە.

ئەگەر ئەوان(کیومینتاگ) شەڕبکەن، ئێمە بەتەواوی لەناویان دەبەین. شتەکان بەو شێوەیە: ئەگەر ئەوان هێرش بێنن و ئێمە لەناویان بەرین، ئەو خۆشیەیان دەستدەکەوێت، هەندێک لەناو بەرە، هەندێک خۆشیی، زیاتر لەناوبەرە، خۆشیی زیاتر، هەرهەمووی لەناوبەرە، خۆشیی تەواو. کێشەکانی چین ئاڵۆزن و دەشبێت مێشکمان تۆزێک ئاڵۆز بێت. ئەگەر ئەوان شەڕبکەن، ئێمە رووبەروویان دەوەستینەوە، شەڕ دەکەین بۆ بەدەستهێنانی ئاشتیی.

ئەگەر کەسێک پەلامارمان بدات و بارودۆخەکە بۆ شەڕ لەبار بێت، بێگومان بە تەواویی و بە سوربوونەوە بۆ لەناوبردنیان پارێزگاریی لەخۆمان دەکەین، (ئێمە بە هەڵەشەیی پەلامار نادەین، بەڵام کاتێک پەلاماردەدەین، دەبێت سەرکەوتوو بین.) نابێت هیچ کات بە هەڕەشەی پڕوپوچی کۆنەپەرستەکان بەچەترسێن بکرێین.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە خواستی ئێمەوە بێت، نامانەێت بۆ تەنها یەک رۆژیش شەڕ بکەین، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە ناچارمان بکات شەڕ بکەین، دەتوانین تا

کۆتایی شەڕ بکەین.

ئێمە لایەنگری ئاشتین، بەڵام کە ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەردەوام نەیەوێت واز لە لوتبەرزیی خۆی و داواکاریە ناماقوڵەکانی و پیلانەکانی بۆ درێژکردنەوەی دوژمنکاریەکان بهێنێت، ئەوا تاکە رێگە بۆ گەلی چین ئەوەیە هەر سوربێت لەسەر شەڕکردن شانبەشانی گەلی کۆریا.مەسەلە ئەوە نییە کە حەزمان لە شەڕە ئامادەین دەستبەجێ شەڕ رابگرین و ئەو پرسانەی کە ماون بۆ چارەسەر بۆ دواتر هەڵیان بگرین.

بەڵام ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئامادەنییە ئەوە بکات باشە، کەواتە با شـەڕ بەردەوامبێت بـۆمـاوەی چەند ئیمپریالیزمی ئەمریکی بیەوێت شەڕ بکات، ئێمە ئامادەین شەڕ بکەین، تا ئەو ساتەی خۆی دەیەوێت بوەستێت، تا ساتی سەرکەوتنی تەواو بۆ گەلی چین و گەلی کۆریا.

پێویستە ریزەکانمان لە بیرکردنەوەی بێئەنجام رزگار بکەین. هەموو ئەو بۆچوونانەی تواناکانی دوژمن بە زۆرتر دەخەملێنن و زیادەی پێوەدەنێن و هێزو توانای گەل بە کەم دادەنێن، هەڵەن.

میللەتان و گەلانی سەرکوتکراو نابێت ئومێدیان بۆ رزگاریی بخەنە سەر (مەعقولیەت)ی ئیمپریالیزم و نۆکەرانیان. ئەوان تەنها بەوە سەردەکەون، کە یەکێتی خۆیان پتەو بکەن و بەردەوامبن لەسەر خەباتکردن.

گرنگ نییە کاتێک ئـەم شـەڕە فـراوانـە ناوخۆییە هەڵبگیرسێت، دەبێت بەچاکیی ئامادە بین.ئەگەر زوو

دەست پێبکات، بابڵێین، سبەی بەیانی، پێویستە هەر ئامادەبین. ئەوە خاڵێکە.لە بارودۆخی ناوخۆو نێودەوڵەتی ئێستادا ئەگەر هەیە کە بۆ ماوەیەک لەوانەیە مەودای جەنگی ناوخۆ سنورداردابێت، یان لە یەک شوێندا بمێنێتەوە.خاڵی یەکەم ئەوەیە کە دەبێت ئێمە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، خاڵی دووەم ئەوەیە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر هەبووە. بەکورتیی، پێویستە ئامادەبین. کە ئامادەبوین، دەتوانین بە باشیی مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بکەین.

## ( 8 )

## جەنگی گەل

جەنگی شۆڕشگێڕانە جەنگی جەماوەرە، دەکرێت تەنها بە تەیارکردنی جەماوەر و پشتبەستن پێیان ئەنجامبدرێت.

قـەڵای پۆڵایین چیە؟ ئـەوە جەماوەرەیە، چەندین ملیۆن خەڵک کە بە دڵسۆزیی پشتگیری شۆڕش دەکەن. ئەوە قەڵای پۆڵایینی راستەقینەیە کە مەحاڵە هیچ هێزێک لەسەر زەویـدا تێکیبشکێنێت. دژە-شـــۆڕش ناتوانێت ئێمە تێکبشکێنێت، بە پێچەوانەوە، ئێمە تێکیدەشکێنین بەگردبوونەوەی چەندین ملیۆن خەڵک لە دەوری حکومەتە شۆڕشگێڕەکە و فراوانبوونی جەنگی شۆڕشگێڕانە، دەتوانین هەموو دژە-شۆڕشێک لەناوبەرین و تەواوی چین بگرینە دەست.

دەوڵەمەندترین سـەرچـاوەی هێز لە جـەمـاوەری خەڵکدایە، لەبەرئەوەی جەماوەری چین لە حاڵەتێکی نارێکخراودان ژاپان ترسی نییەو خۆیمان لێ سوردەکاتەوە. کاتێک ئەم ناتەواویە چارەسەردەکرێت، ئەوکاتە ژاپانی دەستدرێژیکار وەک گایەکی شێت کە بکەوێتە بازنەیەکی

ئاگرەوە، بە سەدان ملیۆن لە گەلەکەمان دەورە دەدرێت و تەنها دەنگەکەیان دەیانتۆقێنێت، ئەوانیش لە ئاگرەکەدا دەسوتێن.

ئیمپریالیستەکان بەجۆرێک چاوترسێنمان دەکەن، کە دەبێت بە جدی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. نەک تەنها دەبێت ئێمە سوپای نیزامیی بەهێزمان هەبێت، بەڵکو پێویستە بە فراوانی لەشکرانی میلیشیای گەل رێکبخەین. ئەمە وا لە ئیمپریالیستەکان دەکات زەحمەت بێت بەلایانەوە یەک بست نەتوانن بێنە خاکمانەوە لەکاتی روودانی داگیرکردندا.

بە رەچاوکردنی جەنگی شۆڕشگێڕانە بە گشتیی، ئۆپەراسیۆنەکانی گەریلاکانی گەل و ئەوانەی هێزە سەرەکیەکانی سوپای سور یەکتر تەواو دەکەن وەک باڵی راست و باڵی چەپی مرۆڤ، ئەگەر ئێمە تەنها هێزە سەرەکیەکانی سوپای سورمان هەبێت، بەبێ گەریلاکانی گەل، ئەوا وەک جەنگاوەرێکمان لێدێت کە یەک باڵی هەبێت. بە واتای تەواو، بەتایبەتیی لەرووی ئۆپەراسیۆنی سەربازیەوە، کاتێک باس لە خەڵک دەکەین لە ناوچەی بنکەکاندا وەک فاکتەرێک، مەبەستمان ئەوەیە کەگەلێکی چەکدارمان هەبێت. ئەوە هۆکاری سەرەکیە، کە دوژمن ناوێرێت نزیکی ناوچەی بنکەکانمان بکەوێت.

گومانی تێدا نییە، سەرکەوتن یاخود دۆڕاندن لە جەنگدا بە بارودۆخی سیاسیی و سەربازیی و ئابوریی و سروشتیی هەردولا دیاریدەکرێت، بەڵام تەنها بەمانە نا. هەروەها بە

توانای دەرونی هەردوولاش لە ئاڕاستەکردنی جەنگەکەدا دیاریدەکرێت. لە هەوڵ و تەقەلادا بۆ بردنەوەی جەنگ شارەزای سەربازیی ناتوانێت بەو سنوردارانەی بارودۆخە مادیەکان دەیسەپێنن تێپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو ئەو سنوورداردارکردنانەدا، دەتوانێت و پێویستیشە خەبات بۆ سەرکەوتن بکات. شانۆی کارکردن بۆ شارەزایەکی سەربازیی لەسەر بارودۆخە مادیە هەستپێکراوەکان بیناکراوە، بەڵام لەسەر ئەو شانۆیەوە دەتوانێت ئاڕاستەی پێشکەشکردنی زۆر لە دراماکان بکات، پڕ لە دەنگ و ڕەنگ و هێز و مەزنیی.

ئامانجی جەنگ بەتایبەتی بریتیە لە « خۆپاراستن و لەناوبردنی دوژمـن.» (لەناوبردنی دوژمـن بە مانای چەککردنی، یاخود «لێسەندنی هێزی بەرگریی»، مانای ئـەوە نییە سەرجەم ئەندامەکانی هێزەکەی لـەرووی جەستەییەوە لەناوبەریت.) لە جەنگی کۆندا رم و قەڵغان بەکاردەهێنران، رمەکە بۆ پەلامارو لەناوبردنی دوژمنو، قەڵغانەکە بۆ بەرگریکردن و خۆپاراستن. تاوەکو ئەمڕۆش، هەموو جۆرە چەکەکان درێژبوونەوەی رم و قەڵغان. بۆمب هەڵگرو چەکی ئۆتۆماتیک و تۆپی دورهاوێژ، چەکی دورهاوێژ و گازی ژەهراویی پەرەسەندنی ڕمەو، پەناگەی بۆردومانو خودە و قایمکاریی کۆنکرێت و ماسکی گاز پەرەسەندنی قەڵغانە. تانک چەکێکی نوێیە و کاری ڕم و قەڵغانی کردوە بە یەک. هێرشکردن ئامرازی سەرەکیی

لەناوبردنی دوژمنە، بەڵام ناکرێت دەست لە بەرگرییکردن هەڵبگیرێت. لە هێرشکردندا ئامانجی هەنوکەیی لەناوبردن و تێکشکاندنی دوژمنە، بەڵام لە هەمانکاتدا خۆپاراستنە، چونکە ئەگەر دوژمن تێکنەشکێنرێت، تۆ تێکدەشکێنرێیت. لە بەرگریدا ئامانجی هەنوگەیی ئەوەیە خۆت بپارێزیت، بـەڵام لەهەمانکاتدا بەرگریی ئامرازە بۆ تەواوکردنی هێرشکردن، یان ئامادەبوون بۆ دەستپێکردنی هێرشکردن، کشانەوە لە جۆری بەرگریە و درێژەپێدانی بەرگریە، لەکاتێکدا شوێنکەوتن درێژەپێدانی هێرشکردنە. دەبێت ئاماژەبدرێت کە تێکشکاندنی دوژمن ئامانجی سەرەتایی جەنگە و خۆپاراستن دووەمینە، چونکە تەنها لەناوبردنی دوژمن بە ژمارەی زۆر دەتوانین بە چاکیی خۆمان بپارێزین. لەبەرئەوە، هێرش کە ئامرازی سەرەکیی تێکشکاندنی دوژمنە، سەرەتاییە، لەکاتێکدا بەرگریی، کە ئامرازی تەواوکەری تێکشکاندنی دوژمنەو ئامرازی خۆپاراستنە، دووەمینە.لەجەنگی راستەقینەداو زوربـەی کات رۆڵی سەرەکیی بەرگریی دەبینێت و بە هێرشیش باقیانی کاتەکە بەسەردەبرێت، بەڵام ئەگەر جەنگ بە گشتیی وەربگرین، هێرشکردن بە سەرەتایی دەمێنێتەوە.

هەموو پرەنسیپە رێنماییەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە یەک پرەنسیپەوە هەڵدەقوڵێت: ئەوپەڕی هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردنی هێزی خۆ و لەناوبردنی ئەوەی دوژمنە، کەواتەچۆن پاساو بهێنینەوە بۆ هاندانی قوربانیدان لە

جەنگدا؟ هەموو جەنگێک نرخێک داوا دەکات و هەندێک جار نرخێکی زۆر بەرز، ئایا ئەمە پێچەوانەی « خۆپاراستن « نییە؟ لە راستیدا هیچ پێچەوانەییەک نییە، ئەگەر بە راستتر دایبنێین، قوربانیدان و خۆ پاراستن هەردووکیان پێچەوانەن و تەواوکەری یەکترن، چونکە ئەو جۆرە قوربانییە زەروریە نەک تەنها بۆ لەناوبردنی دوژمن، بەڵکو بۆ خۆپاراستن- نیمچەیی و کاتیی.»خۆنەپاراستن»(قوربانیدان یان باجدان) پێویستە بۆ خاتری خۆپاراستنی گشتیی و هەمیشەیی.لەم پرەنسیپە بنچینەییەوە، زنجیرەیەک پرەنسیپی رێنمایی لەکردەوە سەربازییەکانەوە هەڵدەقوڵێت، کە هەموویان- هەر لە پرەنسیپی تەقەکردنەوە ( خۆحەشاردان بۆ خۆپاراستن و بەکارهێنانی تەواوی هێزی ئاگر بۆ تێکشکاندنی دوژمن) تاوەکو پرەنسیپەکانی ستراتیژ- بڵاوبوونەتەوە لەگەڵ رۆحیەتی ئەم پرەنسیپە. هەموو پرەنسیپە تەکنیکییەکان و هەموو پرەنسیپەکانی پەیوەست بە تاکتیک وهەڵمەتەکان و ستراتیژەوە، نمونەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپە بنچینەییە. پرەنسیپی خۆپاراستن و تێکشکاندنی دوژمن بناغەی هەموو پرەنسیپێکی سەربازییە.

پرەنسیپی ئێمە لەمەڕ ئۆپەراسیۆن بریتین لە :

-1لە پێشدا پەلاماری هێزە تەنیاو پەرشوبڵاوەکانی دوژمن بدە و دواتریش پەلاماری هێزە بەهێزو چڕەکانی دوژمن بدە.

-2لە سەرەتادا شارە بچووک و مامناوەندیەکان و لادێ

چڕەکان بگرە، دواتر شارە گەورەکان بگرە.

3–قەلاچۆکردنی هێزە کاریگەرەکانی دوژمن بکەینە ئامانجی سەرەکیمان، گرتنی شوێن و شار ەکان مەکەنە ئامانجی سەرەکی. گرتنی شارێک یان شوێنێک دەرهاویشتەی لەناوبردنی هێزە کاریگەرەکەی دوژمنەو، زۆر جار دەکرێت شارێک یان شوێنێک بە تەواویی بگیرێت، تەنها دوای ئەوەی چەند جارێک دەستاودەست کەوتوە.

3–لـە هەموو شەڕێکدا هێزێکی تـەواو باڵادەست کۆبکەرەوە (دوو یان سێ یان چوار و هەندێک جار پێنج یان شەش ئەوەندەی هێزی دوژمــن)دەوری هێزەکانی دوژمن بدە بە تەواویی و هەوڵبدە هەموویان لەناوبەریت و رێگە مەدە کەس لە تۆڕەکە رزگاریی ببێت. لە بارودۆخی تایبەتیدا شێوازی «گـورزی پشتشکێن» لە دوژمـن بدە بەکاربهێنە، بەواتای هەموو هێزەکانمان چڕبکەینەوە بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی بەرەیی و هێرشێک بۆ سەر یەک یان هەردوو تەنیشتەکەی، بە مەبەستی قەڵاچۆکردنی بەشێکی و ڕاونانی ئەوی دیکە، بۆ ئەوەی سوپاکەمان بە باشیی وئاسانی سەربازەکانی بجوڵێنێت بۆ تێکشکاندنی هێزەکانی دیکەی دوژمن. هەوڵبدە خۆت دوربخەیتەوە لە شەڕی ماندوبوونی بەردەوام، کە تیایدا زیانمان زۆر تر دەبێت لە دەستکەوت، یاخود وەک یەک دەردەچین.بەم شێوەیە، هەرچەندە وەک سەرجەم ناتەواوە (لەڕووی ژمارەوە)، بێگومان ئێمە باڵادەست دەبین لە هەموو شوێنێک و

لەهەموو هەڵمەتێکدا، ئەمەش زامنی سەرکەوتنە لە هەڵمەتەکەدا. کە کاتیش تێپەڕ دەکات، ئێمە سەروەرو باڵادەست دەبین بە گشتیی و لە ئەنجامیشدا دوژمن قەڵاچۆ دەکەین.

5–هیچ شەڕێک مەکە، ئەگەر خـۆت بۆ ئامادە نەکردبێت، هیچ شەڕێک مەکە، ئەگەر نەزانیت تیایدا براوەیت، لەو بارودۆخەدا کە لەبەردەستدایە لەنێوان خۆمان و دوژمندا هەموو هەوڵێک بدە، تاوەکو سەرکەوتن مسۆگەر بکەیت.

6–وزەو جوڵە بدە بە شێوازی شەڕەکە (بوێریی لە شەڕدا و نەترسان لە ماندوبوون و لە قوربانیدان و شەڕکردنی بەردەوام( بەمانای شەڕی یەک لەدوای یەک لە ماوەیەکی کورتدا بەبێ پشودان)

7–هەوڵبدە دوژمن لەناوبەریت کاتێک دەکەوێتە جوڵە. لە هەمانکاتدا سەرنجی تاکتیکەکانی هێرشی پێگەیی بدە و خاڵ و شارە پارێزراوەکانی بگرە.

8–سەبارەت بە پەلاماردانی شارەکان بە سوربوونەوە هەموو ئەو پێگەو شارانە بگرن، کە بەلاوازیی بەرگریی لێدەکرێت. لەساتە لەبارەکاندا، هەموو ئەوشارو پێگە پارێزراوانەی دوژمن داگیر بکەن، کە بە هێزی مامناوەند بەرگریی دەکەن، بەمەرجێک باودۆخەکە یاریدەدەربێت. سەبارەت بە پێگەو شارەکانی دوژمن کە زۆر پارێزراون، چـاوەڕوان بکەن تاوەکو مەرجەکان لەبار دەبن، پاشان

بیانگرن.

9–هێزەکانمان پڕ بکەینەوە بە هەموو ئەو چەکو سەربازانەی دوژمـن کە دەستگیر کـراون، سەرچاوەی سەرەکی سوپاکەمان لە هێزی مرۆڤ و مەواداکان لە ناو بەرەی شەڕدایە.

10–پشوەکانی نێوان هەڵمەتەکان بەچاکیی بەکاربهێنن بۆ حەوانەوە و مەشقکردن و بەهێزکردنەوەی سەربازەکانمان. ماوەکانی حەوانەوە و مەشقکردن و بەهێزکردنەوە نابێت، بەگشتیی زۆر درێژبن، تا لە توانامانداببێت نابێت بهێڵین دوژمن بواری هەناسەدانی هەبێت.

ئەمانە شێوازە سەرەکیەکانن کە سوپای رزگاریی گەل بەکاریهێناوە لە بەزاندنی «چان کای» چیک دا ئەوانە ئەنجامی هێمن کردنەوەی سوپای رزگاریی گەل لە شەڕدا دژی دوژمنانی ناوخۆ و دەرەکییو، بەتەواویی بۆ باودۆخی ئێستامان گونجاوە.....ستراتیژ و تاکتیکی ئێمە لەسەر بناغەی جەنگی گەل دانراوەو، هیچ سوپایەک کە دژی گەل بێت ناتوانێت ستراتیژو تاکتیکی ئێمە بەکاربهێنێت.

بەبێ ئامادەیی بۆ شەڕ باڵادەستیی راستەقینە نییە و هیچ دەستپێشخەریەکیش ناکرێت. کە لەم خاڵە گەیشتین. هێزێک کە ناتەواو بێت، بەڵام ئامادە بێت، زۆرکات دەتوانێت دوژمنێکی باڵادەست بشکێنێت بە هێرشی کتوپڕ.

## بەشی سێیەم
## (9)
## سوپای میللی

بەبێ سوپای میللی هیچ بۆ میللەت نامێنێتەوە.هۆکار بۆ بەهێزیی ئەم سوپایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەموو ئەندامەکانی ملکەچی نیزام و پرەنسیپن بە هوشیارییەوەو بە تێگەشتنەوە.هەموو پێکەوە شان بەشان شەڕیان کردوە لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەت بۆ چەند کەسانێکی دیاریکراو و کۆمەڵێکی بچووک. تاکە ئامانجی ئەم سوپایە ئەوەیە بە توندیی لەپاڵ گەلی چیندا بوەستن بە هەموو دڵسۆزیەکەوە خزمەتی بکەن.

سوپای سوری چین کۆمەڵیکە ئەرکە سیاسیەکان بۆ شۆڕش جێبەجێدەکات. لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت ئەرکی سوپا تەنها شەڕکردن بێت بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستادا، چونکە بێجگە لە شەڕکردن بۆ تێکشکاندنی هێزی سەربازیی دوژمن، ئەرکی مەزنی دیکەی لەسەر شانە،ئەویش بریتیە لە پروپاگندە کردن لە ناو جەماوەردا و پرچەککردنیان و

ڕێکخستنیان و یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی حوکمڕانیی شۆڕشگێڕانە.بەبێ ئەم ئامانجانە شەڕکردن مانی خۆی لەدەست دەدات سوپای سوریش هۆکاری بوون ومانەوەی خۆی لەدەست دەدات.

سوپای رزگاریی میللی هەمیشە هێزێکی شەڕکەر دەبێت و بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە تاوەکو دوای سەرکەوتنمان لە سەرتاسەری وڵاتدا و لەو قۆناغە مێژووییەدا کە درێژ دەبێتەوە بۆ پێش لابردن و لەناوچوونی توێژ و چینەکان لە وڵاتدا و تێیایدا سیستمی ئیمپریالی لە جیهاندا دەمێنێتەوە و نابێت هیچ تێنەگەیشتنێک و ڕاڕییمان هەبێت دەربارەی ئەم خاڵە.

سوپایەکمان هەیە بۆ شەڕ و «سوپایەک»ی ترمان هەیە بۆ کاری بەرهەمهێنان. سەبارەت بە سوپای شەڕکردن، سوپای نوێی چوارەم و هەشتەممان هەیە، بەڵام ئەم سوپای شەڕکردنە دەبێت دوو ئەرک جێبەجێ بکات کە شەڕکردن و بەرهەمهێنانە. بەم دوو جۆرە سوپایە و تواناکانی سوپای شەڕکردن لە ئەنجامدانی ئەو دوو ئەرکەدا لەگەڵ توانایدا بۆ کاری جەماوەریی دەتوانین بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بین و ئیمپریالیەتی یابانی ببەزێنین.

بەرگریی نیشتمانیمان پتەوتر دەبێت و ناهێڵین هیچ ئیمپریالییەک جارێکی دیکە خاکمان داگیر بکات. پێویستە پارێزگاریی هێزە میللیە چەکدارەکانمان بکەین و لەسەر بنەمای سوپای رزگاریی میلیی ئازا، کە خۆڕاگر بووە

لەبەردەم تاقیکردنەوەکاندا و لە پاڵ سوپای بەهێزدا هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی بەهێزمان دەبێت.

ڕێباز و بۆچوونی ئێمە ئەوەیە، کە حیزب ئاراستەی تفەنگ دەکات و هەرگیز ڕێگە نادەین تفەنگەکان ئاراستەی حیزب بکەن.

پێویستە ئەفسەران و سەربازانی سوپاکەمان هەموو لەیادیان بێت کە ئێمە سوپای ڕزگاریی میللی مەزنین و ئێمە هێزێکین کە پارتی کۆمۆنیستی چینی مەزن ڕابەریی دەکات و بێگومان سەرکەوتن بەدەست دەهێنین، ئەگەر پەیڕەویی ڕێنماییەکانی حیزب بکەین لە هەموو کاتێکدا.

## ( 10 )

## بەشی 10 لە کتێبی سوور

پێکهاتەی لیژنەی حزب نیزامێکی گرنگی پارتەکەیە بۆ زامنکردنی سەرکردایەتیی هەرەوەزیی و ڕێگەگرتن لە بەڕێوەبردنی کار لەلایەن یەک کەسەوە. لەم دوواییەدا سەرنجمان دا، کە کە هەندێک لە دامودەزگا سەرکردایەتییەکان (بێگومان لە هەموویاندا نا) شێوازی قۆرخکردنی کارو بڕیاردان لەسەر مەسەلە گرنگەکان لەلایەن یەک کەسەوە بڵاو بۆتەوە. کۆبوونەوەکانی لیژنەی حزب ئەوە نییە کە بڕیار لەسەر چارەسەریی مەسەلە گرنگەکان دەدات، بەڵکو کەسێک بەتەنیا و بوونی ئەندامانی لیژنەی حزب بووەتە شتێکی رواڵەت. هەروەها جیاوازیی بیروڕا لە نێوان ئەندامانی لیژنە چارەسەر ناکرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە. ئەو یەکێتییەش لە ئەندامانی لیژنە لەناو خۆیاندا پارێزگاری دەکەن، تەنها یەکێتییەکی سەرزارەکیە، نەک راستەقینە. ئەم حاڵەتە دەبێت بگۆڕدرێت پێویستە لە ئێستاوە ڕێسایەکی تۆکمە دابنرێت، لە دەزگا سەرکردایەتییەکاندا، هەر لە نووسینگە هەرێمایەتییەکانەوە

که سەر بە لیژنەی مەرکەزین ئاوەکو لیژنەکانی ناوچە ئیدارییەکان، لە لیژنەکانی بەرەکانەوە بۆ لیژنەکانی لیواکان، هەروەها لە دامودەزگا سەرکردایەتییەکانی ناوچە سەربازی و شۆڕشگێرییەکان یاخود فیرقەکانی سەرکردایەتی و لە فیرقەکانی سەرکردە حزبییەکان لە حکومەت و رێکخراوە میللیەکان و ئاژانسەکانی هەواڵ و خانەکانی رۆژنامەکان. هەموو مەسەلە گرنگەکان (بێگومان نـەک مەسەلە بێبایەخەکان و ئەو مەسەلانەی چارەسەر، یان مشتومڕی لەسەر کراوە لە کۆبوونەوەکاندا و تەنها جێبەجێکردنی بڕیارەکان ماوە دەربارەیان) پێویستە بدرێت بە لیژنەکە کە ئەندامە ئامادەبووەکان مشتومڕی لەسەر دەکەن و رای خۆیان بەبێ شاردنەوە دەردەبڕن و بڕیاری ئاشکرای لەسەر دەدەن و ئەندامە لێپرسراوەکان جێبەجێی دەکەن...لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت کۆبوونەوەکانی لیژنەی حزبیی دوو جۆر بن:کۆبوونەوەی ئەندامە هەمیشەییەکان و کۆبوونەوە گشتییەکان و ناشبێت تێکەڵ بکرێن و دەبێت ئاگادار بین لەسەر و ئەوەشەوە، بەڵام سەرکردایەتی هەرەوەزیی و مەسئولیەتی شەخسی هەردووکیان پێویستن. نابیت ئەم یان ئەو بخرێتە پشت گوێوە لە سەپادا سەرۆکەکان بۆیان هەیە لە کاتی کردەوە سەربازییەکاندا، یاخود کاتێک کە بارودۆخەکە پێویست دەکات، بڕیاری بە پەلە بدەن.

پێویستە لەسەر ئەمینداری لیژنەی حزبی لە ئاستی( فەرماندەی دەستە)ی لێهاتوودا بیت، چونکە لیژنەی حزبی

له (10 تا 20) ئەندام پێکهاتووە، وەکو دەستەی سوپایی وایەوە ئەمینداری ئەم لیژنەیە وەک فەرماندەی دەستەکەیە. لە راستیدا سەرکردایەتیکردنی ئەم دەستەیە بە شێوەیەکی باش کاریکی ئاسان نییە. هەر نوسینگەیەک لە نووسینگە هەرێمایەتییەکانی سەر بە لیژنەی مەرکەزی یان لقی نووسینگەکانی ناوچەیەکی فراوان بەڕێوە دەباث و ئەرکی قورس جێبەجێ دەکاث.ئەم بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردنە تەنها مانای دیاریکردنی ئاراستەی گشتی و سیاسەتەکان نییە، بەڵکو مانای ئەوەشە شێوازی دروسث بۆ کارکردن دابنرێث، چونکە بە دانانی ئاراستەی گشتی و سیاسەتی دروسث، دیسان کێشە روو دەداث ئەگەر شێوازی کارکردن بخرێتە پشتگوێ، بۆیە پێویستە لەسەر لیژنەی حزبیی بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی کە ڕابەری کردنە، ئەنجامی بداث، پێویستە پشث بە پیاوانی «دەستە» کە ببەستێث و یارمەتیان بداث رۆڵی خۆیان بە تەواوی ببینن. وە لەسەر ئەمینداری لیژنەکەیە کە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکێکی باش بۆ دەسنەکە، کۆشش کەر بیث لە فێربوون و لێکۆڵینەوەی مەسەلەکاندا و زەحمەتە ئەمینداری لیژنە یان جێگرەکەی رێبەریی پیاوانی دەسنەکە بە باشی بکاث ئەگەر بایەخ بە ئیشی دیعایە و رێکخستن لە ناویاندا نەداث و بەباشیی چارەسەریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەندامی لیژنەکە نەکاث. ئامرازی سەرخستنی کۆبوونەوەکان دیراسە نەکاث.» پیاوانی دەستە» ئەگەر بە هەنگاوی رێکخراو بەرەوپێش نەچن،

هەرگیز ناتوانن سەرکردایەتیی چەندین ملیۆن کەس لە بیناکردن و جەنگدا بکەن، ئاشکراشە پەیوەندیی نێوان ئەمینداری لیژنە و ئەندامەکانی بەگوێرەی ئەو پڕەنسیپە دەڕوات کە دەڵێت کەمینە لەژێر دەستی زۆرینە دایە.ئەم گفتوگۆیەشمان تەنها بۆ بەراورد هێناوەتەوە.

مەسەلەکان بخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەمەیە کە ئەمینداری لیژنەکە دەبێت بیکات و هەروەها ئەندامانی لیژنەکەش. لە پاشەملە رەخنە مەگرن، بەڵکو دەبێت کە مەسەلەیەک لە مەسەلەکان بەرەو رووتان دەبێتەوە، کۆبوونەوە ئەنجام بدەن، مەسەلەکە باس و مشتومڕی لەسەر بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. ئەوکات مەسەلەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەگەر چەند مەسەلەیەک هاتە پێشەوە و باس نەکرا، بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کە لەوانەیە چەند ساڵێک بخایەنێت. بێجگە لەوەش، پێویستە لەسەر سەر» سەرۆکی دەستە» و ئەندامانی لیژنە تەبا بن، چونکە هیچ شتێک وەک لە یەکگەیشتن و تەبایی و پشتی یەکترگرتن و دۆستایەتی باشتر نییە لە نێوان ئەمینداری لیژنە و ئەندامەکانییەوە لە نێوان لیژنەی مەرکەزی و نووسینگە هەرێمایەتییەکانیدا و لە نێوان ئەم نووسینگانە و لیژنە حزبییەکانی ناوچەکان.

« زانیارییەکان بگۆڕنەوە»، بە واتایەکی دیکە، پێویستە لەسەر ئەندامانی لیژنەی حزبی زانیاریی دەربـارەی بارودۆخەکە بدەن بە یەکتر و هەموو ئەو زانیارییانەی

دەستیان کەوتووە و دەربارەیان بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەمە زۆر گرنگە بۆ دۆزینەوەی زمانی هاوبەش لە نێوانیاندا، بەڵام هەندێک لە ئەندامان ئەم کارە ناکەن، بەڵکو وەک (لاو تسۆ) دەڵێت: بەدرێژایی ژیان سەردانی یەکتر ناکەن، هەرچەندە ئەوان گوێیان لە خوێندنی کەڵەشێر و وەڕینی سەگە لە ماڵی یەکتردا» لە ئەنجامیشدا زمانی هاوبەش نابێت لە نێوانیاندا.

راوێژ لەگەڵ ژێردەستەکانتان بکەن لەو شتانەدا کە ئێوە ئێیناگەن و نایزانن. پەلە مەکەن لە دەبڕینی هەڵوێستەکانتان لەسەر شتێک یان بەرهەڵستنتان لێی.نابێ ئیدیعای زانینی شتێک بکەین، کە زانیاریمان لەسەری نیە و»شەرم نەکەین راوێژ بەوانەی خوار خۆمانەوە بکەین»، بەڵکو پێویستە گوێ بگرین بەباشیی بۆ ڕای کادیرە نزمەکان. خوێندکار بن پێش ئەوەی مامۆستا بن و راوێژ لەگەڵ کادیرە نزمەکان بکەن بەرلەوەی بڕیار دەربکەن. رای کادیرەکان لە ئاستە نزمەکاندا هەیانە راستە و هەیانە هەڵەیە، دەبێت ئێمە دوای بیستنیان لێی بکۆڵینەوە، چونکە ڕا دروستەکان دەبێت گوێیان لێ بگیرێت و بەدوایاندا بچین و ڕا هەڵەکان کە لە ئاستە نزمەکانەوە دێن، دەبێت ئەوانەش گوێیان بۆ ڕابگرین، بەڵام پەیڕەوی ناکەین، بەڵکو رەخنەیان ئاراستە دەکەین.

فێری» پیانۆ لێدان بن». مرۆڤ بۆ ئەوەی پیانۆ لێبدات دەبێت هەر دە پەنجەی بجولێنێت، نەک هەندێکیان

بجوڵێنێت و ئەوانی تر بێ جووڵە واز لێبهێنێت، بەڵام ئەگەر بە هەر دە پەنجەکەی پێکەوە دەستی پیا بنێت دیسان ناتوانێت ئاوازێک بژەنێت. کەواتە بۆ ژەنینی موزیکی جوان پێویستە جووڵەی پەنجەکان بە ریتم و ڕێکوپێک بێت. لیژنەی حزبیش دەبێت ئەرکە سەرەکییەکەی بە توندی بگرێتە دەست، لە هەمان کاتیشدا دەبێت هەرچی کار هەیە لە دەوروبەری ئەم ئەرکە لە بوارەکانی تردا گەشەی پێبدرێت.. ئەمڕۆ ئێمە هاتووینەتە سەر چەندین بواری کارکردن، دەبێت بایەخەکانمان بەسەر کارەکاندا دابەش بکەین لە هەموو ناوچەکان و هەموو یەکە چەکدارەکان و هەموو فەرمانگەکاندا و نابێت بایەخەکانمان تەنها لە هەندێک مەسەلەدا قەتیس بکەین و مەسەلەکانی تر پشتگوێ بخەین، بەڵکو پێویستە پەنجە لەسەر هەموو لایەنەکانی دابنێین. ئەوە ئەو شێوازەیە کە دەبێت شارەزای بین. هەندێک کەس پیانۆ جوان لێدەدات و هەندێکی تر خراپ لێی دەدەن و جیاوازیش زۆرە لە نێوان ئەو ئاوازانەی لە هەردولا گوێبیستی دەبین، بۆیە دەبێت هەڤاڵان لە لیژنەکانی حزبدا بە چاکی» پیانۆ لێ بدەن «.

« بە توندی ئەرکەکانتان بگرنە دەست». ئەمە بە مانای ئەوەیە کە ئەرکی سەرشانی لیژنەی حزبی تەنها ئەوە نییە ئەرکە سەرکییەکانی بگرێتە دەست، بەڵکو دەبێت «بەتوندی بیگرنە دەست»، چونکە تۆ ناتوانیت شتێک بەدەستەوە بگریت، تاوەکو بەتوندی پەنجەکانتی پێوە نەگریت و هیچ

شلیان نەکەیت، بەڵام بە شلی پەنجەکانتی پێوە بگریت ئەوە لە نەگرتنەکەی باشتر نابێت، بێگومان دەست بڵاو بکەیتەوە شتت بۆ ناگیرێت، و هەروەها دەست بدەیتە شتێک و دەستی لێ توند نەکەیت، وا دەردەکەوێت کە لە راستیدا نەتگرتووە. هەڤاڵانیش هەن کە ئەرکەکانیان دەگرنە دەست وەک خەڵکی تر، بەڵام بە باشی ئەنجامی نادەن، لەبەرئەوەی بە توندی نەیانگرتووە. لەبەرئەوە ئەرکەکان جێبەجێ ناکرێن، ئەگەر بەدەست نەیانگریت، و جێبەجێش ناکرێن، ئەگەر توندی و هێزی لەگەڵ نەبێت.

گرنگی بە « ژمارە بدەن »، ئەمە بەو واتایەیە، دەبێت بایەخ بە لایەنی (چەندایەتیی)ی مەسەلەکە بدەین و لێکۆڵینەوەی (چەندایەتیی) بناغەیی بکەین، چونکە هەموو چۆنایەتییەک لە چەندایەتییەکی-بڕێکی -دیاریکراودا بەرجەستە دەبێت، بەبێ چەندایەتیی هیچ چۆنایەتییەک نابێت. زۆر لە هەڤاڵانمان تاوەکو ئەمڕۆش نازانن بایەخ بەلایەنی چەندایەتیی، ئامارە بنەڕەتییەکان و رێژەی سەدیی و سنووری چەندایەتیی کە جۆری شتەکان دیاریی دەکات، بدەن. ئەوان لە مێشکیاندا»ژمارە» یان دەربارەی هیچ شتێک لانییە و ئەنجامەکەش ئەوەیە، کە ناتوانن خۆیان لە هەڵەکان لابدەن.

« راگەیاندن بۆ دڵنیایی کردنی گەل» پێویستە لە سەرەتاوە کۆبوونەوەکان رابگەیەنرێن، بۆ نموونە، دەرکردنی راگەیاندنی گشتیی بۆ دڵنیایی کردنی گەل، بۆ

ئەوەی هەموان بزانن چی لە کۆبوونەوەکاندا باس دەکرێت و ئەو مەسەلانە چین کە پێویستیان بە چارەسەرە، و بۆ ئەوەی هەر یەکەیان زوو خۆی ئامادە بکات. جێی سەرنجە کە هەندێک لە دەستەکان کۆبوونەوەی کادیران ئەنجام دەدەن بێ ئامادەکردنی راپۆرت و پڕۆژەی بڕیارەکان، ئیتر لە کاروبارەکاندا پلان نابێت دوای ئەوەی بەشداربوان ئامادە دەبن. ئەوەش ئەو پەندەمان بیر دەخاتەوە «سوارەکان و ئەسپەکان هاتن، بەڵام ئازووقە و ئالیک ئامادە نەکراوە» ئەمە رەفتارێکی پەسەند نییە. کەواتە لە سازدانی پەلە کۆبوونەوەکاندا مەکەن، ئەگەر بە باشی ئامادە نەکرابن.

«پێویستە هێزەکان لە ژمارەدا کەم بن و لە جۆریشدا باش بن و هەروەها ئیدارە حکومییەکان.» بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە پێویستە وتارو بابەتەکان و بڕیارەکان کورت و پوختە بن و مەبەستەکانیان روون بێت، هەروەها نابێت کۆبوونەوەکان زیاد لە پێویست درێژ بن.

سوور بن لەسەر یەکبوون لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی ڕایان لەگەڵ ڕای ئێوە جیاوازە و پێکەوە کار بکەن. ئەمە رێبازێکە کە دەبێت گرنگیی پێبدەین لە رێکخراوە مەدەنییەکان و لە سوپادا هەروەها ئەوە بەسەر پەیوەندییەکانیشماندا لەگەڵ کەسانی دەرەوەی حیزب، جێبەجێ دبێت. ئێمە لە هەموو بەشەکانی وڵاتەوە هاتووین و بەیەک گەیشتووین، بۆیە دەبێت بەباشیی یەک بگرین و کار بکەین، نەک تەنها لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی هاوڕای ئێمەن، بەڵکو لەگەڵ ئەو

هەڤاڵانەشدا کە رایان لەگەڵ ڕای ئێمەدا جیاوازە.

زۆر ئەگاداری لووتبەرزیی بن. ئەمە مەسەلەیەکە مەبدەئیە بۆ هەموو سەرکردەکان و مەرجێکی گرنگە بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتی و تەنانەت ئەوانەش کە هەڵەی گەورەیان ئەنجام نەداوە، بەڵام سەرکەوتنی گەورەیان لە کارەکانیاندا بەدەستهێناوە، ئەوانیش نابێت لووتبەرزیی بیانگرێت.

دوو هێڵی جیاکەرەوە بکێشن. یەکەم، لەنێوان ئەوەی شۆڕشگێڕە و ئـەوەی دژی شۆڕشە، لەنێوان (یەنان و سیان) بەڵام هەندێک کەس نازانن ئەرکیان ئەوەیە ئەم هێڵە جیاکەرەوەیە بکێشن، بۆیە کاتێک دژی بیرۆکراسی دەجەنگن، بۆ نموونە، باس لە یەنان دەکەن هەروەک» هیچ شتێکی باشی تێدا نەبوو بێت» بێئەوەی بەراورد لە نێوان بیرۆکۆاسیی یەنان و بیرۆکراسیی سیان بکەن. ئەوان بەوە هەڵەیەک لەبارەی بناغەوە دەکەن. دووەم، پێویستە لە ریزەکانی شۆڕشدا هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان راست و هەڵەدا، لەنێوان سەرکەوتنەکان و دژەکاندا بکێشرێت و جیابکرێنەوە کامیان شتێکی بنەڕەتییە کامیان بە پلەی دووەم دێت. بۆ نموونە، جیابکرێتەوە، ئایا سەرکەوتنەکان بە رێژەی 30% یە یان 70%؟ ئەم رێژەیەش نابێت کەم بکرێتەوە یان زیادەڕۆیی تێدا بکرێت، بەڵکو دەبێت کاتێک کە تەماشای کارەکانی کەسێک دەکرێت، راپۆرتێکی بنەڕەتیمان هەبێت و دیاری بکەین، ئایا سەرکەوتنەکانی 30% یە و هەڵەکانی

70%یە یاخود بە پێچەوانەوە.ئەگەر سەرکەوتنەکانی 70% بیت پێویستە لەسەرمان کاری ئەم کەسە بەرز بنرخێنین لەڕووی بناغەوە. هەڵەیە ئەگەر هەڵەکانی کەسێک بە بەرز دابنێین، لە کاتێکدا سەرکەوتنەکانی بەرز بێت. پێویستە لەسەرمان کاتێک تەماشای مەسەلەیەک لە مەسەلەکان دەکەین، لەبیرمان نەچێت ئەم دوو هێڵە جیاکەرەوەیە بکێشین: ئەو هێڵەی ئەوەی شۆڕشگێڕە و ئەوەی دژە شۆڕشە جیا دەکاتەوە.وە ئەو هێڵەی سەرکەوتنەکان و دژەکان جیا دەکاتەوە. ئەگەر ئەم دوو هێڵە لە مێشکماندا هەڵبگرین، کارەکان بە باشیی دەڕوات، دەنا سروشتی مەسەلەکانمان لێ تێکەڵ دەبێت. تەبیعی، بۆ کێشانی ئەم دوو هێڵە بە راستیی، دەبێت دیراسەیەک و شیتەڵێکی ورد بکەین و هەڵوێستمان بەرامبەر هەموو کەسێک و هەموو مەسەلەیەک دەبێت هەڵوێستی شیتەڵکردن و دیراسە بێت.

پێویستە بە توندی لە سنووری رێکخستندا پرەنسیپی ژیانی دیموکراتیی ئاراستەکراو لە سایەی مەرکەزیەتدا جێبەجێ بکرێت، بەمەرجێک ئەوە بەم شۆڕشەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

1- دەبێت دەزگا سەرۆکایەتییەکانی حیزب هێڵێکی راست لە ئاراستەکردندا دابنێت و بتوانێت چارەسەر بۆ هەر کێشەیەک روبەڕووی بێتەوە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆئەوەی ببێتە مەڵبەندی سەرۆکایەتی.

2-دەبێت دەزگاکانی باڵا شارەزای بارودۆخی دەزگا

نزمەکان بێت، هەروەها شارەزای ژیانی جەماوەر بێت بۆ ئـەوەی ئەم شارەزاییە ببێتە بناغەیەکی بابەتی بۆ ئاراستەکردنی راست.

-3دەبێت رێکخراوە حیزبییەکان لە هەموو ئاستەکاندا، کاتێک دەیانەوێت کێشە چارەسەر بکەن بریار لەخۆڕاوە نەدەن بەبێ بیرکردنەوە و ئەگەر بریارێک لە بریارەکانیاندا دەبێت بە توندی جێبەجێی بکەن.

-4 هەر بڕیارێکی گرنگ ئەم دەزگا حیزبییە باڵایانە دەیدەن، دەبێت بەپەلە لە هەموو دەزگا نزمەکانەوە و بۆ هەموو جەماوەری حیزب بگوازێتەوە.

دەزگا نزمەکانی حیزب و جەماوەری ئەندامان دەبێت بە درێژی مشتومڕ لەسەر رێنماییەکانی دەزگا باڵاکان بکەن، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ماناکانی بگەن و بڕیار لەسەر شێوازی پەیڕەوکردنی ئەنجامدانەکەی بدەن.

## (11)

## ڕێچکەی جەماوەریی:

گەل و بەتەنیا گەل، هێزی بزوێنەرە لە دروستکردنی مێژووی جیهان.

جەماوەر پاڵەوانە ڕاستەقینەکانە و ئێمە لە زۆر حاڵەتدا سادەین و مایەی پێکەنینین و بەبێ ئەم تێگەیشتنە مەحاڵە سادەترین زانست بەدەست بهێنرێت.

جەماوەری میللی هێزێکی خوڵقێنەری بێ سنوورە. دەتوانێت خۆی ڕێک بخات و بچێتە ناو هەموو بوارەکان و لقەکانی کار کە بواری تێدا بەدی بکات بۆ خستنەگەڕی وزەکانی لەپێناو قووڵکردنەوەو فراوانکردنی بەرهەم بەرەوپێش بچێت، تاوەکو بۆ خۆی بە خۆشگوزەرانی فراوانەوە پڕۆژە دابمەزرێنێت.

ئەم بوژاندنەوەیەی ئێستا کە بزووتنەوەی جوتیاران بەخۆوە دەیبینێت، ڕووداوێکی مەزن و گەورەیە.،وە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لەم بووژاندنەوەیەدا سەدان ملیۆن جوتیار لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور و باکوری چین ڕادەپەڕن بەهێز و تەوژمێکی زۆر وەک گەردەلول کە هیچ

هێزێکی دیکە، هەرچەند مەزن بێت، ناتوانێت لە روویا بوەستێت. ئەوانە هەموو کۆت و بەندەکان کە پێوەندی کردوون، تێکدەشکێنن و بەرەو رێگەی رزگاری هەنگاو دەنێن و هەموو ئیمپریالییەکان و ئاغایانی جەنگ و گەندەڵکاران و تاوانباران فڕێ دەدەنە ناو چاڵی مەرگەوە، بەڵام حیزب و هەڤاڵە شورشگێڕەکان خۆیان لەبەردەم تاقیکردنەوەی جووتیاراندا دەبیننەوە و ئەوانەی بڕیار لەسەر قبووڵ کردنیان یان رەتکردنەوەیان دەدەن. ئایا سەرۆکایەتیی و ڕابەریی جووتیاران دەکەن و یان لە پشتیانەوە دەوەستن و رەخنەیان لێدەگرن؟ یان لەڕوویاندا دەوەستن و دژیان دەبن؟ هەموو چینێک ئازادە لە هەڵبژاردنی یەکێک لەم سێ هەڵوێستە، هەرچەندە بارودۆخەکە ناچارت دەکات بەپەلە هەڵبژێریت.

هەڵکشانی بەرزی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە لادێکاندا بە رابەریی بزووتنەوەی هەرەوەزییەکان لە هەندێک ناوچەکاندا ئەمڕۆ دەرکەوتووە و بەمزوانەش هەموو ناوچەکانی وڵات دەگرێتەوە. ئەمە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ئیشتراکییە فراوانە، کە دایشتوانی لادێکان پێی هەڵدەستن و ژمارەیان لە 500 ملیۆن زیاترە، بزووتنەوەیەکی پڕمانای جیهانییە کە زۆر مەزنە. ئەرکی ئێمەیە بە گەرمی و بە گوێرەی پلانی دانراو رابەریی بکەین، نەک بە هەموو شێوەیەک بەرەو دواوەی بەرین و رووداوی هەندێک لادان لەکاتی بزووتنەوەکەدا مەسەلەیەکە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین.

ئەوە شتێکە دەتوانین تێی بگەین، بەڵام ڕاستکردنەوەی لادانەکان گران نابێت، چونکە کادیرەکان و جووتیارەکان دەتوانن چارەسەری دژ بەیەکەکان و هەڵەکانیان بکەن، ئەگەر یارمەتیی ئیجابیان بدەین.

جەماوەر گرو تینی ئیشتراکیی زۆری تێدایە، بەڵام ئەو کەسانەی تەنها لەسەر شێوازی کۆن دەڕۆن، تەنانەت لە قۆناغی شۆڕشگێریشدا، ئەم گڕوتینە نابینن بە هیچ جۆرێک. ئەوانە نابینان، بەردەمی خۆیان بە تاریکی دەبینن و هەندێک جار دەگەنە رادەیـەک ڕەواو نـاڕەوا تێکەڵ دەکەن و ڕاستییەکان ئـاوەژوو دەکەنەوە. ئایا کەسانی لەم جۆرەمان کەم بینیوە؟ ئەوانەی تەنها لەسەر شێوازی کۆن دەڕۆن بەردەوام لە گڕوتینی گەل کەم دەکەنەوە. هەرکات شتێکی نوێ هاتە بەردەمیان یەکەم شت نکۆڵی لێدەکەن و دەکەونە بەرهەڵستی کردنی و پاشان بەناچاری دان بە دۆڕاندنی خۆیاندا دەنێن و بە رواڵـەت رەخنە لە خۆیان دەگـرن و ئەگەر جارێکی دیکە شتێکی تازە بەرەو روویان بوەوە، هەمان شت دووبارە دەکەنەوە، بەڵکو بەرامبەر هەموو شتێکی تازە دووبارەی دەکەنەوە کە دێتە بەردەمیان. ئەم جۆرە کەسانە بەردەوام لە هەڵوێستی دوودڵـی و رارایـی کردن و لە ساتە یەکلاکەرەوەکاندا پاشەکشێ دەکەن و هەموو جار پێویستیان بە پاڵێکی توندە لەدواوە بۆ ئەوەی هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بڕۆن.

پارتەکەمان بیست ساڵ زیاترە رۆژانە کاری جەماوەری

دەکاتْ و هەموو ڕۆژێک تەئکید لەسەر ڕێچکەی جەماوەری دەکاتْ لە ماوەی ئەم چەند دە ساڵەی دووایییەدا. ئێمە هەمیشە داوای پشتْ بەستن بە جەماوەری میللی لە شۆڕشدا دەکەین کە هەموان تیایدا بەشدار بن و سنووردارکردنی پشتْ بەستن بە تەنها چەند کەسێک کە هیچ کاریان نییە بریار دەرکـردن نەبێتْ، بەرهەڵستیی دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا هێڵی جەماوەری بەبێ جێبەجێ کردن لە کاری هەندێک هەڤاڵاندا ماوەتەوە. ئەوانە تا ئێستا بە کشوماتی و سستی کار دەکەن و پشتْ بە ژمارەیەکی کەم لە خەڵک دەبەستن .لەهۆکاری ئەوانەش، ئەوان کە کارێک لە کارەکان جێبەجێ بکەن نایانەوێتْ بە ڕوونی باسی بکەن بۆ ئەوانەی ڕابەرییان دەکەن و ئەوانە نازانن بۆچی و چۆن گڕوتین و هێزە خوڵقێنەرەکانیان دەربخەن، هەرچەندە خوازیارن هەموان بەشداری بکەن لە کاردا، بەڵام مانا و سروشتی کارەکە، یان چۆنێتی ئەنجامدانەکەیان پێ ناڵین. ئیتر چۆن لەم حاڵەتەدا هەموان بەرز ببنەوە بۆ کارکردن و بە شێوەیەکی پەسەند ئەجامی بدەن؟ ئامرازی سەرەکی بۆ چارەسەریی ئەم مەسەلەیە بێگومان ڕۆشنبیرکردنی ئەمانەیە لەڕووی ئایدۆلوژیاوە و وانە پێگوتنیانە لە ڕێچکەی جەماوەرییەوە لە هەمان کاتیشدا دەبێتْ ئەم هەڤاڵانە گەلێک شیوازی کارکردنیان فێر بکرێتْ.

شارەزاییمان لە ماوەی 24 ساڵدا فێری کردووین کە هەموو ئەرک و سیاسەتْ و شێوازێکی کارکردنی دروستْ

لەگەڵ داواکاریی جەماوەردا یەکدەگرێتەوە لە کات و شوێنی خۆیدا و پەیوەندیمان پێوە بەهێز دەکاتەوە ئەوانەش کە هەڵەن لەوانە، ئەوانەن کە لەگەڵ داواکاریی جەماوەردا ناگونجێن لە کات و شوێنی خۆیدا و دورمان دەخاتەوە لێی. هۆکاری ئەوەی کە چەقبەستنی بیروباوەڕ و تاقیکردنەوەیی و شێوازی بڕیار دەرکـردن بەتەنیا و دوورەپـەرێـزی و بیرۆکراسیی و هەڵەشەیی لە کاردا و خراپەکانی دیکە، بێگومان زیانبەخشن و نابێت بە هیچ جۆرێک بهێڵرێنەوە. دەبێت بەپیرییانەوە بچین ئەگەر لە هەر کەسێک رووی دا. کە دەڵێم ئەم شێوازانە زیانبەخشن، بێگومان لەبەر ئەوەیە کە لە جەماوەرمان دوور دەخاتەوە.

ئەگەر ویستمان بچەسپین بە جەماوەرەوە، دەبێت بەگوێرەی پێویستییەکان و خواستەکانی جەماوەر کار بکەین، چونکە هەر کارێک بۆ بەرژەوەندیی جەماوەر بکەین، دەبێت لە پێویستیەکانیانەوە هەڵقوڵا بێت، نەک لە ئارەزوە شەخسییەکانمانەوە. زۆر جار دەبینین جەماوەر پێویستیان بە چاکسازییەکی دیاریکراو هەیە، هەرچەندە لەو پێویستییە ئێناگەن و سوور نین لەسەر ئەو چاکسازییە و ئارەزویان لێی نییە. لەم حاڵەتانەدا دەبێت بە ئارام بین و چـاوەڕوان بین تاوەکو زوربەی جەماوەر تێی دەگات دوای ئەوەی ئەرک دەکێشین بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری لەنێوانیاندا و سووربونیان و ئارەزویان بۆ ئەو چاکسازییە. ئیدی تەنها ئەوکاتە دەتوانین دەست بە چاکسازی بکەین،

دەنا لە جەماوەر دوور دەکەوینەوە. بەو جۆرە، هەر کارێک پێویستە بە بەشداریکردنی جەماوەر بکاتە دەبێتە شێوەیەک و شکست دەهێنێت، ئەگەر بە هوشیاریەوە و بە ویستی خۆی بەشداریی نەکات. دوو پڕەنسیپ هەن دەبێت ئەگاداری بین و پەیڕەوی بکەین. یەکەم، دەبێت پێویستییەکی فیعلی جەماوەریی هەبێت، نەک پێویستییەکی وەهمی کە خۆمان لە خەیاڵماندا بێت.دووەم، دەبێت ئیرادەی جەماوەری هەبێت، چونکە جەماوەر خۆی بریار دەدات نەک ئێمە نوێنەرایەتیی بکەین لەو بڕیاردانەدا.

پێویستە لەسەر کۆنگرەکەمان بانگەوازێک بۆ حیزب بکات کە بە ئاگا بن و سەرنجی هەڵسوکەوت و کاری هەموو هەڤاڵان بن لە هەموو بازنەکانی کاردا بۆ ئەوەی لە جەماوەر دوور نەکەونەوە. حیزبیش دەبێت هەموو هەڤاڵێک تێبگەیەنێت کە جەماوەری گەلی خۆش بوێت و بە چاکی گوێبیستی دەنگیان بێت و خۆی بە یەکێک لەوان بزانێت بۆ هەر کوێیەک بچێت و بچێتە ناویان و خۆی بە بەرزتر نەزانێت لەوان و کار بکات بۆ رابوونیان و بەرزکردنەوەی هۆشیارییان و ئاگاداری ئاشتی ئێستیان بێت و یارمەتیان بدات بەرەبەرە خۆیان رێک بخەن بەگوێرەی پرەنسیپی خۆبەخشی بۆ ئەوەی بەرەبەرە دەست بە هەموو خەبات و هەوڵە پێویستەکان بکەن بە گوێرەی رەوشی ناوخۆ و دەرەوە لە کات و شوێنی خۆیدا.

ئەگەر بریارمان دا هێرش بەرین بەرلەوەی جەماوەر لە

پێویستی ئەو هێرشە بگاتێ ئەوە دەبێنە سەرکێشی و ئەگەر جەماوەر بە زۆر رابکێشین بۆ کارێک کە دژی خواستیان بێت، ئەوا بێگومان شکست دێنین و ئەگەر جەماوەر ویستی بەرەوپێش بڕوات و ئێمە نەمان ویست، ئەوە هەلپەرستیی ڕاستڕەویە. شێوازی (تەنها بڕیاردەرکردن) شێوازیکی هەڵەیە لە هەموو جـۆرە کارێکدا، چونکە لە ئاستی هوشیاریی لای جەماوەر، تێدەپەڕێت و دژی پرەنسیپی رێزگرتنە لە ویستی جەماوەر و خواستەکانی. ئەوە نەخۆشیی هەڵەشەیی دەردەخات. نابێت هەڤاڵانمان پێیان وابێت کە هەموو ئەو شتانەی ئـەوان تێدەگەن جەماوەرە فراوانەکەش وەک ئەوان تێیدەگات. ئێمەش نازانین ئایا جەماوەر تێدەگات و ئامادەیە بۆ کارکردن لە رێگەی لێکۆلینەوە و پشکنین لەناو جەماوەردا. کە ئەوەمان کرد دەتوانین خۆمان لە شێوازی (تەنها بڕیاردەرکردن) لا بدەین. پاشکۆییش هەروەها، شێوازێکی هەڵەیە لە هەر جـۆرە کارێکدا، چونکە بە دواکەوتنی لە ئاستی هوشیاریی سیاسیی لای جەماوەر و رەتکردنەوەی پرەنسیپی رابەریی جەماوەر بۆ پێشەوە، نەخۆشی و دەردی سستیی دەردەخات.کەواتە نابێت هەڤاڵانمان وابزانن کە جەماوەر ئەو شتانەی ئەوان نایزانن ئەمانیش نایزانن، چونکە زۆر جار دەبینین جەماوەرە فراوانەکە لە پێشمانەوەن و زۆر تامەزرۆی هەنگاوێکی دیکەن بۆ پێشەوە، بەڵام هەڤاڵانمان، لەبری ئەوەی هەستن بە سەرکردایەتی کردنی جەماوەرە

فراوانەکە بۆ پێشەوە، بڕوا بە ڕاو بۆچوونی هەندێک لە ئەندامە دواکەوتوەکانیان دەکەن و ڕای جەماوەرە فراوانە کە بە هەڵە دادەنێن. بەوەش دەبنە پاشکۆی ئەم جۆرە کەسانە.

پوختەکردنی ڕای جەماوەر و گێڕانەوەیان بۆ جەماوەر دوای پوختەکردنەکە و بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی بەمەبەستی دەستکەوتنی ڕای دروست بۆ ڕێنمایی کردن، ڕێگەی بنچینەییە لە سەرکردایەتی کردندا.

هەر سەرکردایەتی کردنێک لە هەر کارێکی واقیعیدا لە کاری پارتەکەماندا ئەنجام نادرێت بە جێبەجێکردنی شێوازی» لە جەماوەرەوە بۆ جەماوەر» نەبێ ئیتر ئەم پرەنسیپەش بەمانای کۆکردنەوەی ڕاکانی جەماوەر (ڕا جیاوازە ڕێکنەخراوەکان) و پوختەکردنیان (واتە دیراسە کردنیان و پووختەکردنیان بۆ ڕای چڕکراوەی ڕێکخراو)، پاشان گێڕانەوەی ڕا کورتکراوەکان بۆ جەماوەر و بانگەشە بۆکردنیان و ڕوونکردنەوەیان بۆ ئەوەی تێی بگەن و ببنە ڕای تایبەت بە خۆیان و پابەندی بن و بە کردەیی جێبەجێی بکەن و لە کاتی جێبەجێکردنیاندا لەلایەن جەماوەرەوە ئەم ڕایانە تاقی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن دروستن یان نا. پاشان هەمان شت دووبارە دەکرێنەوە، ڕای جەماوەر کۆ دەکرێنەوە، بۆیان دەگێڕدرێنەوە دوای پوختە کردنیان و پەیڕەوی دەکەن و جارێکی تر جێبەجێی دەکەن.....ئیدی بەو جۆرە ڕاکان جار لەدوای جار دروستتر دەبن، بەتینتر و

زۆرتر دەبن. ئەوە تیۆریی مارکسیە لە مەعریفەو زانستدا.

دەبیت روو لە جەماوەر بکەین و لێوەیان فێر بین و ئەزموونەکانیان پوختە بکەین و رێکیان بخەین و بیانکەینە رێباز و ئامرازی باشتر، پاشان بۆ جەماوەری بگوێزینەوە (لە رێگەی پڕوپاگەندەوە) وە داوایان لیبکەین جێبەجێی بکەن بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگرن بۆ چارەسەریی کێشەکانیان تاوەکو بتوانن سەربەستی بەدەست بهێنن و بکەونە کامەرانیەوە.

هەندێک لە هەڤاڵانمان لە دەستەکانی سەرکردایەتیدا لە هەندێک شوێن پێیان وایـە کە ئەوەندە بەسە کە سەرکردایەتی سیاسەتەکانی حیزب بزانێت بێ ئەوەی پێویست بێت جەماوەری لێ تێبگەیەنرێت. ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانە کە ناتوانین هەندێک لە کارەکانمان بە باشی جێبەجێ بکەین.

جەماوەر بەگشتی، لە هەر کوێیەک بن دەکرێن بە سێ کۆمەڵەوە: کۆمەڵێکی چالاک تارادەیەک، کۆمەڵێکی ناوەند و کۆمەڵێکی تاڕادەیەک دواکەوتوو. بۆیە دەبێت سەرکردەکان کار بەباشیی بکەن بۆ یەکبوون لەگەڵ کەمینە چالاکەکاندا و پشتیان پێ ببەستن و بیانکەنە بڕبڕەی پشتی سەرۆکایەتی لە بەرزکردنەوەی هوشیاریی کەسە ناوەندەکان و ڕاکێشانی کەسە دواکەوتووەکان.

شـارەزایـی لە گۆڕینی سیاسەتی حیزبدا بۆ کاری جەماوەری و چاکتێگەیشتن لە جەماوەری فراوان لەگەڵ

کادیرەکانی سەرکردایەتیی، تاوەکو تەواو شارەزای هەموو جووڵە و خەباتێک بن کە ئێمە پێی هەڵدەستین، ئەوە هونەرێکی سەرکردایەتیی مارکسی-لینینی یەوە هێڵی جیاکەرەوەیە کە دیاریی دەکات ئایا ئێمە لە کارەکەماندا هەڵە دەکەین یان نا.

ئەگەر کۆمەڵی سەرکردایەتیی بەتەنیا بەگوڕو تینەوە کار بکات، بێئەوەی گڕوتینی خۆیان و ئەوەی جەماوەر بکەن بە یەک، ئەوا گڕوتینیان لە هەوڵی بێئاکامدا، کە کەمینەیەک لە خەڵک ئەنجامی دەدەن، کز دەبێت و نامێنێت، بەڵام ئەگەر جەماوەرە فراوانەکە بە گوڕوتین بن و کۆمەڵێکی سەرکردایەتیی بەهێز نەبینن، ئەرکەکانیان بە باشیی رێک بخات، ئەوا مومکین نییە ئەو گڕوتینە بەردەوام بێت، بە ئاراستەیەکی دروستدا بڕوات، یاخود هەڵکشێت بۆ ئاستێکی بەرزتر.

ئەو بەرهەم و بەرژەوەندی و ئەزموون و هەستانەی جەماوەر پراکتیزەی دەکات، ئەو شتانەیە کە دەبێت کادیرەکانی سەرکردایەتیی بەردەوام بایەخی پێبدەن و ئاگاداری بن.

پێویستە لەسەرمان گرنگیی زۆر بەو کێشانە بدەین کە پەیوەستن بە ژیانی جەماوەرەوە، لە کێشەی زەوی و کارەوە تاوەکو کێشەی پێویستییەکانی رۆژانە لە دار و ڕۆن و برنج و خوێ و....هتد. هەموو ئەم کێشانەی بە ژیانی جەماوەرەوە پەیوەست دەبێت، بخرێنە خشتەی

چوارچێوەی کارەکانمانەوە. دەبێت مشتومڕی لەسەر بکەین و بڕیاری بۆ بدەین و بڕیارەکانیش جێبەجێ بکەین و لە ئەنجامی جێبەجێکردنەکەش وردبینەوە، هەروەها دەبێت لە و جەماوەرە فراوانەی بگەیەنین کە ئیمە نوێنەرایەتیی بەرژوەندییەکانیان دەکەین و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشیانین. دەبێت یارمەتییان بدەین و تێبگەن لەو ئەرکانەی دیاریمان کردوون، کە گرنگییان زیاترە، مەبەستمان ئەرکە شۆڕشگێرییەکانی جەنگە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی شۆڕش بن و ئامانجەکانی لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی جەماوەر وەڵامی بانگەشە سیاسییەکانمان بداتەوە تا دواکات لەپێناو سەرکەوتنی شۆڕشدا خەبات بکەن.

## ( 12 )
## کاری سیاسیی

لەو ماوەیەدا (واتە ماوەی جەنگی یەکەمی ئەهلی شۆڕشگێڕی کەلە سالی 1924 وە دەستپێکرد و تاوەکە 1927 ی خایاند)وە بۆ یەکەم جار لە مێژووی چیندا لە هێزە چەکدارەکاندا نوێنەری حیزب دانـران و دائیرەی سیاسیی تیا دامەزرێنرا و ئەم نیزامە رواڵەتێکی نوێی بە ئەم هێزانە بەخشیوە و سوپای سوور، کە ساڵی 1927 دامەزرا و سوپای هەشتەمیش ئەم نیزامەیان بۆ مایەوە و پەرەیان پێدا. سوپای رزگاریی میللی لە ریزەکانیدا کارێکی سیاسیی شورشگێڕی چالاکیی بونیاد نا کە بە هۆکارێکی بەهێز دادەنرێت لە سەرکەوتندا بەسەر دوژمندا لەسەر بناغەی جەنگی میللی و پڕەنسیپی یەکێتی نێوان سوپا و گەل و یەکێتیی نێوان فەرماندەکان و جەنگاوەرەکان و پڕەنسیپی لێکهەڵوەشاندنی هێزەکانی دوژمن.

لەم سوپایەدا زنجیرەیەک کاری سیاسی کە بۆ جەنگی میللی پێویستە، کامڵ بووە، کە بۆ ئامانجی یەکخستنی ریزەکانی سوپاکەمانە و یەکبوون لەگەڵ سوپا دۆستەکان و یەکبوون لەگەڵ گەل و لێکهەڵوەشانی سوپای دوژمن و

مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لە شەڕدا.

کاری سیاسی شادەماری ژیانە لە هەموو کارە ئابوورییەکاندا. ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی، لەکاتی گۆڕینی نیزامی ئابووریدا لە رەگ و ریشەوە، جێبەجێ دەکرێت.

دامەزراندنی لقێکی حیزبی لە دەستەیەکی سوپادا هۆکارێکی گرنگە لە توانای سوپای سووردا بۆ شەڕکردن ئازایانە و بوێرانە لە باودۆخی قورسدا بێئەوەی شکست بهێنێت.

سوپای هەشتەم لە کاری سیاسیدا سێ رێبازی سەرەکی دەکاتە رێنمایی: یەکەم، پرەنسیپی یەکێتیی نێوان پلەدارو سەربازەکان. ئەوەش لە رێگای ریشەکێشکردنی دەرەبەگایەتیەوە دەبێت لە سوپادا و رێگەگرتن لە رووشکاندنی سەربازەکان و لێدانیان و بیناکردنی سیستمێکی هۆشمەند، بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشیی ژیاندا. لە ئەنجامی ئەوە، سوپا بەکۆمەڵ دەبێتە یەکگرتوویەکی پتەو. دووەم، پرەنسیپی یەکێتیی نێوان سوپا و گەل. ئەوەش لە رێگای جێبەجێکردنی نیزامێکی ورد دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ جەماوەردا کە رێگ نەدات بە هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی و پڕوپاگندەکردن لەناو جەماوەردا و رێکخستنی و پڕچەک کردنی و سووک کردنی باری دارایی لەسەر شانی و لێدانی خیانەتکاران و یاریدەدەرانی دوژمن کە زیان بە سوپا و گەل دەگەیەنن. بەهۆی ئەوەوە

دەبینین سوپا لەگەڵ گەلدا بە یەکێتییەکی پتەو یەکدەگرن و لە هەموو شوێنێک پێشوازییان لێدەکرێت. سێیەم، پرەنسیپی لێکهەڵوەشاندنی هێزەکانی دوژمن و لێبوردەیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیلی جەنگدا. سەرکەوتنمان بەند نییە لەسەر کردەوە سەربازییەکانمان بەتەنیا، بەڵکو لەسەر لێکهەڵوەشاندنی هێزەکانی دوژمنیش بەندە.

دەبێت هێزەکانمان پەیرەوی پرەنسیپە دروستەکان بکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێوان سوپا و گەل و نێوان سوپا و حکومەت و لەنێوان سوپا و حیزب و لە نێوان ئەفسەران و سەربازاندا و لەنێوان کاری سەربازی و کاری سیاسی و پەیوەندییەکانی نێوان کادیرەکان وە پێویستە دووچاری هەوەسی میرەکانی جەنگ نەبن. پێویستە ئەفسەرەکان بە چاکی ئاگاداری سەربازەکانیان و بن نابێت بە ناگرنگ و بێبایەخ تەماشای بەرژەوەندییەکانی سەربازەکانیان بن، ناشبێت سزای جەستەییان بدەن. دەبێت سوپا ئاگاداری گەڵ بکات و ناگونجێت، زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەل بگەیەنێت. پێویستە سوپا رێز لە حکومەت و حیزب بگرێت و بە هیچ جۆرێک نابێت بە سەربەستی و دوور لە حکومەت و حیزب کار بکات.

سیاسەتی ئێمە سەبارەت بە ئەو دیلانەی لە هێزەکانی یابان و بەکرێگیراوان و دوژمنانی شیوعیەت ئەوەیە بەرەڵا بکرێن، بێجگە لەوانەی جەماوەر رقی تەواوی لێیانە و شایستەی مەرگن و لایەنە لێپرسراوەکان رەزامەندی لەسەر

گوللەباران کردنیان داوە، بەڵام ئەوانەی ناچار کراون بچنە ناو هێزەکانی کۆنەپەرستان و ئارادەیەک مەیلی شۆڕشیان هەیە، دەبێت ژمارەیەکی زۆریان بۆ خۆمان رابکێشین، بۆ ئەوەی خزمەتی سوپاکەمان بکەن و ئەوانی دیکەش هەموو ئازاد بکرێن. ئەگەر جارێکی دیکە بەدیل گیران لامان، دیسان بەرەڵا بکرێن و نابێت سوکایەتییان پێبکەین، یان پارەو کەلوپەلیان لێ زەوت بکەین، یان هەوڵ بدەین ناچاریان بکەین نکۆڵی لە دڵسۆزیی کۆنیان بکەن، بەڵکو دەبێ بەبێ جیاوازیی بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. هەرچۆنێک لە کۆنەپەرستیدا نوقم بن، دەبێت ئەم سیاسەتەیان لەگەڵدا بەکار بهێنین، کە سیاسەتێکی زۆر کاریگەرە لە کەنارکردنی سەربازگەی کۆنەپەرستیدا.

چەک هۆکارێکی گرنگە لە جەنگدا، بەڵام هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نییە، چونکە هۆکاری یەکلاکەرەوە مرۆڤە نەک ماددە. رێژەی هێز ناکەوێتە سەر هێزی سەربازی و ئابووریی، بەڵکو بەمانای رێژەی توانا و وەرەی مرۆڤە، چونکە هێزی سەربازی و ئابووریی پێویستی بە سەرپەرستیی مرۆڤ هەیە.

بۆمبی ئەتۆمی پڵنگێکی کاغەزە کۆنەپەرستە ئەمریکییەکان بەکاری دێنن بۆ ترساندنی خەڵک و زۆر ترسناک دیارە، بەڵام لە راستیدا وا نییە، بێگومان بۆمبی ئەتۆمی چەکێکە بۆ کۆکوژی، بەڵام گەل بڕیار لەسەر ئەنجامی جەنگ دەدات، نەک چەکی تازە یان دوو چەک.

بناغەی سوپا سەربازەکانە. ئەگەر گیانی سیاسی پێشکەوتوو لە پیاوانی سوپادا نەچێنین و کاری سیاسیی پێشکەوتوو نەکەین، بۆ ئەم مەبەستە ئەوا ناگەینە یەکێتییەکی ڕاستڎ لە نێوان پلەداران و سەربازاندا و گڕوتینیان جۆش بدەین لە جەنگی بەرگریدا ئاڕادەیەکی بەرز و هەموو کەلوپەلە فەنییەکانمان و تاکتیکە سەربازییەکان ئەوکاتە پێویستیان بە باشترین بناغە دەبێت بۆ دەرخستنی چالاکییە پەسندەکانیان.

دیدو بۆچوونی سەربازی رووت زۆر بڵاوە لەناو هەڤاڵاندا لەناو سوپای سووردا. ئەمانەش رواڵەتەکانیەتی:

1- ئەم هەڤاڵانە وای دادەنێن کە کاروباری سەربازی و کاروباری سیاسی دژی یەکترن و نایانەوێت دان بنێن بەوەدا کە کاروباری سەربازی تەنها ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ئەنجامدانی ئەرکە سیاسییەکان. هەندێک زیاتریشی پێوە دەنێن و وای دادەنێن کە کاروباری سەربازی رابەری کاروباری سیاسی دەکات کە دەڵێت» شتێکی سروشتیە مرۆڤ لەڕووی سیاسەتەوە باش بێت، ئەگەر سەربازێکی چاک بێت، بەڵام ئەگەر سەربازی چاک نەبێت، مەحاڵە سیاسییەکی باش بێت.»

رۆشنبیری فیکری هۆکاری سەرەکییە لە یەکخستنی ریزەکانی حیزب هەموو بۆ ئەوەی خەباتی سیاسیی مەزن بخاتە ئەستۆ. ئەمەش گرنگە، ئەگەر نەتوانین ئەنجامی بدەین، ناتوانین ئەرکە سیاسییەکانی دیکەی حیزب بە

ئەنجام بگەیەنین.

لەم دواییەدا کاری سیاسی و فیکری لەناو رۆشنبیران و خویندکارە گەنجەکاندا لاواز و کز بووە و هەندێک لادان و خواری لەناویاندا دەکەوتووە. لای هەندێک کەس سیاسەت و ئایندەی نیشتمان و ئایدیاڵە مرۆییە بەرزەکان چەند شتێکن کە شایستەی گرنگی پێدان نین. لای ئەمانە وادەردەکەوێت، مارکسیەت رۆژێک لە رۆژان بەبرەو بوو، بەڵام ئێستا وەک جاران برەوی نەماوە. لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەرمان کاری فیکری و سیاسیی بەهێز بکەین و پێویستە رۆشنبیران و خوێندکارە گەنجەکان پێکەوە بە جدی و بە کۆشش زانیاری وەربگرن و لەپاڵ بابەتەکانی خوێندندا، پێشکەوتن لەسەر ئاستی فیکری و سیاسی بەدەستبهێنن، لەبەر ئەمە دەبێت مارکسیەت بخوێنن و دیراسەی رووداوەکانی رۆژ و مەسەلە سیاسییەکان بکەن. ئەو مرۆڤەی بۆچوونی سیاسیی دروستی نەبێت، وەک جەستەیەکی بێ گیان وایە.....ئیتر دەبێت هەموو فەرمانگەکان و رێکخراوەکان ئەرکی کاری فیکری و سیاسی بخەنە ئەستۆ. ئەمە ئەرکی حیزبی شیوعی و کۆمەڵەی گەنجان و فەرمانگە پەیوەندیدارە حکومییەکانە و بەتایبەتیش ئەرکی بەڕێوەبەر و مامۆستایانە لە خوێندنگە و زانکۆکاندا.

سەرجەم سەربازانی سوپای سوور هوشیاریی چینایەتییان دوای رۆشنبیریی سیاسی وەرگرتوە، هەروەها زانیاریی بنچینەیان سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی و دامەزراندنی

دەسەڵاتی سیاسی و چەکدارکردنی کرێکاران و جوتیاران بەدەستهێناوە، هەموو دەزانن کە لەپێناو خۆیان و چینی کرێکار و جوتیاردا دەجەنگن.بۆیە دەتوانن ئەرکە گرانەکانی خەباتی نەبڕاوە بخەنە ئەستۆ بەبێ بێزاری دەربڕین و لە هەموو دەستەیەک و کەتیبەیەک و فەوجێکدا لیژنە بۆ سەربازان هەیە و نوێنەری بەرژەوەندییەکانیانە و کاری سیاسی و جەماوەری دەکات.

بزووتنەوەی دەرخستنی بێزارییەکان (واتا پەردەلادان لەسەر ئـەو ئـازار و مەینەتییانەی کۆمەڵگەی کـۆن و کۆنەپەرستان بەسەر جەماوەری زەحمەتکێشدا سەپاندبووی)و سێ پشکنینەکە (واتە پشکنینی ئینتیمای چینایەتی و پشکنینی مەودای بەئەنجامگەیاندنی کارو پشکنینی ورەی خەبات). ئەم بزووتنەوەیە کە بە شێوەیەکی راست ئاراستەکراوە، هۆشیاریی سیاسیی بەشێوەیەکی زۆر بەرز کردۆتەوە لەلای هەموو فەرمانەکان و جەنگاوەران لە سوپادا لە شەڕکردن و خەباتکردندا لەپێناو رزگارکردنی جەماوەری زەحمەتکێش و ئەنجامدانی چاکسازیی کشتوکاڵی لە سەرتاسەری وڵاتدا و لەناوبردنی چەتەکانی چان کای چیک، دوژمنی هاوبەشی میللەت. لەهەمان کاتیشدا، ئەم بزووتنەوەیە بوەهۆی یەکبوونی توند لە نێوان هەموو فەرماندەکان و جەنگاوەرەکان لەژێر سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستدا.لەسەر ئەو بناغەیە سوپا زیاتر پاک و روونیی تێکەوت لە ریزەکانیدا و زیاتریش سیستمی بەهێز کرد و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەشە پێدا

له مەشقی سەربازیدا، کە لەژێر سایەی سەرکردایەتیەکی دروستدا و سیستمێکی تەواودا جێبەجێکرا. بەم جۆرە سوپا ئێستا وەک یەک پیاو یەکی گرتووە و یەک پارچەیە، هەموو ئەندامەکانی بەشداریی بە بۆچوون و بیرەکانیان دەکەن و هەوڵی هاوبەش دەدەن و لە قوربانیدان باکیان نییە و توانایان هەیە کێشە و گرفتە ماددییەکان چارەسەر بکەن و لە شەڕدا ئازایەتی و پاڵەوانێتی هەرەوەزیی بنوێنن. ئەم جۆرە سوپایە لەجیهاندا هەرگیز ناشکێنرێت.

لەم مانگانەی دوایـیـەدا سوپای رزگاریی میللی بە هەموو بەشەکانییەوە سوودی لەو ماوانەی نێوان شەڕەکانی وەرگـرتـووە و کەوتۆتە رێکخستنەوە و مەشقکردن بە فراوانیی. ئەوەش لەژێر رێنماییەکی دروستدا کراوە، بە دیسیپلینی تەواو و بە شێوازێکی دیموکرتییانە. ئەم کارە گڕوتینی شۆڕشگێڕانەی لەناو جەماوەری فراواندا لە فەرماندە و جەنگاوەران دروست کرد و توانیان بە روونی لە ئامانجی جەنگەکە تێبگەن، هەروەها سنووری بۆ هەندێک رەوتی ئایدۆلوژیی هەڵە و ناڕاست و دیاردە خراپەکان کەلە سوپادا سەریهەڵدابوو، دیاریکرد. هەروەها رۆشنبیری بە کادیران و سەربازان بەخشی و ئارادەیەکی زۆریش توانای شەڕکردنی لە سوپادا بەرز کردەوە. لە ئەمڕۆ بەدواوە دەبێت، بەردەوام بین لە ئەنجامدانی ئـەم جـۆرە نوێیە لە بزووتنەوەی رۆشنکردنی ئایدۆلۆژیی لە سوپادا بە سرشتە دیموکراتییە جەماوەریەکەی.

سیاسەتی فێرکاری کۆلیژی جەنگی و سیاسەت دژی یابان لە ئاراستەیەکی سیاسیی چەسپاو و راستدا کۆ دەبێتەوە، لەگەڵ شێوازێکی کارکردن کە جدییەت و سادەیی پێوە بێت و ستراتیژ و تاکتیکی نەرم ئامێرانە ئەو سێ خاڵەن، کە پێویستن بۆ دروستکردنی سەربازێکی شۆڕشگێڕ کە بەرهەڵستیی یابان بێت و لەسەر بناغەی ئەم سێ خاڵە فەرمانبەرانی کۆلیژ و مامۆستاکانی دەست بە ئەرکی پەروەردە و فێرکردن دەکەن و قوتابیش فێر دەبێت.

لە نەریتەکانی نەتەوەکەمان کە بۆمان ماوەتەوە، شێوازی خەباتی سەختە، ئێمە دەبێت ئەم نەریتە زیاتر پەرە پێبدەین. زیاتر لەمەش، حیزبی شیوعی هەمیشە بانگەشە دەکات کە بۆ ئاراستەی سیاسیی چەسپاوی راست هەنگاو بنێین. ئەم ئاراستەیەش ناکرێت لە شێوازی خەباتی سەخت جیا بێتەوە، چونکە مەحاڵە داوا لە هەڤاڵان بکەین شێوازی خەباتی سەخت پەیڕەو بکەن، بەبێ ئاراستەیەکی سیاسیی چەسپاوی راست و مەحاڵیشە پارێزگاری لە ئاراستەی سیاسیی چەسپاوی راست بکرێت، بەبێ پەیڕەوکردنی شێوازی خەباتی سەخت.

یەکێتی و هاوکاری و ورەی بەرز و هۆشمەندی و سیستم و چالاکیی و گورجیی لەسەر ئێوە پێویستە.

ئـەوەی لە جیهاندا سەنگی راستەقینەی هەبێت» جدیەتە» و پارتی کۆمۆنیست زیاترین بایەخ بە «جدیەت» دەدات.

# بەشی چوارەم
# (13)
## پەیوەندیی نێوان ئەفسەران و سەربازان

سوپاکەمان هەمیشە دوو ڕێباز پەیڕەو دەکات: یەکەم ئەوەیە، کە بەرامبەر دوژمنەکانمان توند بین، سەریان پێ شۆڕ بکەین و لەناویان بەرین و دووەمیش ئەوەیە نەرمونیان بین بەرامبەر بە پیاوانی ریزەکانمان و گەلەکەمان و هەڤاڵانمان و سەردەست و ژێردەستەکانمان و یەک بگرین لەگەڵیاندا.

ئێمە لە شوێنی جیاوازی وڵاتەوە هاتووین و بەیەک گەیشتووین لەپێناو ئامانجێکی شۆڕشگێڕانەی هاوبەش.... کەواتە دەبێت کادیرەکانمان ئاگاداری یەک بە یەکی سەربازەکانمان بکەن و پێویستە لەسەر هەموو ئەندامان لە ریزەکانی شۆڕشدا ئاگاداری یەکتری بکەن و یەکترییان خۆش بوێت و هاوکاریی یەکتر بن.

پێویستە لەسەرمان هەڵمەتی پشتگیریی کادیران و ئاگادارکردنی سەربازان لە هەموو کەرتەکانی سوپادا ئەنجام بدەین. داوا لە کادیرەکان بکەین خزمەتی سەربازان بکەن

و دواش لە سەربازەکان بکەین خزمەتی کادیران بکەن و داوا لە هەموان بکەین کە کەموکورتیی و هەڵەکانی یەکتر ئاشکرا بکەن و دەست بکەن بە راستکردنەوەیان. ئیتر بەم شێوەیە یەکێتییەکی پتەوی ناوخۆیی بەدەست دێنن.

زۆر کەس وادەزانــن کە شێوازی هەڵە رێگرن لە چاکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەفسەران و و سەربازان و نێوان سوپا و گەل، بەڵام چەند جارێک من پێم گوتون کە ئەوە مەسەلەی هەڵوێستی بنچینەییە (یاخود پرەنسیپی بنچینەیی)، مەبەستیشم رێزگرتنی سەربازەکان و رێزگرتنی گەلە و رێک لەم هەڵوێستەوە سیاسەتی جۆراوجۆر و شێواز پەیدا دەبێت، چونکە ئەگەر لێی لابدەین، ئەم سیاسەت و شێوازانە بێگومان هەڵە دەردەچــن و مەحاڵ دەبێت پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەفسەران و سەربازان و لەنێوان سوپا و گەلدا دروست ببێت. پرەنسیپە سەرکییەکان بۆ کاری سیاسی لە سەپادا سیانن: یەکەم، یەکێتیی نێوان ئەفسەر و سەرباز، دووەم، یەکێتیی نێوان سوپا و گەل،سێیەمیش لێکهەڵوەشاندنی هێزەکانی دوژمن و ئەگەر بمانەوێت ئەم پرەنسیپانە بە شێوەیەکی بەسوود جێبەجێ بکەین، دەبێت لە هەڵوێستی بنچینەییەوە دەست پێبکەین کە رێزگرتنی سەرباز و گەل دەسەپێنێت بە سەرماندا و پارێزگاریکردنی کەرامەتی شەخسیی دیلەکانە لە هێزەکانی دوژمــن، ئەوانەی چەکیان فڕێ داوە. بێگومان ئەوانەی پێیان وایە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە هەڵوێستی بنچینەییەوە نییە،

بەڵکو مەسەلەیەکی تەکنیکیە، ئەوا بەهەڵەدا چوون و دەبێت هەڵەکەیان راست بکەنەوە.

پێویستە لەسەر کۆمۆنیستەکان،کاتێک لەناو جوتیاراندا کارەکانیان ئەنجام دەدەن، پەیڕەوی شێوازی قەناعەتپ ێکردن و رۆشنبیرکردنی دیموکراتی بکەن و بەهیچ جۆرێک نابێت پەنا بۆ شێوازی فەرمان دەرکردن بەتەنها و زۆرلێکردن ببەن. پارتی کۆمۆنیستی چین دڵسۆزانە ئاگاداری ئەم رێبازی مارکسی-لینینیە دەکات.

پێویستە لەسەر هەڤاڵانمان تێبگەن کە پێکهاتنەوەی ئایدیۆلۆژیی کارێکی وردە و پێویستی بە ئارامگرتن هەیە و ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، سوودی نییە ئەگەر هەوڵ بدەین، ئایدیۆلۆژیی خەڵک بگۆڕین، کە بەدەیان ساڵ لە ژیانیان دروست بووە، بە وانەوتنەوە و کۆبوونەوە لەگەڵیاندا. قەناعەت پێکردن تاکە رێگەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەوە، بەڵام زۆرلێکردن هەرگیز نامانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە. لەبەرئەوە نابێت هەوڵ بدەین بە زۆر دابینیان بکەین. ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمندا رێگەی پێدەدرێت و بەهیچ جۆرێک لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەڤاڵان و دۆستاندا رێگەی پێنادرێت.

پێویستە لەسەرمان جیاوازیی نێوان خۆمان و دوژمن بزانین، ئەگینا هەڵوێستی دوژمنکارانە وەردەگرین بەرامبەر هەڤاڵانمان و وەک دوژمن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. دەبێت بە گەرمیی و بە راستگۆیی لەگەڵ

هەڤاڵاندا بدوێین، بەمەبەستی پارێزگاری کردنی مەسەلەی میللەث و بـەرزکـردنـەوەی هوشیاریی سیاسیی، نەک زوبانمان لەقسەکردندا لەگەڵیاندا زوبانی گاڵتەپێکردن و هەڵکوثانەسەر بێث.

## ( 14)

## پەیوەندی نێوان سوپا و گەل

پێویستە لەسەر سوپا لەگەڵ جەماوەری گەلدا یەک بگرن بۆ ئـەوەی هەست بکەن ئەو بەشێکە لـەوان و ئەوکاتیش ئەم سوپایە بەهێز دەبێت و هەرگیز نابەزێنرێت لە جیهاندا.

پێویستە لە هەموو هەڤاڵێکی بگەیەنین کە ئێمە مادامەکی پشت بە گەل دەبەستین و بـڕوای پتەومان هەیە، کە جەماوەری گەل خاوەنی هێزێکی دروستکەرە کە کۆتایی نایەت و متمانامان بە گەلە و تێکەڵاوین، ئیدی هیچ گرفتێک نابێت، کە نەتوانین بەسەریدا سەرکەوین و هیچ دوژمنێک ناتوانێت بمانبەزێنێت، بەڵکو ئێمە بێگومان دەیبەزێنین.

پێویستە لەسەر هەڤاڵانمان پەیوەندیی باش لەگەڵ جەماوەردا دروست بکەن لە هەر شوێنێک بۆی دەچن و دەبێت ئاگاداری باشی جەماوەر بن و یارمەتیان بدەن گرفتەکان چارەسەر بکەن. دەبێت لەگەڵ جەماوەرە فراوانەکەدا یەک بگرن هەتا ژمارەی زۆرتریان لێ ڕابکێشن،

ئەوە باشترە.

لە شوێنە رزگارکراوەکاندا پێویستە سوپا لایەنگری حکومەت بێت و ئاگاداری میللەت، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە دەبێت حکومەتە دیموکراتییەکان لەم ناوچانەدا رابەریی گەل بکەن لە پشتگیریی سوپا و مامەڵەکردن لەسەر بنەمای باشترینیان، لەگەڵ خێزانی جەنگاوەران دژی یابان. ئەوەش بۆ چاکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سوپا و گەل بە باشترین شێوە.

بۆ ئەوەی هەموو فەرماندەکان و جەنگاوەرانی سوپا لە گرنگیی پشتگیریکردنی حکومەت و ئاگاداری کردنی گەل تێبگەن بە باشترین شێوە پێویستە لەسەرمان فێرکردنی ئایدۆلۆژیی لەناویاندا ئەنجام بدەین، چونکە ئەگەر سوپا بە چاکی ئەم ئەرکە ئەنجام بدات، ئەوا پەیوەندییەکان بێگومان پتەو دەبن لە نێوان دەستە مەدەنییەکان و گەل لەلایەک و سوپا لەلایەکی دیکە.

لە کاتی ئەم هەڵمەتانەدا، پێویستە لەسەر سوپا و حیزب و حکومەت بە شێوەیەکی گشتگیر وردببنەوە لە ناچوونیەکییەکان و هەڵەکان کە لە ساڵی 1943دا ئەنجامیان داوە و لە 1944دا بە جدیی راستیان بکەنەوە.لە ئێستا بەدواوە، پێویستە ئەم هەڵمەتە لە هەموو شوێنێک دەست پێبکات لە مانگی یەکەمی هەموو ساڵێکی هەتاویدا و لەو ماوەیەدا پەیماننامەی « لایەنگیریکردنی حکومەت و ئاگاداری کردنی گەل» لەگەڵ پەیماننامەی « پشتگیری کردنی سوپا

و مامەڵەکردن لەگەڵ خێزانی جەنگاوەرانی دژ بە یابان لەسەر بنەمای باشترینیان « بخوێنرێنەوە و بە ئاشکرا و بەردەوام رەخنە لەخۆ بگیرێت دەربارەی ناچوونیەکییەکان و هەڵەکان کە لە ناوچەی بنکە جەماوەرییەکاندا ئەنجام دراوە، وەک خراپەکارییەکانی سوپا بەرامبەر فەرمانگە حیزبی و حکومییەکان و رێکخراوە جەماوەرییەکان و جەماوەرانی گەل، یان ئەخسیرکردنی جەماوەری گەل لە ئاگادارکردنی سوپا (هەر یەک لە لایەنەکان رەخنە لەخۆ بگرن و رەخنە لە لایەنەکەی دیکە نەگرن) بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم ناچوونیەکییانە راست بکرێنە و هەڵەکان بەتەواوی راست بکرێنەوە.

## ( 15 )

## دیموکراسیی لە سێ بوارە بنچینەییەکەدا

پێویستە بڕێکی باش دیموکراسیی بە سوپا بدرێت. بە شێوەیەکی سەرەکی، مەبەستمان لابردن و نەهێشتنی شێوازی دەرەبەگانەیە لە لێدان و تێخوڕینی سەربازەکان و بەشداریکردنی ئەفسەران و سەربازان لە خۆشی و ناخۆشیدا. کە ئەوەمان کرد ئامانجی یەکێتی ئەفسەران و سەربازان بەدەست دەهێنین و توانایی سوپا بۆ شەڕکردن بە ڕادەیەکی زۆر بەرزدە بێتەوە. ئێستاش هیچ گومانێک نییە لە تواناماندا بۆ خۆڕاگرتن لە جەنگی سەختی درێژخایەندا.

هۆی خۆڕاگرتنی سوپای سوور بێ ئـەوەی تووشی سستی و ماندوویی ببێت، سەرەڕای ئاستی نزمی لە ژیانی ماددیی و پێکدادانە بەردەوامەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ، لەگەڵ ئەو ڕۆڵەشدا کە حیزب دەیبینێت، ئەو دیموکراسیەیە کە سوپا هەیەتی، چونکە ئەفسەرەکان لە سەربازەکان نادەن و لەیەک ئاستدا لەگەڵیاندا دەژین.سەربازەکانیش ئازادیی کۆبوونەوە و قسەکردنیان هەیە. ڕەسمیاتی بێ مانا نەماوە. دەفتەری حیساباتی بۆ چاودێریی هەموان کراوەیە. لە چین تەنها گەل نییە کە پێویستی بە دیموکراسیی هەیە،

بەڵکوو سوپاش پێویستی پێیەتی و سیستمی دیموکراسی لە سوپادا چەکێکی گرنگە بۆ تێکشکاندنی سوپای دەرەبەگی بەکرێگیراو.

سیاسەتی گشتیی کە ئێمە پەیڕەوی دەکەین لە بواری کاری سیاسیی سوپادا بریتییە لە جۆشدان و هاندانی سوپا، جۆشدانێکی تەواو لەپێناو بەدیهێنانی سێ ئامانجی مەزن لە رێگای بزووتنەوەیەکی دیموکراسییەوە کە لە سایەی فەرماندەییەکی مەرکەزیدا بەڕێوە بچێت. ئامانجەکانیش بریتین لـە: ئەنجامدانی یەکێتییەکی سیاسیی ئاست بەرز و چاککردنی باری ژیان و ئاست بەرزکردنەوە لە تاکتیک و تەکنیکی سەربازیدا. مەبەست لە بزووتنەوەی سێ چاکسازییەکە کە لە ئێستادا بە گڕوتینەوە لە هێزە چەکدارەکانمادا روو دەدات بریتییە لە بەدەستهێنانی دوو ئامانجی یەکەم بە شێوازی دیموکراسیی لە بواری سیاسەت و ئابووریدا.

سەبارەت بە دیموکراسیەتی ئابووری پێویستە مافی یاریدەدانی سەرۆکەکانی سرییەکان بۆ ئەو نوێنەرانە مسۆگەر بکرێت کە سەربازەکان هەڵیانبژاردووە (و مافی ئەوەیان نابێت پیشەی تایبەتیی سەرۆکەکان تێپەڕ بکەن.) لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری ئازووقە و خواردەمەنی لە سرییەکانیاندا.

سەبارەت بە دیموکراسیی سوپا، پێویستە لە مەشقی سەربازیدا شێوازی مەشقی ئاڵوگۆڕ لە نێوان ئەفسەران

و سەربازاندا و لە نێوان سەربازەکان خۆیاندا جێبەجێ بکرێت. لەماوەی شەڕکردندا پێویستە سرییەکانی بەرەی جەنگ هەموو جۆرە کۆبوونەوەیەکی بچووک و گەورە ئەنجام بدەن و لەوێدا جەماوەری سەربازەکان جۆش دەدرێن لەژێر ڕێنمایی سەرۆکی سرییەکاندا بۆ مشتومڕکردن لەسەر شێوازی هێرشکردن و داگیرکردنی پێگەکانی دوژمن و چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکانی دیکە. کاتێک شەڕ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک درێژە دەکێشێت، پێویستە کۆبوونەوەی لەم جۆرە ئەنجام بدرێت لەو ماوەیەدا. ئەم دیموکراسیەتی سەربازییە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا لە هەڵمەتی( بانلۆن)دا فلە باکووری هەرێمی (شینسی) و هەڵمەتی (شجیاتشوانگ) لە ناوچەی سنووری (شانسی-شاهار-خبی) و جێبەجێ کردنەکە سەلماندی کە ئەم شێوازە سوودی مسۆگەرە و هیچ زیانێکی نییە.

پارتی کۆمۆنیستی چینی ناتوانێت -کە ئەم خەباتە مەزنە دەکات - سەرکەوتن بەدەست بهێنێت تاوەکو داوا لە هەموو دەزگا قیادییەکان و ئەندامەکان و کادیرەکانی نەکات، هەموو تواناو گڕوتینی خۆیان بخەنە گەڕ. دەشبێت ئەم گڕوتینە روون بێتەوە لە تواناکانی دەزگا قیادییەکان و ئەندامان و کادیراندا بۆ کاری بونیادنەر و ئامادەییان بۆ هەڵگرتنی لێپرساوی و ئەو چالاکیانەی لە کارەکانیاندا دەریدەخەن، هەروەها لە ئازایەتی و کارامەییاندا لە جووڵاندنی بابەتەکان و خستەرووی ڕەخنە لە دژەکان و

جێبەجێکردنی چاودێریی دۆستانە لەسەر دەزگا قیادییەکان و کادیرە بەرزەکان. ئەگەر بەو جۆرە نەبێت، ئەوا گڕوتینەکەیان تەنها رواڵەتە بەبێ بابەت. لەگەڵ ئەوەشدا دەرخستنی ئەم گوڕوتینە بەندە لەسەر دیموکراسیی ژیانی حیزبدا.ئەگەر گیانی دیموکراسیی نەبوو لە ژیانی حیزبدا، ئەوا ئامانجی دەرخستنی گوڕوتین بەدەست نایەت، هەروەها ناکرێت ژمارەی گەورە لە کادیرە بەتواناکان پێک بهێنرێت لەژێر سێبەری ژیانی دیموکراسیدا نەبێت.

هەموو کەس بۆی هەیە ڕای خۆی دەربڕێت ئەگەر ئەم کەسە دوژمن نەبێت و مەبەستی تانەو شکاندن نەبێت. گرنگیش نییە ئەگەر ڕاکەی هەڵە بێت. ئەرکی سەرکردایەتی لە هەموو ئاستەکاندا ئەوەیە گوێ لەوانی دیکە بگرن. دەبێت لەوەدا پەیڕەوی دوو پڕەنسیپ بکەن: -1چی دەزانیت بیڵێ بەبێ شاردنەوە. -1 قسەکەر تاوانی نییە، با قسەکەشی ئاگادارکردنەوە بێت بۆ گوێگر. ئەگەر پڕەنسیپی» قسەکەر تاوانی نییە» بەڕاستی جێبەجێ نەکرێت و بە درۆ جێبەجێ بکرێت، ئەوا پڕەنسیپی «چی دەزانیت بیڵێ بەبێ شاردنەوە» جێبەجێ نابێت.

پێویستە لەناو حیزبدا دەربارەی ژیانی دیموکراسی کاری رۆشنبیری ئەنجام بدەین، تاوەکو ئەندامانی حیزب تێبگەن لە ژیانی دیموکراسی و پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و مەرکەزیەت چییە و چۆن نیزامی مەرکەزیی دیموکراسی جێبەجێ دەکرێت و تەنها بەم کاری رۆشنبیرییە دەتوانین

ژیانی دیموکراسیی ناو حیزب بەڕاستیی فراوان بکەین و لە هەمانکاتدا دوور کەوینەوە لە چوونەسەر ڕێگای دیموکراسیی توندڕەو و ئازادیی ڕەها لە رەفتارکردندا کە نیزام تێک دەدات.

مەبەست لە دیموکراسیی ناو حیزب لە سەپادا، یان لە دەستەی مەدەنیدا ئەوەیە نیزام بەهێز بکرێت و توانای خەبات بەرز بکرێتەوە، نەک لاواز بکرێت.

پێویستە لەسەرمان، لەڕووی تیۆریەوە، مەیل وبۆچوونی دیموکراسیی توندڕەو لە ڕەگ و ریشە دەربهێنین. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەسەرمان وریا بین کە مەترسیی ئەم مەیلە لەوە دایە، کە زیان بە رێکخراوە حیزبییەکان دەگەیەنێت و لەوانەیە ببێت بەهۆی دارمانی یەکجارەکیی ئەم رێکخراوانە و لەوەشدا کە توانای حیزب لە خەباتکردندا لاواز دەکات، بەڵکو ئەم توانایە بەتەواوی ناهێڵێت، ئیتر حیزب ناتوانێت بە ئەرکی خەباتکردن راپەڕێنێت و ئەنجامەکەشی شکستهێنانی شۆڕش دەبێت. پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین کە سەرچاوەی ئەم مەیل و بۆچوونە بریتییە لە سروشتی بە سووک زانینی نیزام و دواکەوتنی هەوا و هەوەسی شەخسی، کە خەسلەتی بۆرجوازیی بچووکە. هەرکات ئەم سروشتە دزە بکات بۆ ناو حیزب، لەشێوەی مەیلی دیموکراسیی توندڕەودا دەردەکەوێت لەڕووی سیاسیی و رێکخستنەوە. ئەوەش مەیلێکی دژو جیاوازە لەگەڵ ئەرکەکانی خەباتگێڕانەی پرۆلیتاردا..

## (16)

## سیاسەتمان لە بواری فێرکردن و مەشقکردن

پێویستە لەسەرمان بۆ ئەو کەسانەی پەروەردەیان دەکەین، گەشەکردنێک لەسەر ئاستی رەوشت و عەقڵ و جەستە زامن بکەین بۆ ئەوەی ببنە زەحمەتکێشی رۆشنبیر و خاوەن هەستی ئیشتراکی.

سەبارەت بە فێرکردنی کادیرەکان، پێویستە سیاسەتێکی فێرکردن دابنرێت، کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کێشە واقیعییەکان بدات، ئەوانەی پەیوەستن بە شۆڕشی چین و رێنمایی وەرگرتن لە پڕەنسیپە بنچینەییەکانی مارکسی-لینینی لە لێکۆڵینەوەدا و پێویستە دەست هەڵبگرین لە دیراسەکردنی مارکسی-لینینی بە شێوەیەکی وشک کە لە واقیعەوە دوورە.

گرنگترین شت بۆ قوتابخانەیەکی سەربازی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەر و مامۆستایان و دانانی سیاسەتێکی فێرکردنە.

بێگومان ناکرێت قوتابخانە بەڕێوە ببرێت، 100 کەسی تێدا بێت بۆ نموونە، بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوو مەگەر کۆمەڵێکی سەرکردە بن کە بەگوێرەی بارودۆخە واقیعیەکە

دروست بووبن (و لێرەولەوێ کۆ نەکرابنەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی) و چەند کەسێک لەخۆ دەگرێت لە چالاکترین مامۆستا و کارمەند و خوێندکار کە لە هەموویان پاکتر و لێزانتر بن.

پێویستە لەسەر ئەفسەران و سەربازان لە سوپاکەماندا ئاستی خۆیان لە هونەری سەربازیدا بەرز بکەنەوە و ئازایانە و بوێرانە لەم جەنگەدا بێنە پێشەوە، کە بێگومان تییایدا سەرکەوتوو دەبین، و دوژمنان هەموو لەناو بەرن و بە توندیی و بە تەواوی.

ئەوکاتەی بەرنامەکانی رێکخستنەوە و مەشقکردن جێبەجێ دەکەین، ئەوانەی ماوەیەکی کەمە دەستی پێکردووە و لە ماوەی ساڵێکدا کۆتایی دێت، پێویستە بایەخ بدەین بە لایەنی سەربازی و سیاسی پێکەوە و گرنگیان بدەین، بەڵام دەبێت لە سەرەتاوە بایەخی چڕ بە لایەنی سیاسیی بدەین وانە بە چاکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەفسەران و سەربازان و پتەوکردنی یەکێتیی ناوخۆ و وروژاندنی غیرەت لە جەماوەری کادیر و جەنگاوەراندا و تەنها بەم شێوەیە بۆمان ئاسان دەبێت لایەنی سەربازیی بەرنامەکە جێبەجێ بکەین و ئەنجامێکی باشی لێ بەدەستبهێنین. سەبارەت بە رێگاکانی مەشقی سەربازی، پێویستە جووڵەیەکی جەماوەری لە مەشقکردندا دروست بکەین، ئیتر ئەفسەران مەشق بە سەربازان دەکەن و بە پێچەوانەشەوە سەربازان مەشق بە یەکتر دەکەن.

دروشمی ئێمە لە مەشق پێکردنی هێزەکان برێتیە لە:» ئەفسەران مەشق بە سەربازان بکەن و بە پێچەوانەشەوە سەربازان مەشق بە یەکتر بکەن.» سەربازان ئەزموونی کردەیی فراوانیان لە شەڕدا هەیە، پێویستە لەسەر ئەفسەران لەوانەوە فێربن. ئیدی توواناکانیان بەهێزتر دەبێت ئەگەر ئەزموونی کەسانی دیکە وەربگرن.

سەبارەت بە کەرەسەکانی مەشقکردن، ئامانجمان بە پلەی یەکەم، هەروەک جاران، بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکیی لە نیشانەکان و شەڕ بە چەکی سپی و هەڵدانی بۆمب و شتی دیکەیە. بە پلەی دووەمیش، بەرز کردنەوەی ئاستی تاکتیکی لەگەڵ بایەخدانی تایبەت بە کردەوە سەربازییەکان لە شەودا.

## (17)

# خزمەتی گەل

پێویستە خاکی و بەئارام بین و پێویستە خۆمان لە لووتبەرزی و سەرکێشی بپارێزین و بەوپەڕی پاکی و دڵسۆزییەزوە خزمەتی گەلی چین بکەین.

ئەو خاڵەی لییەوە دەستپێدەکەین لە هەموو کارەکانماندا بریتییە لە خزمەتکردنی گەل بە پاکیی و دڵسۆزیی و خۆ جیانەکردنەوە لە جەماوەر بۆ ساتێکیش بێت و لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی گەل، نەک بەرژەوەندیی تاکێک، یان کۆمەڵێک خەڵک لە هەر کارێکدا بیکەین و یەکێتیی نێوان پاکیمان بۆ گەل و پاکیمان بۆ دەزگا حیزبییە باڵاکان.

پێویستە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا مەرگەزییەتی دیموکراتی جێبەجێ بکرێت و پێویستە لەسەر کارمەندانی ئەم دەزگایانە خزمەتی گەل بکەن.

گیانی لەخۆبردوویی هەڤاڵ (نۆرمان بیسۆن)، کە گەیشتبووە ئەوپەڕی لە پاکی و دڵسۆزیدا بۆ کارەکەی و خۆشەویستی و دڵسۆزیی تەواو بۆ هەڤاڵان و گەل دەرکەوتبوو، بۆیە دەبێت هەموو کۆمۆنیستێک لەوەوە فێر

ببێت.

پێویستە لەسەر هەموومان لـەوەوە فێری گیانی لەخۆبردن ببین کە ئۆزقاڵێک خۆپەرستیی تێدا نەبێت. هەموو کەسێک کە لەم هەنگاوەوە دەسـت پێدەکات دەتوانێت ببێتە کەسێکی زۆر بەسوود بۆ میللەت. کارامەیی شەخسی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، بەڵام هەرکات مرۆڤ ئەم خەسڵەتەی هەبێت، ئەوا کەسێکی نەفس پاک و رەسەن و ڕەوشت بەرزە، دوورە لە مەرامی پیسەوە و بەسوودە بۆ گەل.

پارتی کۆمۆنیستمان و سوپای نوێی هەشتەم و چوارەم کە حیزب رابەرییان دەکات کەتیبەکانی شۆڕشن و ئەم کەتیبانەمان بەتەواوی خۆیان تەرخان کردووە بۆ رزگارکردنی گەل و لە هەموو روویەکەوە بۆ بەرژەوەندیی گەل کار دەکەن.

هەموو کادیرەکانمان خزمەتکاری گەلن هەر پلە و پایەیەکیان هەبێت و هەرچیش دەکەین بۆ خزمەتی گەلە. ئایا لەم حاڵەتەدا هیچ خراپی و نادروستییەک هەیە کە خۆمانی لێ رزگار بکەین؟

ئەرکی سەرشانمان ئـەوەیـە، پـاک بین بەرامبەر ئەرکەکانمان لەبەردەم گەلدا و دەبێت هەموو وتە و کار و سیاسەتەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلدا بگونجێت. ئەگەر هەڵەیەکمان ئەنجام دا، بە باشی راستی بکەینەوە. ئەمەیە مەبەستمان لە پاکی لە ئەرکەکانمان لەبەردەم گەلدا.

پێویستە قوربانی بدەین، کە خەباتی دەکەین. مردنیش لەم حاڵەتەدا زۆر روو دەداتی، بەڵام ئەگەر بەرژوەندیی گەل لەبەرچاو بگرین و بیر لە ئازار و نەهامەتیی زوربەی ئەو گەلە بکەینەوە و لەپێناویدا بمرین، ئەوا مردنەکەمان شەرەفە. لەگەڵ ئەوەشدا تا بۆمان بکرێت دەبێت لە قوربانیدانی ناپێویست دوور کەوینەوە.

دەبێت هەموو کوس بمرێت، هەرچەندە ماناکانی مردن جیاوازن. ئەدیبێکی کۆنی چینی بەناوی شوماتشین، گوتویەتی « هەموو مرۆڤێک دەمرێت، بەڵام لەوانەیە سوێی مردنەکەی لە شاخی(تای) قورستر بێت یاخود، لەوانەشە لە پەڕێک سووکتر بێت.»

ئیتر ئەگەر مرۆڤ لەپێناو بەرژەوەندیی گەلدا بمرێت، سوێی مردنەکەی لە شاخی تای قورستر دەبێت، بەڵام ئەگەر خزمەتی فاشیستەکان بکات، یان لەپێناو ئەوانەدا بمرێت کە گەل دەچەوسێننەوە، ئەوا سوێی مردنەکەی لە پەڕێک سووکتر دەبێت.

## (18)

## نیشتمانپەروەریی و نێونەتەوەیی

ئایا دەکرێت شیوعی، کە نێونەتەوەییە، نیشتمانپەروەر بێت لە هەمانکاتدا؟ بەڕای ئێمە ئەوە مومکینە، بەڵکو واجبیشە. ناوەڕۆکی نیشتمانپەروەریی باودۆخی مێژوویی دیاری دەکات. دەستدرێژی کارە یابانییەکان» نیشتمان پەروەریان» هەیە. نیشتمانپەروەریی هیتلەر و نیشتمانپەروەریی ئێمەش هەیە، بەڵام بەناو- نیشتمانپەروەریەکەی دەستدرێژی کارە یابانییەکان و هیتلەر دەبێت کۆمۆنیستەکان بە توندی بەرهەڵستی بکەن و شیوعییەکانی یابان و ئەڵمانیا بانگخوازی دۆڕاندنن بەرامبەر ئەو جەنگەی وڵاتەکەیان دەیکات، چونکە بەرژوەندیی گەلی یابان و ئەڵمانیا لەوە دایە یابان و هیتلەر بە هەموو شێوەیەک ببەزێنن لەو جەنگانەدا کە دەیکەن و تاوەکو شکاندنەکەیان گەورەتر بێت ئەوە باشتر دەبێت، چونکە ئەو جەنگانەی ئەوان دەیکەن، زیان لە گەلەکەیان دەدات لە هەدوو وڵاتەکەدا، بێجگە لەو زیانانەش کە لە گەلانی دیکەی جیهانی دەدات، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بە چینەوە هەبێت، بارودۆخەکە بە پێچەوانەوەیە، چونکە چین بووەتە قوربانیی دوژمنکاری. لەبەر ئەو هۆیە پێویستە کۆمۆنیسنە چینییەکان نیشتمانپەروەر و نێونەتەوەییش بن.

ئێمە نیشتمانپەروەر و نێونەتەوەییشین لەهەمان کاتدا و دروشمی ئێمە برینییە لە شەڕ دژی دوژمنکاران بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان. بەلای ئێمەوە کۆڵدان و بەزین تاوانە، لە کاتێکدا خەباتکردن لەپێناو بەدەستهێنانی جەنگی بەرگریی دژی دوژمنکاریی یابانی ئەرکی سەرشانمانە کە نابێت خۆمانی لێ بدزینەوە، چونکە بەزاندنی دوژمنکاران و رزگارکردنی میللەتەکەمان بەدی نایەت تاوەکو نەجەنگێین بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان. هەروەها پرۆلیتاریا و هەموو رۆڵەکانی گەلی زەحمەتکێش رزگار ناکرێن، تاوەکو نەتەوە رزگار نەبێت و ئەگەر چین سەرکەوتوو بێت و داگیرکەرانی ئیمپریالیی ببەزێنێت ئەوا یارمەتیی پێشکەش بە میللەتانی دیکەش کردوە. کەواتە لەڕاستیدا نیشتمانپەروەریی جێبەجێ کردنی کردەیی نێونەتەوەییە لە جەنگی رزگاریی نیشتمانیدا.

ئەوە چ گیانێکە کە وای لە کەسێکی بیانی کردووە مەسەلەی رزگاریی چین بگرێتە باوەش هەر وەکو مەسەلەکە هی خۆی بێت بێ ئەوەی هیچ فاکتەرێکی خۆپەرستیی لە ناخیدا بێت؟ ئەوەیە گیانی نێونەتەوەیی، گیانی کۆمۆنیستیی کە هەموو کۆمۆنیستێکی چینی لێوەی فێر ببێت...... دەبیت لەگەڵ پرۆلیتاریادا یەک بگرین لە هەموو وڵاتە سەرمایەدارەکاندا، لەگەڵ پرۆلیتاریای یابان و بەریتانیا و ئەمریکا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و هەموو وڵاتە سەرمایەدارەکان. ئەوە تاکە رێگایە بۆ بەزاندنی ییمپریالیەت و رزگارکردنی میللەتەکەمان و رزگارکردنی سەرجەم میللەتان و گەلانی

جیهان. ئەوەیە نێونەتەوەیی ئێمە. ئەو نێونەتەوەییەی یارمەتیمان دەدات لە نەهێشتنی دەمارگیریی نەتەوەیی و نیشتمانی.

میللەتانی چەوسێنراوە کاتێک هەوڵی رزگاربوونی تەواو دەدات پێش هەموو شت لە خەباتدا پشت بە خۆی دەبەستێت، پاش ئەوە تەنها پشت بە یارمەتیی نێونەتەوەیی دەبەستێت. پێویستە لەسەر ئەو گەلانەی لە شۆڕشەکانیاندا سەرکەوتوون، یارمەتی ئەو گەلانە بدەن کە هێشتا خەبات بۆ رزگاریی دەکەن و ئەوەش ئەرکێ نێونەتەوەیی ئێمەیە.

دەوڵەتە ئیشتراکییەکان جۆری نوێن لە دەوڵـەت. ئەو دەوڵەتانەن کە چینی چەوسێنەری تیا لەناو براوە و گەلی زەحمەتکێش دەسەڵاتی حوکمی گرتۆتە دەست. ئەم دەوڵەتانە، لە چارەسەریی پەیوەندییەکانی نێوانیاندا، پڕەنسیپی نێوان نێونەتەوەیی و نیشتمانپەروەری جێبەجێ دەکات. بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و بەها باڵا هاوبەشەکان بە توندی پێکمانەوە دەبەستن.

پێویستە گەلانی وڵاتانی بەرەی ئیشتراکی یەک بگرن و پێویستە گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین یەک بگرن، گەلانی هەموو کیشوەرەکان یەک بگرن و هەموو گەلانی ئاشتیخواز یەک بگرن و پێویستە لەسەر هەموو ئەو وڵاتانەی دەکەونە بەر دوژمنکاری و دەستبەسەراگرتن و دەستێوەردانی ئەمریکا یەک بگرن تاوەکو هەموویان گەورەترین بەرەی یەکگرتوو پێکبهێنن بۆ بەرهەڵست کردنی

هەموو سیاسەتێکی دوژمنکاریی و جەنگ کە ئیمپریالیەتی ئەمریکا پەیڕەوی دەکات و بۆ بەرگری کردن لە ئاشتیی جیهانی.

شتەکان بێوچان گەشەدەکەن و دەگۆڕدرێن. روخساری چین تەواو گۆڕاوە، هەرچەند تەنها 45 ساڵ بەسەر شۆڕشی 1911دا تێپەڕ بووە. چین گۆڕانی مەزنتر بەخۆوە دەبینێت، دوای 45 ساڵی دیکە، واتە لە 2001دا یاخود لە سەرەتای سەدەی 21 دا. ئەوکاتە دەبێتە دەوڵەتێکی ئیشتراکی پیشەسازیی و هەر دەبیت واش بێت. لەبەرئەوەی چین وڵاتێکە کە رووبەڕەکەی دەگاتە 9 ملێون و 600 هەزار کم و دانیشتوانەکەشی 600 ملیۆن، دەبێت بەشدارییەکی زۆر بکات لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەوەی جێی داخمانە، خزمەتەکانی لە ماوەیەکی زۆردا کەمتر بوو لـەوەی کە پێویست بوو، بەڵام دەبێت خاکیی بین، ئەمڕۆش و تاوەکو 45 ساڵی تریش و هەتا هەتاییش. پێویستە ئێمەی گەلی چین – لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە_ بە توندی دژی شۆڤینیەتی دەوڵەتە گەورەکان بین. هەرگیز نابێت رێگەی شۆڤینی دەوڵەتە گەورەکان بگرین، کە لووتبەرزی و خۆبەزلزانینە و هەرگیز نابیت تووشی لەخۆبایی بوون ببین، بەهۆی سەرکەوتنمان لە شۆڕشدا بەهۆی ئەوەی لە بیناکردندا بەدەستمان هێناوە، چونکە هەموو دەوڵەتێک بچووک بێت، یان گەورە لایەنی بەهیزیشی هەیە و لایەنی لاوازیش.

# بەشی پێنجەم:
## (19)
## قارەمانێتی شۆڕشگێڕانە

ئەم سوپایە خاوەنی گیانی بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکانە و بۆ ئەوە پێکهێنراوە شان و شەوکەتی دوژمنان بشکێنێت و هەرگیز ملکەچیان نەبێت، هەرچەندە گرفتەکان قورس بن، ئەم لە شەڕکردندا بەردەوام دەبێت، تەنانەت ئەگەر یەک سەرباز بە زیندوویی بمێنێتەوە.

با گیانی ئازایەتی و بوێری لەشەڕدا بەرز بکەینەوە و بەرەوپێش بچین بۆ قوربانی دان و خۆڕاگرتن بەرامبەر ماندوبوون کۆڵنەدانی بەردەوام لە شەڕکردندا (بەمانای بەشداری کردن لە شەڕی یەک لەدوای یەکدا لە ماوەیەکی کورتدا و بەبێ حەوانەوە).

بەهەزاران لە باوباپیرە پاڵەوانەکانمان پێش ئێمە کەوتن و گیانی خۆیان بەخت کرد لە ئازایەتیدا بۆ بەرژەوەندیی گەل. با ئێمە ئاڵاکانیان بەرزکەینەوە و بەو ڕێگەیەدا بڕۆین کە بە خوێنی پاکیان سوور بووە.

ورەی خۆتان توندبکەنەوە و لە قوربانیدان سڵ مەکەنەوە و بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بن و تاوەکو سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

له ساته یەکلاکەرەوەکاندا، کاتێک سوپای هێرش و هەڵمەتی باکوور بەرەوپێش دەچــوو.........بــەرەی نیشتمانی یەکگرتوو لە نێوان (کۆمینتان) و حیزبی کۆمۆنیست و جـەمـاوەری گـەلـدا ڕمـا، کـە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی مەسەلەی رزگارکردنی بۆ گەلی چینی دەکرد. ئەم بەرەیە و هەموو سیاسەتە شۆڕشگێڕانەکانی ڕما و هەرەسی هێنا لەسەر دەستی دەسەڵاتدارێتی کۆمینتان کە بە غەدر و ناپاکیی سیاسەتی «پاکتاوی حیزب» ی گرتەبەر لەگەڵ سیاسەتی خوێنڕشتن دژی میللەت.......ئیتر لەو رۆژەوە شەڕی ناوخو جێگەی پشتیوانی کردنی گرتەوە، ستەم جێگەی دیموکراسیی و چینی پرشنگدار گۆڕدرا بۆ چینی تاریک، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی چین و رۆڵەکانی گەڵ نەترسان لەوە و دانەمرکانەوە و دوژمنیش نەیتوانی لەناویان بەرێت. دووبارە لە زەویەوە هەڵسانەوە و پەڵەی خوێنی سەر جەستەیان سڕیەوە و لاشەی هەڤاڵەکانیان بە خاک سپارد و دەستیان کردەوە بە شەڕ. ئاڵای شۆڕشە مەزنەکەیان بەرز کـردەوە دەستیان بە بەرگریی میللی کرد و ئیدارەی میللیان لە ناوچە فراوانەکانی خاکی چیندا دامەزراند و چاکسازیی کشتوکاڵیان جێبەجێ کرد و سوپای گەلیان دامەزراند-سوپای سووری چین- و پارێزگاریان لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلی چین کرد و پەرەیان پێدا.

ئێوە خاوەنی خاسیەتی زۆرن. خزمەتی گەورەتان پێشکەش کردوە، بەڵام دەبێت هەمیشە لەخۆبایی بوون

بەدوور بن. ئێوە شایستەی ڕێزی جەماوەرن، بەڵام لەوانەیە ئەم ڕێزە بە ئاسانی بەرەو لەخۆبایی بوونتان بەرێت و ئەگەر تووشی لەخۆبایی بوون و خاکیەتیی خۆتان گوڕوتینتان لەدەست دا و ڕێزی خەڵکتان نەگرت و ڕێزی کادیران و جەماوەرتان نەگرت، ئەوا پاڵەوانێتیەکەتان نامێنێت و نموونەییەکەتان لێدەبێتەوە. ئێمە لە ڕابردوودا لەو جۆرە کەسانەمان بینیوە، بۆیە هیوادارم ڕەفتاری ئەوان نەکەن.

ئێوە بەسەر گرفتە زۆر و ناخۆشیە گەورەکاندا زاڵ بوون و ئازایەتییەکی دەگمەن و ژیرییەکی تەواو و گوڕوتینی زۆرتان نیشان دا لە خەباتتاندا بۆ لەناوبردنی دوژمن و بۆ بووژاندنەوەی بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی و پەرەپێدانیان. ئێوە پێشەنگی سەجەم نەتەوەی چینن و بربڕەی پشتن کە چەرخی پێشکەوتنی مەسەلەکانی گەل لە هەموو بوارەکاندا بەرەوپێش دەبات. ئێوە ئەو کۆڵەکانەن کە حکوومەت پشتی پێدەبەستێت، ئەو پردانەن کە حکومەتی گەل و جەماوەری فراوان پێکەوە دەبەستێت.

ئێمەی نەتەوەی چینی، گیانی پاڵەوانی و خۆبەختکردنمان تێدایە، کە پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی جەنگە خوێناوییەکان دژی دوژمنەکانمان هەتا کۆتایی. ئێمە سوورین لەسەر گێڕانەوەی خاکە داگیرکراوەکەمان و سەروەریی نەتەوەکەمان بە هەوڵ و تەقەلای خۆمان و توانای هەڵسانەوە و ڕاوەستانمان هەیە شانبەشانی نەتەوەکانی جیهان.

(20)

## بیناکردنی وڵاتەکەمان بە کاری جدی و دەستگرتن بە تێچوونەکان

پێویستە بـەردەوام بیری هەموو کادیر و رۆڵەکانی گەل بخەینەوە، کە چین وڵاتێکی ئیشتراکیی گەورەیە، بەڵام هەژار و دواکەوتووە لەڕووی ئابووریەوە. ئەوەش نەگونجاوییەکی گەورەیە. بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان دەوڵەمەند و بەهێز بێت پێویستە ئەرکی قورس جێبەجێ بکەین بۆ ماوەی دەیان ساڵ و لەناو ئەو ئەرکانەدا، سیاسەتی بینای وڵاتەکەمان بە کاری جدی و گرتنەوەی تێچوونەکان کە پێویست دەکات بە کەم خەرجکردن و پاشەکەوت کردن بە وردیی و بەگژداچوونەوەی زیادەڕۆیی.

پێویستە پرەنسیپی کاری جدی و پاشەکەوت کردن لە خەرجییەکانی بەڕێوەبردنی کارگەکان و فرۆشگا و هەموو پرۆژە حکومییەکان و هەرەوەرزیی و پرۆژەکانی دیکە جێبەجێ بکرێت. پێویستە لە هەموو پرۆژەکاندا جێبەجێ بکرێت. ئەوە پرەنسیپی دەستگرتنەوە و پاشەکەوتکردنە و یەکێکە لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی ئابووریی ئیشتراکیی. چین وڵاتێکی گەورەیە، بەڵام هێشتا زۆر هەژارە. دەیان ساڵی

دیکەش تێدەپەڕێت بەرلەوەی دەوڵەمەند ببێت و تاوەکو ئەوکات پێویستە پرەنسیپی کاری جدی و دەستگرتنەوە لە خەرجییەکاندا بکەین، بەڵام دەبێت بایەخی تایبەتیی بە بانگهێشتی ئەم پرەنسیپە و پەیڕەوکردنی دەستگرتنەوە بکەین لە داهاتەکانی داهاتوودا، بەتایبەتیی لە ماوەی پلانی پێنج ساڵیدا کە لە ئێستادا و ساڵانی داهاتوودا جێبەجێی دەکەین.

پێویستە لەسەر هەڤاڵان لە هەموو ناوچەکان پاشەکەوتی زۆر زۆر لە توانا مرۆییەکان و ماددییەکاندا بکەن و بە هیچ جۆرێک نابێت بایەخ لەسەر ئێستا چڕ بکەنەوە و بێحیساب بەکاری بهێنن و زیادەڕۆیی تێدا بکەن. هەڤاڵان لە هەر شوێنێک بن، دەبێت حیسابێک بۆ ساڵانی کار دەست پێکردن دابنێن و بۆ ساڵانی زۆرتریش. پێویستە لەسەریان حیساب بۆ ساڵانی درێژخایەنی جەنگ بکەن کە ئێستا بەرپای دەکەین و ئەو رۆژەش کە دەست بە بیناکردن دەکەین، دوای دەرپەڕاندنی دوژمن. پێویستە لەسەریان پەرە بە بەرهەمهێنان بدەن لەو کاتەدا کە بە وردیی پابەندن بە دەستگرتنەوە و پاشەکەوتکردن و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕۆیی. لە هەندیک شوین وا رووی دا هەندێک لە هەڤاڵان حیساباتی درێژخایەنیان نەکردبوو و بایەخیان بە دەستگرتنەوە لە وزەی مرۆیی و مادی و گەشەپێدانی بەرهەم نەدابوو، بۆیە ئەو ناوچانە زیانی زۆریان بەرکەوت بەهۆی ئەوەوە. لەبەرئەوە ئەرکی ئێمە ئەمڕۆ ئەوەیە، کە

ئەم وانەیەمان وەرگرتووە، ئاگادار بین لەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە شارە بچووکەکاندا بە خێرایی بەرەوپێش بەرین، پێویستە لەسەرمان، لە کاتی بەڕێوەچوونی خەباتماندا بۆ نەهێشتنی سیستمی دەرەبەگایەتی ئەوپەڕی بایەخ بدەین بە هەموو جۆرە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بژێویی دروست بۆ بەکارهێنان و هەنگاوی تایبەتی بنێین دژی هەر کەسێک کە تێکی بدات، یان بەفیڕۆی بدات و زیادەڕۆیی نەهێڵین لە خواردن و خواردنەوەدا و بایەخی خۆمان ئاراستەی پاشەکەوت و دەسنگرتنەوە بکەین.

پێویستە خەرجیە داراییەکان بخەینە ژێردەستی پڕەنسیپی دەست پێوەگرتن و پاشەکەوت کردن و پێویستە بۆ هەموو فەرمانبەرانی حکومەتی روون بکەینەوە کە دزیکردن لە مڵک و ماڵی حکومەت و بەفیڕۆدانی گەورەترین تاوانە. لەرابردوودا هەندێک ئەنجاممان بەدەستهێنا لە لەناوبردنی دزی کردن و زیادەڕۆیی کردن. ئەمڕۆش دەبێت هەوڵی زیاتر بدەین. ئەو پڕەنسیپەی بەسەر نیزامەکەماندا زاڵە لە لێپێچینەوەدا ئەوەیە، کە دەبیت دوا فلس پاشەکەوت بکەین لەپێناو جەنگ و مەسەلە شۆڕشگێڕییەکەماندا و لەپێناو بیناکردنی ئابووریماندا.

5 – لەناو زۆر لە فەرمانبەرانماندا ئارەزووی ترسناک پەیدا بووە کە بریتیە لە بەشداری نەکردنی جەماوەر لە خۆشی و ناخۆشیدا و هەوڵدان بۆ ناوناوبانگی شەخسی

و بەرژەوەندیی تــاک. ئەمە شتێکی زۆر خراپە. لەو شێوازانەمان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم جۆرە ئارەزوو و مەیلانەدا، بڵاوکردنەوەی دەزگا ئیدارییەکانمانە لە کاتی هەڵمەتەکانی زیادکردنی بەرهەم و دەستگرتنەوە لە خەرجییەکان و گواستنەوەی کادیران بۆ رێکخراوەکانی بنکە بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارە بتوانن بگەڕێنەوە بۆ کاری بەرهەمهێنان.

6- بەشداریکردنی سوپا لە کارەکانی بەرهەمهێناندا بە مەبەستی دابینکردنی پێویستییەکانی لە ئازووقە باری ژیانی باشتر کردووە و باری سەرشانی میللەتی سووک کردووە پاشان یارمەتیدەر بووە بۆ فراوانبوونی سوپا و دەستبەجێش ئەنجامی بچووکتری زۆریشی بەدەستهێناوە کە بریتین لە: 1- پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان سەرباز و ئەفسەر، چونکە ئێستا پێکەوە کار دەکەن بۆ بەرهەمهێنان و برایەتییەکی قــووڵ لەنێوانیاندا دروســت بــووە. 2- چاکترکردنی هەڵوێست بەرامبەر کاری جەستەیی. ئێستا هەڵوێستی پیاوانی سوپا بەرامبەر بە کاری جەستەیی باشتر بووە لەو کاتەوە دەستیان بە بەرهەمهێنان کردووە بۆ دابینکردنی پێویستیی خۆیان لە ئازووقە و تەمەڵی و ئارەزووی بێکاری کە ڕەوشتی خوێڕییەکانە، نەهێڵراوە. 3- پشتگیری کردنی نیزام، بایەخدان بە نیزام لە بەرهەمهێناندا پشتگیریی نیزامی سوپا دەکات لە شەڕ و لە ژیانی سوپادا، نەک لاوازی بکات. 4- پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان سوپا

و گەل، ئەوکاتەی هێزە چەکدارەکان» کاروبای ناوماڵی خۆیان» ڕێک دەخست ڕووداوی زیانگەیاندن بە مڵک و ماڵی گەل کەم بووەوە و نەماوە، لەبەرئەوەی سوپا و گەل لە بەرهەمهێناندا بە نۆرە یارمەتی پێشکەش دەکەن، ئیتر دۆستایەتیان بەهێزتر بوو. -5 بێزاربوون لە حکومەت لەناو سوپادا کەم بووەوە و پەیوەندیی هەردولا باشتر بوو. -6 پاڵنان بە چەرخی هەڵمەتە مەزنەکەی بەرهەمهێنانەوە کە گەل ئەنجامی دەدات.ئەوکاتەی سوپا لە بەرهەمهێناندا بەشداریی کرد، بەشداری کردنی فەرمانگە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی دیکە لە بەرهەمهێناندا بووە زەرورەت، ئیتر بە جۆشی زیاترەوە دەستی بە بەرهەمهێنان کرد و ئەو هەڵمەتە گشتیەی گەل رایدەپەڕێنێت، هەمووی لەپێناو زیادکردنی بەرهەمدا بوو، زۆر پێویست بوو. ئیتر بە جۆشەوە گەل بەرەوڕووی چوو.

هەندێک کەس دەڵێن ئەگەر یەکەکانی سوپا بەشداریی بەرهەمهێنان بکات، ئـەوا ناتوانیت شـەڕ و مەشقی سەربازی بکات و فەرمانگەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی دیکە ئەگەر بەم کارە هەڵسن، ناتوانن کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. ئەم بۆچوونە ڕاست نییە، چونکە یەکە سەربازییەکانمان لەسەر سنوور بە شێوەیەکی فـراوان بەشدار بوون لە بەرهەمهێناندا لە چەند ساڵی رابوردوودا. پێویستیی خۆیان لە خـۆراک و پۆشاک بەدەستهێنا. لە هەمان کاتیشدا بەردەوام بوون لەسەر مەشقی سەربازیی

خۆیان و فێربوونی سیاسەت و فیربوونی زانیاریی گشتی. لـەوەدا سەرکەوتووتر بـوون وەک لە سەرکەوتنەکانی پێشووتر، هەروەها یەکێتیی لەناو سوپا و لە نێوان سوپا و گەلدا لە جاران زیاتر بەهێز بوو. لە بەرەی پێشەوە ساڵی رابردوو هێزەکانمان بەشداربوون لە هەڵمەتێکی فراوانی بەرهەمهێناندا، لەگەڵ، ئەوەشدا سەرکەوتنی مەزنیان لە شەڕدا بەدەستهێنا و هەڵمەتی مەشقکردنیان لە هەموو یەکەکاندا دەست پێکرد، بەڵام فەرمانبەرانی حکومەت و رێکخراوەکانی دیکە بەهۆی بەرهەمهێنانەوە بژێویان باشتر بووە، ئێستا بەدڵنیایی زیاتر و توانی زۆرترەوە کار دەکەن. ئەوە ڕەوشەکەیە لە ناوچە سنوورویەکان و بەرەی پێشەوە.

## (21)
## پشت بەخۆ بەستن و خەباتی سەخت

ئایا پێویستە سیاسەتمان لەسەر چ بنەمایەک بەند بێت؟ لەسەر هێزی تایبەتیی خۆمان، ئەوەش پێیدەوترێت پشت بەخۆبەستن. ئێمە گۆشەگیر نین، چونکە هەموو وڵاتانی جیهان و گەلانی خەباتگێڕی دژ بە ئیمپریالیەت دۆستمانن، بەڵام ئێمە جەخت لەسەر پشت بەخۆبەستن دەکەین، چونکە بە پشت بەستن بەو هێزانەی خۆمان رێکی دەخەین، دەتوانین بەسەر هەموو کۆنەپەرستە چینییەکان و بیانییەکاندا سەر بکەوین.

ئێمە داوای پشت بەخۆبەستن دەکەین و ئومێدمان بە پشتگیریی دەرەکییە، بەڵام نابێت لەسەر ئەوە بوەستین، بەڵکو لەسەر هەوڵەکانی خۆمان و لەسەر هێزی داهێنەری هەموو سوپا و هەموو میللەت.

بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە وڵاتدا هەنگاوی یەکەمە لە ڕێپێوانێکی گەورەدا کە درێژییەکەی 10 هەزار میلە. شۆڕشی چین شۆڕشێکی مەزنە، بەڵام رێگەی دوای شۆڕش رێگەیەکی درێژە و کارەکەش مەزنتر و سەختتر دەبێت. پێویستە ئەم خاڵە لە ئێستاوە لە حیزبدا روون بکرێتەوە

و دەبێ داوا لە هەڤاڵان بکەین، کە بەردەوام پارێزگاریی گیانی خاکێنیی و ئارامگرتن بکەن دوور لە سەرچڵی و ملهوڕی و بەردەوام پارێزگاری لە گیانی خەباتی سەخت بکەن.

دەبێ بە شێوەیەکی کۆتایی هەڤاڵان رزگار بکەین لە هەر بیرۆکەیەک کە پێیان بڵێت ئێمە دەتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین، بە پشت بەستن بە رێککەوتەکان و دەرفەتە چاوەڕوان نەکراوەکان بەبێ پێویستی بۆ خەباتی سەخت و ئارەق و خوێنڕشتن.

پێویستە هەمیشە گەل ئێبگەیەنین دەربارەی پێشکەوتنی جیهان و ئایندە رۆشنەکەی بۆ ئەوەی متمانای بە سەرکەوتن هەبێت. لە هەمانکاتدا دەبیت بە گەل بڵێین، هەروەها بە هەڤاڵان کە رێگەکەی لە پێشمانەوەیە و پێچاوپێچە و هێشتا بەربەست و گرفتی زۆر هەیە، کە رێگەی شۆڕشی بەستووە. کۆنفرانسی حەوتەمی پارتەکەمان وای داناوە، کە تووشی گرفتی زۆر دەبین لەبەرئەوەی خۆمان پێمان باشە وای دابنێین، کە تووشی گرفتی زۆر دەبین. هەڤاڵان هەن نایانەوێت زۆر بیر لە گرفتەکان بکەنەوە، بەڵام گرفت راستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەبێت هەموو دانی پێدا بنێین، کەم بیت یان زۆر. نابیت هەڵوێستمان (دان پیانەنان) بێت. دەبێت دانی پێدا بنێین و شرۆڤەیان بکەین و لەناویان بەرین. لە جیهاندا رێگەی راست و رێک نییە، بۆیە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆ رۆیشتن بە رێگا پێچاوپێچەکاندا

و نابێت ئەماعی دەسکەوتی خۆڕاییمان هەبێت، چونکە ناکرێت وابزانین کە هەموو کۆنەپەرستەکان چۆک دادەدەن لەسەر زەوی لە بەیانییەکی جوان و دڵڕفێندا بە خواستی خۆیان. بەکوردی و بەکوری، ئێندە ڕۆشنە هەرچەندە رێگە خواروخێچە، چونکە گرفتی زۆر لەبەردەمماندا ماوە و نابێت بەسووک سەیریان بکەین. بێگومان ئێمە دەتوانین بەسەر هەموو گرفتێکدا سەر بکەوین و سەرکەوتن بەدەست بهێنیە ئەگەر لەگەڵ رۆڵەکانی گەلدا یەکبگرین و پێکەوە هەوڵ بدەین.

ئەوانەی تەنها لایەنە پرشنگدارەکە دەبینن بەبێ گرفتەکان، ناتوانن سەرکەوتووبن لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی پارتەکەمان.

کرێکار و جوتیار و رۆشنبیرە کارمەندەکان ئەوانەن کە سامانی کۆمەڵ دروست دەکەن و مادام جڵەوی چارەنووسیان بەدەست خۆیانەوەیە و لەسەر رێبازی مارکسی-لینینی دەڕۆن و هەڵوێستێکی دروستیان وەرگرتووە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکان لەجیاتی خـۆلادان لێیان، ئەوکات لە جیهاندا گرفت نابێت کە نەتوانن بەسەریدا سەربکەون.

پێویستە لەسەر هەموو هەڤاڵان لە حیزبدا نرخی تەواو بە هەموو گرفت و کێشەکان بدەن و ئامادە بن بەسەریاندا زاڵ بن بە شێوەیەکی رێکوپێک و بە ئیرادەیەکی پۆڵایین. هێزە کۆنەپەرستەکان گرفتیان هەیە و ئێمەش گرفتمان

هەیە، بەڵام گرفتەکانی کۆنەپەرستان چارەسەرییان نییە، چونکە ئەم هێزانە بەرەو نەمان دەچن و هیچ ئایندەیەکیان نییە، بەڵام گرفتەکانی ئێمە چارەسەر دەکرێت چونکە ئێمە هێزێکی گەشەکردوین و ئایندەمان رۆشنە. پێویستە لەسەر هەڤاڵانمان لە کاتە دژوارو سەختەکاندا دەسکەوتەکانمان لەبیر نەکەن. پێویستە ئایندەی رۆشنمان ببینن و دەبێت دلێری و بوێریمان زیاتر بکەین.

## (22)

# شێوازی بیرکردنەوەو شێوازی کارکردن

مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی پێشکەوتنی بەردەوامە لە بۆشایی زەرورەتەوە بۆ بۆشایی ئازادی. ئەم پرۆسەیەش هەرگیز کۆتایی نایەت. ململانێی چینایەتی لە هەرکۆمەڵگەیەکدا چین و توێژی تێدا بێت کۆتایی نایەت. خەباتی نێوان کۆن و تازە و راست و هەڵە هەرگیز لە کۆمەڵگەیەکی بێ چیندا ناوەستێت و مرۆڤایەتیش هەرگیز لە پێشکەوتن لە مەیدانی خەبات لەپێناو بەرهەمهێنان و لە مەیدانی تاقیکردنەوەی زانستیدا ناوەستێت. سروشتیش بەردەوام لە پێشکەوتن دایە. مەسەلەکەس لەهەمان ئاستدا ناوەستێت، بۆیە دەبێت مرۆڤ بەردەوام تاقیکردنەوەکان پوختە بکات بۆ ئەوەی داهێنان بکات و هەمیشە پێش بکەوێت. ئەو بیرکردنەوانەش کە حەز بە وەستان و رەشبینی و لەدەستدانی گوڕوتین و قەناعەت و شانازی دەکات، هەمووی هەڵەیە، چونکە لەگەڵ راستییەکانی مێژوودا رێک ناکەوێت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لە ملیۆن ساڵی رابردوودا. هەروەها رێک ناکەوێت، لەگەڵ راستیە مێژووییەکاندا کە تاوەکو ئێستا زانیومانە بە سروشتی

(واتـە سروشتی مێژووی ئەنە ئاسمانییەکان و مێژووی زەمین و مێژووی بونەوەران و مێژووی سەرجەم زانستە سروشتییەکان)

زانستە سروشتییەکان چەکێکە مرۆڤ خەباتی پێدەکات لەپێناو ئازادیدا، بۆیە مرۆڤ، بۆ ئەوەی ئازادی لەناو کۆمەڵدا بەدەست بهێنێ، دەبێ پشت بە زانستە سروشتییەکان ببەستێت لە تێگەیشتنیدا بۆ سروشت و بەکارهێنانی و گۆڕینی. ئیتر بەو شێوەیە دەتوانێت لە سروشتدا ئازاد بێت.

مادیەتی دیالکتیکی لە فەلسەفەی مارکس دوو خەسڵەتی بەرچاوی هەیە: یەکەمیان، خەسڵەتی چینایەتی، چونکە رایدەگەنێت کە مادیەتی دیالەکتیکی لە خزمەتی پرۆلیتاری دایە. دووەمیان، خەسڵەتە زانستییەکەیەتی کە جەختی لەسەر شوێنکەوتەیی تیۆرییە بۆ پراکتیزەی زانستی دەکات، چونکە تیۆریەکە لەسەر بناغەی پراکتیزەی زانستیی دانراوە، پاشان دەگەڕێتەوە و دووبارە خزمەتی پراکتیزەی زانستی دەکات.

فەلسەفەی مارکسی وای دادەنێت کە ئەو مەسەلەیەی گرنگیی زۆری هەیە، ئەوە نییە یاسا دانراوەکانی جیهان بزانیت و پاشان توانای روونکردنەوەیت هەبێت، بەڵکو لە بەکارهێنانی ئەم زانیارییە دایە لە گۆڕینی جیهاندا بە شێوەیەکی کاریگەر.

ئایا بیرۆکە دروستەکان لەکوێوە هەڵدەقوڵێن؟ ئایا لە ئاسمانەوە دێنە خـوارەوە؟ نەخێر! ئایا سروشتییە لە

مێشک و ئەقڵدا؟ نەخێر! ئەوە بە تەنها لە پراکتیزەی کۆمەلایەتییەوە هەڵدەقوڵێت. لە سێ جۆر پراکتیزەی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەقوڵێت: خەبات لەپێناو بەرهەمهێناندا و ململانێی چینایەتی و تاقیکردنەوەی زانستی.

بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بیرکردنەوەی دیاری دەکات. هەرکات جەماوەر لە بۆچوونە دروستەکان کە خەسڵەتی چینی پێشکەوتووە تێگەیشت، ئەوا ئەم بیرکردنەوانە دەگۆڕدرێت بۆ هێزێکی مادی کە کۆمەڵگە و جیهان دەگۆڕێت.

مرۆڤەکان لە ئەنجامدانی کارە کۆمەڵایەتییەکانیاندا هەموو جۆرە خەباتێک دەکەن، ئیتر لە سەرکەوتن و شکستهێنانەکانیان وەک یەک ئەزموونی بەرفراوان وەردەگرن. ژمارەیەکی زۆر لە دیاردەی بابەتی لە ئەقڵی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە لە رێگەی پێنج هەستەکەوە: بینین، گوێ لێبوون، بۆنکردن، تامکردن و بەرکەوتن. لە سەرەتاوە مەعریفەکە هەستیە، پاشان بازدانێک روو دەدات بۆ مەعریفەی ئەقڵی، واتە بیرەکان، ئەوەش دوای کەڵەکەبوونی بڕێک لە مەعریفەی هەستی. ئەوە یەکێکە لە پڕۆسەکانی بەدەستهێنانی مەعریفە. ئەوەش یەکەمین قۆناغە لە تەواوی پڕۆسەی بەدەستهێنانی مەعریفە و قۆناغی گواستنەوە لە مادەی بابەتییەوە بۆ هۆشیاریی خۆیی، لە بوونەوە بۆ فیکر، بەڵام هێشتا نەسەلمێنراوە لەم قۆناغەدا ئایا هوشیاریی مرۆڤ، یاخود بیرەکانی (لەوانەش تیۆرییەکان

و سیاسەتەکان و پلانەکان و ڕێوشوێنەکان) ڕەنگدانەوەی بەڕاستی یاسا دانراوەکانی جیهانە یان نا. ناشکرێت جەخت لە ڕاستی و ناڕاستیشی بکرێت. لێرەدا قۆناغی دووەمی بەدەستهێنانی مەعریفە دێتە پێشەوە. قۆناغی گواستنەوە لە هوشیارییەوە بۆ مادە دووبارە. لە فیکرەوە بۆ بوون، کاتێک کە ئەو مەعریفەیەی بەدەستهێنراوە لە قۆناغی یەکەمدا دەخرێتە بواری ئەنجامدان و بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا ئەم تیۆری و سیاسەت و پلان و ڕێوشوێنانە سەرکەوتنی چاوەڕوان کراو بەدەست دێنن یان نا. بەگشتی، ئەگەر سەرکەوتوو بین ئەوا ڕاستن و ئەگە شکستخواردوو بن، ئەوا هەڵەن. ئەوەش بەتایبەتی ڕاستە سەبارەت بە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا.لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا، دەبینین ئەو هێزانەی کەوا نوێنەری چینی پێشکەوتوون هەندێک جار تووشی شکست دەبن، نەک لەبەرئەوەی بیرەکانیان دروست نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە تەرازوی هێزە بەشداربووەکاندا لە کۆنەپەرستی لاوازترە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی کاتی دەدۆڕێـت، بـەڵام درەنـگ بێت یـان زوو، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. پاشان بازدانێکی دیکە لە مەعریفەی مرۆڤدا ڕوو دەدات، دوای ئـەوەی بەتاقیکردنەوەی پراکتیزەی (کردەیی) عەمەلیدا تێپەڕ دەبێت و ئەم بازە لـەوەی پێشووتری گرنگترە، چونکە ئەم بازە بە تەنها دەتوانێت ڕاستی و هەڵەیی بازی یەکەم لە بەدەستهێنانی

مەعریفەدا بسەلمێنێت، واتە بیر و تیۆری و سیاسەت و پلانە و ڕێوشوێنەکان، کە لە ڕوودانی ڕەنگدانەوەی جیهانی بابەتیدا پێکهاتووە و بێجگە لەمە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی.

گەیشتن بە مەعریفەیەکی دروست ڕوو نادات زۆر جار، تەنها دوای دووبارە بوونەوەی چەندجاریی پرۆسەی گواستنەوە لە مادەوە بۆ هوشیاری نەبێت، پاشانیش لە هوشیاریەوە بۆ مادە دووبارە، واتە لە پراکتیزەی کردییەوە بۆ مەعریفە و پاشان لە مەعریفەوە بۆ پراکتیزەی کردەیی دوبارە. ئەوە تیۆریی مارکسیە بۆ مەعریفە، تیۆریی مادی دیالەکتیکی بۆ مەعریفە.

ئەگەر کەسێک بیەوێت شتێک فێر ببێت، بۆ ئەوە ڕێگەی تری نییە تەنها چوونە ناو ئەو شتەوە نەبێت.واتە لەناو ژینگەی ئەو شتەدا بژی (پراکتیزەی کردەنی). ئیتر ئەگەر ویستت مەعریفە بەدەست بهێنیت، دەبێت بەشداری لە پراکتیزەی کردەییدا بکەیت کە ئامانجی گۆڕینی واقیعە. ئەگەر ویستت تامی هەرمێ بکەیت، پێویستە هەرمێکە بگۆڕیت، واتە بیخۆیت و ئەگەر ویستت تیۆریی شۆڕش و ڕێگەکانی فێر بیت، پێویستە لە شۆڕشدا بەشدار بیت. هەرچی مەعریفە ڕاستەکانە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆوە هەڵدەقوڵێت.

مەعریفە لە پراکتیزەی کردەنییەوە دەست پێدەکات و مەعریفەی تیۆریش کەلە ڕێگەی پراکتیزەکردنی کردەنییەوە

بەدەست دێت پێویستە لە پراکتیزەی کردەییدا جێبەجێ بکرێت، جارێکی دیکە. ڕۆڵـی کاریگەری مەعریفە لە باری کاریگەر لە گواستنەوە لە مەعریفەی هەستییەوە بۆ مەعریفەی عەقڵی دەرناکەوێت بە تەنها، بەڵکو دەبێت دەرکەوێت هەروەها- ئەمەش لەوە گرنگترە - لە بازدان لە مەعریفەی عەقڵیەوە بۆ پراکتیزەی کردەنی شۆڕشگێڕانە.

زانراوە کە مرۆڤ ئەگەر ویستی کارێک بکات، باری دەوروبەری کارەکە و خاسیەتەکانی و پەیوەندییەکانی بە شتەکانی ترەوە شارەزا نەبوو، ئەوا یاساکانی تایبەت بە م کارەو شێوەی ئەنجامدانی نازانێت و لە ئەنجامدا ناتوانێت بەباشی بیکات.

ئەگەر مـرۆڤ بیەوێت سەرکەوتن لە کارەکەیدا بەدەست بهێنێت، واتە ئەنجامە خوازراوەکان بەدەست بهێنێت، دەبیت بیری خۆی لەگەڵ یاسا بابەتییەکانی جیهانی دەرەکیدا بگونجێنێت. خۆ ئەگەر بیری لەگەڵ ئەم یاسایەنەدا نەگونجا، بێگومان لە پراکتیزەی کردەنیدا شکست دەهێنێت، کە شکستیشی هێنا ئـەوا دەرسی لێوەردەگرێت و بیرەکانی خـۆی ڕاسـت دەکاتـەوە و دەیگونجێنێت لەگەڵ یاساکانی جیهانی دەرەکیدا. ئەوکات دەتوانێت شکستهێنانەکەی بگۆڕێت بە سەرکەوتن. ئەوەش مەبەستەکەیە لە وتەکەیان،» شکستهێنان یان سەرکەوتن» یاخود «سوار تا نەگلێت نابێتە سوار»

ئێمە مارکسین و مارکسییەت فێری کردووین، کە

تەماشای مەسەلەکان دەکەین لە ڕاستییە بابەتییەکانەوە دەست پێبکەین نەک لە پێناسە رووتەکانەوە و لەرێگای شیکارکردنی ئەو راستیانەوە بگەینە پرەنسیپی دروست و رێوشوێن و سیاسەتەکان.

گرنگترین شێوازی بنچینەیی لە کارکردندا کە پێویستە لەسەر هەموو کۆمۆنیستان بیخەنە بەرچاویان، ئەوەیە کە بڕیار لەسەر سیاسەتی کار بدەن بەگوێرەی بارودۆخی واقیعی. ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکاری هەڵەکانمان بکەین، دەبینین کە دەگەڕێنەوە بۆ ئـەوەی کە ئێمە سیاسەتی کارەکەمان لەسەر بناغەی بۆچوونی خۆمان داناوە و لە بارودۆخی واقیعی و لە کات و شوێنی خۆی دوور کەوتووینەتەوە.

ئایدیالیزم و لەسەرووی سروستەوە تاکە شتێکە لە جیهاندا بۆ مرۆڤ هیچ ئەرکێکی تێناچێت، چونکە بواری دەدات بە ئـارەزوی خۆی بدوێت بێ ئـەوەی پشت بە واقیعی بابەتی ببەستێت و بێئەوەی قسەکانی بخاتە بەر تاقیکردنەوەی واقیعەکە، بەڵام ماددیەت و دیالکتیک هەوڵ و تەقەلا لە مرۆڤ دەخوازێت، چونکە دەبێت پشت بە واقیعی بابەتی ببەستێت و لەبەردەمیدا تاقی ببێتەوە و ئەگەر هەوڵ نەدات، دەخلیسکێتە ناو رێگای ئایدیالیستی و میتافیزیکیەوە (لە ژوور سروشتەوە).

ئەگەر بمانەوێت مەسەلەیەک دیراسە بکەین، دەبێت رۆبچینە کرۆکی ئەو مەسەلەیەوە و رواڵەتەکەشی وا

دابنێین، کە دەمانگەیەنێتە کرۆکەکەی، ئیدی دەبێت دەست بەکرۆکەکەوە بگرین. تەنها ئەوەش رێگا زانستیەکەیە، کە بەکار دێت لە شیکردنەوەی شتەکاندا.

دەردی سەرەکی لە گۆڕانی شتەکاندا لە ناوخۆی دایە نەک دەرەوەی. ئەم پێکناکۆکییە شارراوەیەش دەردی سەرەکیە لە گۆڕاندا، بەڵام بوونی پەیوەندی و کاریگەریی هاوبەش لە نێوان شتێک و شتێکی دیکەدا دەردێکی سووک و کەم بایەخە.

دیالکتیکی مادی پێیوایە هۆکارە دەرەکییەکان مەرجی گۆڕانە و هۆکارە شارراوەکان بناغەی گۆڕانن و هۆکارە دەرەکییەکان کاری خۆی لە رێگەی هۆکارە شارراوەکانەوە دەکات. ئەوەتا هێلکە بە پلەیەکی گەرمی گونجاو دەبێت بە جووچک، لەگەڵ ئەوەشدا گەرمی ناتوانێت بەرد بکات بە جووچک، چونکە بناغەی گۆڕان لە یەکەمدا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دووەم.

فەلسەفەی مارکسی یاسای (یەکێتیی دژەکان) بە یاسای بنەڕەتی گەردوون دادەنێت. ئەوە یاسایەکە کە بوونی رەهایە لە سروشتدا بێت، یاخود لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، یاخود بیرکردنەوەی مرۆڤ. لە نێوان ئەو دوو دژەدا یەکێتیی و ململانێ هەیە لە هەمان کاتدا ئەوەش دەبێتە هۆی جووڵە و گۆڕانی شتەکان. ناچوونیەکیی لە هەموو شتێکدا هەیە، بەڵام سروشتیان بەپێی سروشتی شتەکان دەگۆڕێت. ئیتر یەکێتیی نێوان دژەکان لە ناچوونییەکی

شتەکاندا دیاردەیەکی کاتی و سنووردارە، لەبەر ئەوە ڕێژەییە، بەڵام ململانێی نێوانیان بە ڕەهایی دەمێنێتەوە بەبێ سنووردارکردن.

شێوازی شیتەڵکردن، شێوازێکی دیالکتیکیە. مەبەستمان لە شیتەڵکردن شیکردنەوەی لێک دژەکانی ناو شتەکانە و بەبێ تێگەیشتنی تەواو لە ژیان و تێگەیشتنی راستەقینەی ئەو دژ بە یەکانەی دەمانەوێت لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین، مەحاڵە شیکردنەوەی راست ئەنجام بدرێت.

لینین دەڵێت: شیکردنەوەی دیاریکراوی بارودۆخە تایبەتەکان «گرنگترین شتی سەرەکییە لە مارکسیەتدا و گیانە زیندوهوەکەیەتی.» بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵانمان بۆچوونی شیتەڵکرنیان نییە و نایانەوێت شیتەڵ و دیراسەی قووڵی یەک لـەدوای یەک ئەنجام بدەن لە مەسەلە ئاڵۆزەکاندا، بەڵکو ئەو خوەیان هەیە، کە حوکمی ئاساییان بەسەردا دەدەن، یان بە سەلماندنی ڕەها یاخود بە نەفیکردنی ڕەها. ئێمەش لە ئێستاوە دەبێت ئەم بارە راست بکەینەوە.

شێوازی ئەم هەڤاڵانە لە نێڕوانینی مەسەلەکاندا هەڵەیە، چونکە تەماشای رووە جەوهەریی و بنچینەییەکانیان ناکەن، بەڵکو لە رووە ناجەوهەری و نابنچینەییەکان ورد دەبنەوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بدەین کە ناکرێت رووە ناجەوهەری و نابنچینەییەکان پشتگوێ بخرێن، بەڵکو دەبێت رووبەڕوو چارەسەر بکرێن، بەڵام نابێت دابنرێن بە رووی جەوهەری

و بنچینەیی و بەو هۆیەشەوە ڕێگەمان لێ ئێک بچێت.

لە جیهاندا مەسەلەکان ئاڵۆزن و هۆکاری جۆراوجۆر بڕیاری دەدەن، بۆیە دەبێت لە چەند ڕوویەکەوە تەماشایان بکەین، نەک تەنها لە یەک ڕووەوە.

ئەو کەسانەی کە بە گوێرەی تێڕوانینی خۆیان تەماشای مەسەلەکان دەکەن لە یەک گۆشەوە و بە شێوەیەکی سەرزارەکیی هەر خۆیانن کاتێک کە دەگەنە شوێن دەکەونە پەلەکردن و ڕای خۆیان دەسەپێنن لە دەرکردنی فەرمانەکان و ڕێنماییەکان لە یەکێک لە مەسەلەکاندا بێ ئەوەی سەیری باودۆخی دەوروبەری ئەو مەسەلەیە و کۆی ئەو مەسەلەیە بکەن (واتا مێژوو و باری ئێستای لە هەموو ڕووەیەکەوە) و بەرلەوەی بگەنە جەوهەری مەسەلەکە (واتە سروشت و پەیوەندیی ناوخۆی نێوان ئەو و مەسەلەکانی دیکە). ئەم جۆرە کەسانە بێگومان هەڵدەنوتێن و دەکەون.

کاتێک لە مەسەلەیەک دەکۆڵینەوە، دەبێت خۆمان لە تێڕوانینی شەخسی و تێڕوانینی یەکلایەنە و تێڕوانینی ڕووکەش بەدوور بگرین، چونکە تێڕوانینی شەخسیی بەمانای بێتوانایی لە دیراسەی مەسەلەکاندا بە شێوەیەکی بابەتی، واتە بێتوانایی لە دیراسەکردنیدا بەگوێرەی بۆچوونی مادی. ئەمەم لە لێکۆڵینەکەمدا (پراکتیزەی کردەیی)دا ڕوون کردۆتەوە. سەبارەت بە تێڕوانینی یەکلایەنە، بە مانای بێتوانایییە لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، یاخود بەمە دەڵێین (بینینی تەنها بەشێک

بەبێ هەموو)، وەک بینینی درەختێک بەبێ دارستانەکە. ئەگەر ئەوەمان کرد ناتوانین رێگەی پێویست بدۆزینەوە بۆ چارەسەریی ناچوونییەکەکان. ناشتوانین ئەرکەکانی شۆڕش ئەنجام بدەین، ئەرکەکانمان بە باشیی جێبەجێ بکەین، ناشتوانین ململانێی بە باشی لەناو حیزبدا ئەکنەلۆژی پەرە پێبدەین.

دەربارەی زانستەکانی سەربازی (سەن وونسوو) دەڵێت: «ئەگەر شارەزای دوژمنەکەت و شارەزای خۆت بیت، لە هیچ شەڕێکدا ژێرکەوتوو نابیت، مەبەستی لەم قسەیە، زانینی مەسەلەی هەردوو لایەنی شەڕڤان. (وی تشینگ) لە بنەماڵەی (تانگ) دەڵێت:» ئەگەر گوێ لە هەردوو لایەنەکە بگریت، راستیت بۆ دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر گوێ لە یەک لایەن بگریت و لایەنگریی بکەیت، ئەوا راستیت لێ ون دەبێت. وی تشینگ درکی بە هەڵەی تێڕوانینی یەکلایەنە کردبوو، کەچی زۆر لە هەڤاڵانمان تێڕوانینی یەکلایەنەیان هەیە بۆ مەسەلەکان و لەبەرئەوەش دەکەون و.

لینین دەڵێت:» بۆ ئەوەی بەڕاستی شارەزای شتێک بین، دەبێ هەموو لایەن و پەیوەندی و ئامرازەکانی لێک بدەینەوە. هەرچەندە ناشتوانین لە هەموو روویەکەوە ئەوە بکەین، بەڵام سووربوونمان لەسەر دیراسەکردنی مەسەلەکان لە هەموو روویەکەوە دەمانپارێزێت لە هەڵە و سڕبوون.»

پێویستە لەسەرمان، ئەم وشانەمان لەیاد بێت، بەڵام تێڕوانینی رووکـەش بەو مانایەیە کە مـرۆڤ ڕەچـاوی خاسیەتەکانی پێکناکۆکەکانی کۆمەڵ نەکات، هەروەها تایبەتمەندییەکانی هەر لایەنێک لە لایەنەکانی دژ بە یەک. ئەوە بەو مانایەیە، کە مرۆڤ نکۆڵیی لە قووڵ بوونەوە لە شتەکان و لێکۆڵینەوە لە خاسیەتی ناچوونییەکەکان بە وردی، دەکات و تەنها لە دوورەوە تەماشای دەکات و هەوڵ دەدات، دوای ئەوەی ئارماییەکی خێرای ناچوونیەکی بەدی دەکات، کە چارەسەری پێکناکۆکییەک بکات و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و ناکۆکییەکان بخات بەلایەکدا و کارەکان جێبەجێ بکات، یان ئاراستەی کردەوە سەربازییەکان بکات. ئەم شێوازە هەمیشە کێشە دروست دەکات. تێڕوانینی یەکلایەنەو رووکەش لەهەمانکاتدا تێڕوانینی تاکەکسین، چونکە هەموو شتە بابەتییەکان لە ڕاستیدا پێکەوە لکاون و یاسای ناخۆییان هەیە، بەڵام هەندێک کەس لەبری ئـەوەی شتەکان وەکـوو خۆیان نیشان بـدەن، لە یەک لایەنەوە سەیرێکی رووکەشی دەکەن بێ ئەوەی تێبگەن لە پەیوەندییە هاوبەشەکان و یاسا ناوخۆییەکانی، لەبەر ئەوە شێوازەکەیان شەخسیە (خۆییە).

تێڕوانینی یەکلایەنە بە مانای زیادەڕۆیی رەها لە بیرکردنەوەدا. ئەوەش تێڕوانینی میتافیزیکییە بۆ مەسەلەکان. تێڕوانینی یەکلایەنە لە هەڵسەنگاندنمان بۆ کارەکانمان بریتییە لە سەلماندنی هەموو شت یان نەفیکردنی هەموو

شتەکان. مانای سەلماندنی هەموو شتەکان ئەوەیە، کە مرۆڤ تەنیا لایەنی باشی کارەکانی ببینێت بەبێ لایەنە خراپەکان و تەنها ستایش قبووڵ بکات نەک ڕەخنە. کە دەڵێین کارەکانمان لە هەموو ڕوویەکەوە باشە، وەک دەردەکەوێت، قسەیەکی پێچەوانەی ڕاستیە، چونکە هەموو کارەکانمان دروست و باش نییە و بەڵکو هێشتا کەموکوڕی و هەڵەیان تێدایە، هەروەها هەمووشی خراپ و نادروست نییە، چونکە ئەوەش ناهەقیە بەرامبەر ڕاستی، کەواتە لەم حاڵەتەدا شیکردنەوە پێویستە و نەفیکردنی هەموو شتێک مانای ئەوەیە، کە مرۆڤ بێئەوەی هیچ شیکارێک بکات، وای دادەنێت، کە هیچ شتێک بە باشی نەکراوە و پێیوایە، مەسەلەی بینای ئیشتراکیی مـەزن، مەسەلەی خەباتی مەزن کە سـەدان ملیۆن کەس بەشداریی تێدا دەکات، پشێویە و شتێکی تێدا نییە، شایستەی ڕێز و بایەخ بێت. هەرچەندە زۆر لەوانەی ئەم تێڕوانینەیان هەیە، جیاوازن لەوانەی دوژمنایەتیی سیستمی ئیشتراکی دەکەن، بەڵام ئەم تێڕوانینەیان هەڵەیە و زیان بەخشە و تەنها متمانە بە مسەلەکەمان لەدەست دەدەین، بۆیە هەڵەیە ئەگەر کارەکانمان لەڕووی ئەو تێڕوانینەوە هەڵبسەنگێنین، کە دەڵێت: سەلماندنی هەموو شتێک، یاخود ئەوەی دەڵێت نەفیکردنی هەموو شتێک.

کاتێک مارکسییەکان لە شتێک دەڕوانن، نابێت تەنها لە هەندیەک لایەنی بڕوانن، بەڵکو دەبێت تەماشای هەموو

لایەنەکانی بکەن. گریمان بۆقێک لە بنی بیرێکەوە گوتی «ئاسمان تەنها بە ئەندازەی دەمی بیرێکە. ئەو بەهەڵەدا چووە، چونکە قەبارەی ئاسمان بە ئەندازەی دەمی بیرێک نییە، بەڵام ئەگەر بۆقەکە بڵێت: «بەشێکی دیاریکراوی ئاسمان بە قەبارەی دەمی بیرێکە.» ئەوە لەسەر هەقە، چونکە لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت. دەبێ فێر بین چۆن لە هەموو رویەکەوە تەماشای مەسەلەکان بکەین، واتە نابێت بە تەنیا سەیری رووی پێشەوە بکەین، بەڵکو لایەنە شاردراوەکانی پشتەوەش تەماشا بکەین، چونکە لە هەندێک بارودۆخی تایبەتیدا لەوانەیە شتێک ئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە، یاخود ببێتە هۆی شتێکی باش.

ئێمە دان بەوەدا دەنێین، کە شتە مادییەکان، لە گۆڕانی گشتیی مێژوودا، بڕیار لەسەر شتە رۆحییەکان دەدەن و بوونی کۆمەڵایەتی بڕیاری کۆمەڵایەتی دەدات. پێویستە ئیمە دان بەوەدا بنێین، کە شتە رۆحییەکان کاردانەوەیان لەسەر شتە مادییەکان هەیە و کاردانەوەی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی لەسەر بوونی کۆمەڵایەتی و کاردانەوەی لەسەر بنکەی ئابووری هەبوایەت. ئێمە کە دان بەمەدا دەنێین، دژایەتیی مادییەت ناکەین، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە خۆمان لە مادییەتی ئالی بەدوور دەگرین و بەتوندی دەست بە مادییەتی دیالکتیکیەوە دەگرین.

ئەوانەی کە ئاراستەی جەنگ دەکەن، ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەگەر ئەو سنوورەی بارودۆخە بابەتییەکە

ریگەی پێداوە ببەزێنن، بەڵام پێویستیشە هەوڵی تەواو بدەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەو سنوورانەدا. شانۆی پرۆسەی سەرکردەکان پێویستە لەسەر توانا بابەتییەکان دروست بکرێت، بەڵام لەسەر ئەم شانۆیە دەتوانن ئیدارەی پێشکەش کردنی شانۆگەریی جۆراوجۆری پڕ لە ژیان و هەڵوێستی پاڵەوانانە و قوربانی دان بکەن.

پێویستە لەسەر خەڵک وا لە بیرۆکەکانیان بکەن کە لەگەڵ بارودۆخە گۆڕدراوەکەدا بگونجێت و بێگومان کەس بۆی نییە بەبێ بنچینە بیر بکاتەوە و لە خەیاڵدا نقوم ببێت، یان پلان بۆ کار بکێشێت و سنووری بارودۆخی بابەتی ببەزێنێت، یا خود شتێک بکات کە لەڕاستیدا توانای بەسەردا نەشکێت، بەڵام ئەمڕۆ کێشەکە ئەوەیە بیری ڕاسترەوی موحافیزکار هێشتا لە زۆر بواردا زیانبەخشە و ناهێڵێت هاوشانیی کارەکان لەم بوارانەدا بکرێت بەهۆی گۆڕانی بابەتی بارودۆخەکە. ئەمڕۆ کێشەکە ئەوەیە، کە کاری وا هەیە کە دەکرا ئەنجام بدرێت ئەگەر هەوڵ و تەقەلامان لەگەڵ بدایە، بەڵام زۆر کەس وای دەبینن کە مەحاڵە بکرێت.

پێویستە ئەقڵ بەکار بهێنین و بە وردی بیر لە هەموو شتەکان بکەینەوە. مەسەلەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت:» برۆت جووت بکە، فیڵەکە دەدۆزیتەوە.» ئەوە بە مانای بیرکردنەوەی قووڵ دانایی دروست دەکات. بۆ لابردنی نابینایی کە بە شێوەیەکی ترسناک تەشەنەی کردۆتە ناو

پارتەکەمان، دەبێت بیرکردنەوە و شارەزایی لە شێوازی شیکردنەوە راهاتن لەسەری هان بدرێت.

ئەگەر پرۆسەیەک لە پرۆسەکان ناچوونیەکی زۆری تێدا بێت، بێگومان لە نێوانیاندا ناچوونیەکی سەرەکی هەیە کە رۆڵی یەکلاکەرەوەی سەرۆکایەتیی دەبینێت، ئەوانی دیکەش لە پێگەیەکی نزمتر دان، بۆیە دەبێت ئێمە لە دیراسەی هەر پرۆسەیەکی ئاڵۆز کە دوو جۆر یان زیاتر پێکناکۆکییەکی تێدایە، هەوڵی تەواو بدەین بۆ دۆزینەوەی پێکناکۆکییەکی سەرەکی تیایدا. کە توانیمان جڵەوی ئەم پێکناکۆکییە سەرەکیە بگرین دەشتوانین بە خێرایی چارەسەری هەموو دژ بە یەکەکان بکەین.

پێویستە یەکێک لە پێکناکۆکییەکان سەرەکیی و ئەوی دیکەش لاوەکی بێت. لایەنی سەرەکیی رۆڵی قیادی لە ناچوونیەکیەکەدا دەبینێت و سروشتی شتەکان بە پلەی یەکەم لایەنی سەرەکیی پێکناکۆکییەکە بڕیاری لەسەر دەدات کە پێگەی کۆنترۆڵی داگیر کردوە، بەڵام ئەم بارودۆخە هەموو کات جیگیر نیە چونکە لایەنی سەرەکی و ناسەرەکی پێکناکۆکییەکە کە هەر یەکەیان دەگۆڕێت بۆ ئەوی دیکە، ئیتر بەگوێرەی ئەوە سروشتی شتەکە دەگۆڕێت.

دیاریکردنی ئەرکەکان بەتەنیا بەس نییە. دەبێت کێشەی شێوازەکان چارەسەر بکەین، کە یارمەتیمان دەدەن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکانە. ئەرکەکەمان وەک پەڕینەوەی

رووبار وایە. ناتوانین بەبێ پرد، یان بەلەم بپەڕینەوە و ئەگەر کێشەی بەلەم و پردەکە چارەسەر نەکەین، هەر باسێک سەبارەت بە پەڕینەوەکە پووچەڵە، هەروەها باسکردنی ئەنجامدانی ئەرکەکان بەبێ چارەسەریی کێشەی شێوازی کارکردن تەنها زۆر بڵێییە و هیچی تر.

جەماوەری فراوان تەیار ناکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک لە ئەرکەکان ئەگەر بانگەوازێکی گشتیی فراوانی ئاراستە نەکرێت، سەبارەت بەو ئەرکە، بەڵام ئەگەر کادیرە سەرکردەکان تەنها بانگەوازی گشتی بکەن و بە شێوەیەکی کردەنی دەست بە جێبەجێکردنی ئەرکەکە نەکەن، کە بانگەوازیان بۆ کردووە لە زۆریی ڕێکخراوەکاندا و تیایدا قووڵ نەبوونەتەوە و لەم ڕێکخراوانەدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، تاوەکو شارەزایی پەیدا بکەن لە ئاراستەکردنی ئەم ڕێکخراوانەدا کەڵکی لێ وەربگرن، من دەڵێم ئەگەر کادیرەکان ئەوەیان پێ بەس بوو، ئەوا ڕێگەیەک نابیننەوە بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی بانگەوازە گشتییەکەیان و دەوڵەمەند کردنی پێکهاتەکان و رەنگە بانگەوازەکان بەبێ دەنگدانەوە بفەوتێن.

بێگومان هەر کادیرێکی سەرکردە ناتوانێت ڕێنمایی گشتیی هەموو یەکەیەک بکات ئەگەر لە ئاستە نزمەکاندا ئەزموونێکی دیاریکراوی لە کەسەکان و ڕووداوی تایبەتی وەرنەگرتبێت. دەبێت ئەم شێوازە بەگشتیی بکەین لە هەموو شوێنێک تاوەکو کادیرە سەرکردەکانمان لە هەموو

ئاستێکدا بتوانن بەکاری بهێنن.

هیچ ناوچەیەک بۆی ناکرێت ئەرکە زۆرە مەرکەزییەکان لە هەمانکاتدا ئەنجام بدات، بەڵکو دەبێت لە هەر ماوەیەکی دیاریکراودا یەک ئەرکێ مەرکەزی دیاری بکات، دەبێ لە گرنگیدا بە پلەی دوو، یان سێ ئەرکی دیکەشی لەگەڵدا بێت. لەبەرئەوە دەبێت لێپرسراوی گشتی لە هەریەک لە ناوچەکاندا مێژوو و بارودۆخی خەبات لە ناوچەکەیدا بە هەند وەربگرێت و ئەرکە جیاوازەکان هەریەک لە شوێنی خۆیدا دابنێت، نەک تەنها هەڵبسێت بە جێبەجێ کردنی هەر ڕێنماییەک کەلە دەستە باڵاکانەوە بۆی دێت، بەبێ نەخشەدانانی خودی خۆی ئیدی گەلێک (ئەرکی مەرکەزی) بەسەردا کەڵەکە ببێت و بارودۆخەکە ببێتە پشێویی. هەروەها نابێت دەستە باڵاکان داوا لە دەستە نزمەکان بکات ئەرکە زۆرەکان جێبەجێ بکەن لە یەک کاتدا بێئەوەی روونـی بکەنەوە کامیان گرنگترینە و کامیان پەلەیە و بێئەوەش دیاریی بکات کامەیە ئەرکی مەرکەزیی و ببێتە هۆی ئاژاوە و تێکچوونی هەنگاوەکانی ئەو دەستانەی سەر بە کارەکەن و نەتوانن ئەنجامی چاوەڕوانکراو بەدەست بهێنن. یەکێک لە هونەری سەرکردایەتی کردن ئەوەیە کە کادیرە سەرکردەکان نەخشەیەکی گشتیی دابنێن بە گوێرەی بارودۆخی مێژوویی و حازری هەر ناوچەیەک و بە شێوەیەکی دروست بڕیاری چەقی قورسایی کارەکە بدەن لەگەڵ ریزبەندیی لە هەریەک لە ماوەکاندا و ئەم بڕیارە بە

توندی جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە بەدەستهێنانی ئەنجامە دیاریکراوەکان.

پێویستە ئاگادار بین لە بەڕێوەچوونی کارەکان لە هەموو کاتێکدا و ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان بکەین و هەڵەکان لە کاتی خۆیدا راست بکەینەوە و بۆمان نییە سستی بنوێنین تاوەکو چەند مانگێک یان ساڵێک، بۆ نموونە تێپەڕ دەکات، پاشان کۆبوونەوە بکەین بۆ پوختەکردنی ئەنجامەکان و پیاچوونەوەی هەموو حیساباتەکان و راستکردنەوەی هەڵەکان هەمووی بە یەک گوژم، چونکە سستی دەبێتە هۆی زیانی مەترسیدار، بەڵام راستکردنەوەی هەڵەکان کاتی دەرکەوتنیان،زیانەکان کەم دەکاتەوە.

سەرکردەکان بۆیان نییە چاوەڕێی چارەسەری کێشەکان بن تاوەکو کەڵەکە دەبن و ببنە هۆی نارەحەتی زۆر و ئینجا هەوڵی چارەسەریان بدرێت، بەڵکو دەبێت لە پێشی بزووتنەوەکەوە بڕۆن نەک لە دوایەوە.

ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی یەکخستنی گەرمیی سۆز و بوێریی و خۆڕاگرتنە کە چالاکی و رێکوپێکی یەک دەخات.

## بەشی شەشەم:
## (23)
## لێکۆڵینەوەو دیراسەکردن

وا پێویست دەکاتْ لەسەر ئەو کەسانەی کارو ئەرکی عەمەلی ئەنجام دەدەن، لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن دەربارەی بارودۆخی ئاستە نزمەکان. ئەم لێکۆڵینەوانە پێویستن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە تەنها تیۆری دەزانن و ئاگایان لە واقیع نییە، ئەگینا مەحاڵ دەبێتْ بتوانن تیۆری بە جێبەجێکردنی عەمەلیەوە ببەستنەوە. هەرچەندە هەندێک کـەس بە قسەکەی من گاڵتەیان دەهــاتْ،» هەرکەس لێکۆڵینەوە ئەنجام نەداتْ، مافی قسەکردنی نییە.» وە بە (ئەزموونسازیی) تەجربیی تەسک» ناویان برد، بەڵام من تاوەکو ئەمڕۆش نەتەنیا لەو قسەیە پەشیمان نیم، بەڵکو هێشتا سـوورم لەسەر ئـەوەی لێکۆڵینەوە نەکاتْ مافی قسەکردنی نابێتْ و زۆر کەس هەن (هەرکە ئۆتۆمبێلە رەسمییەکانیان بەجێ دێڵن ) هەرا و زەنای زۆر لە دەوری

خۆیان دەنێنەوە و لێرەولەوێ ڕا و تێبینی بڵاو دەکەنەوە و ڕەخنە لەم دەگرن و سەرزەنشتی ئەو دەکەن. لەڕاستیدا ئەمانە و نموونەکانیان لەکۆتاییدا دەدۆڕێن و دەشکێن، چونکە ئەم جۆرە تێبینیی و سەرەنجانە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی ورد نین و تەنها وەک زۆربلێیی نەزانێک وایە و لەلایەن « نیردراوانی ئیمپراتۆرەوە» زیانی زۆری بێشومار بە پارتەکەمان گەیشتووە. ئەوانەی لێرە و لەوێ بڵاو بوونەتەوە و بۆ هەر شوێنیک بچیت، ئاسەواری ئەوانی لێیە. ستالین ڕاستی کردووە کە گوتوویەتی» تیۆری هیچ ئامانجێکی نابێت، ئەگەر بە جێبەجێکردنی کردەیی شۆڕشگێڕانەوە بەستراو نەبێت و بێگومان ڕاستیشی کردووە کە گوتوویەتی،» پراکتیزەکردنی عەمەلیی ئەگەر لەسەر ڕێنمایی شۆڕشگێڕانە نەبێت، وەک ئەوە وایە خۆت بە تاریکیدا بدەیت.» کەواتە نابێت وشەی «ئەزموونسازی ئاسۆ تەسک» لەکەس بنێین تەنها لە پیاوی کورت بین نەبێت، کە بەبێ ڕێنوێنی کار دەکات و هیچ دواڕۆژێکی لێ بەدی ناکرێت.

ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی گەڕانە بەدوای ڕاستیدا لە واقیعدا. مەبەستمان لە واقیع هەموو ئەو شتانەن، کە بە شێوەیەکی بابەتی بوونیان هەیە و راستیی» هەموو پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەو شتانەیە، واتە ئەو یاسایانەی کۆنترۆڵیان دەکات. مەبەستیشمان لە «لێکۆڵینەوە» دیراسە و بەدواداچوونە. بۆیە پێویستە لە بارودۆخی واقیعی ناو

وڵات و دەرەوەی دەست پێبکەین، یاخود لەناو هەرێمێک یا پارێزگایەک، یان ناوچەیەک و دەرەوەیــان و یاسا راستەقینەکانیان لێوە وەربگرین نەک یاسا خەیاڵییەکان، واتە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان رووداوەکان بدۆزینەوە کە لە دەوروبەری خۆمان روو دەداتٛ و بیکەین بە ڕابەر بۆ کارەکانمان. بۆ ئەوەی ئەمە بکەین نابێتٛ پشتٛ ببەستین بە خەیاڵدانی خۆمان و گوڕوتینی کاتی و کتێبە مردووەکان، بەڵکو پێویستە پشتٛ بە رووداوە بابەتییەکان ببەستین و زانیاریی تەواو بەدەستٛ بهێنین و ئەنجامە دروستەکانی لێ هەڵێنجێنین بە رێنمایی پرەنسیپە گشتییەکانی مارکسی لینینی.

ئەوە شێوازێکی هەڵەیە کە مرۆڤ وەک مەسەلەکە دەڵێتٛ: (بە چاو نووقاوی چۆلەکە دەگرێتٛ) یاخود (نابینا ڕاوە ماسی دەکاتٛ)، کە مرۆڤ سستیی لە کارەکەیدا بکاتٛ و تیایدا ورد نەبێتٛ و هەر قسە بکاتٛ و بە کەمترین زانستٛ رازیی بێتٛ. ئەم شێوازە تەواو دژی گیانی بنچینەیی لینینی مارکسیە، هەرچەندە زۆر لە هەڤاڵانی حیزب بەم شێوازە کار دەکەن. ئێمە مارکس و ئەنگڵس و لینین و ستالین فێری کردوین کە پێویستە بارودۆخەکە بە چاکی لێک بدەینەوە و لە بارودۆخە بابەتیە واقیعیەکەوە دەستٛ پێبکەین، نەک لە ئارەزووی خۆمانەوە، بەڵام گەلێک لە هەڤاڵانمان پێچەوانەی ئەم راستییە دەجووڵێنەوە.

ئایا تواناتٛ نییە کێشەیەک چارەسەر بکەیتٛ؟ کەواتە

لێکۆڵینەوە بکە لە بارودۆخەکەی ئێستای و رابردووی! هەر کاتێکیش ئەوانەت بەتەواوی زانی، دەگەیتە چارەسەرەکەی. چونکە ئەنجامەکان دوای لێکۆڵینەوەکان دێن، نەک لە پێشیانەوە و تەنها مرۆڤی گەمژە بەتەنیا خۆی دەبێت، یاخود کۆمەڵێک وەک خۆی کۆ دەکاتەوە و مێشکی خۆیان دەگوشن بۆ «دۆزینەوەی چارەسەرێک». یان «پێکهێنانی بیرۆکەیەک.» بێئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەک بکەن، بۆیە دەبێت جەخت بکەینەوە کە ئەمە بە هیچ جۆریک نامانگەیەنێتە چارەسەریی دروست یاخود بیرۆکەی جاک.

لێکۆڵینەوە لە کێشەیەک وەک سکپڕییە بۆ ماوەی 10 مانگ. چارەسەری کێشەکەش وەک لەدایکبوونی یەک رۆژییە. خودی لێکۆڵینەوەش چارەسەری کێشەکەیە.

دەبێت مرۆڤ بە یارمەتیی بیرۆکەی مارکسی و لینینی و شێوازی مارکسی و لینینی لێکۆڵینەوە و دیراسەی ورد و هەمەلایەنە بکات بۆ باودۆخی دەوروبەر و ناشبێت بەتەنیا پشت بە حەماسەت ببەستێت، بەڵکو وەک ستالین دەڵێت، دەبێ حەماسەتی شۆڕشگێڕانە و گیانی عەمەلی بکات بە یەک. تاکە رێگەیەک بۆ زانینی بارودۆخ لێکۆڵینوەی کۆمەڵایەتییە، بە واتای لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی واقیعی هەر چینێک تیایدا دەژی. سەبارەت بەو کەسانەش کە کاری رێنمایی دەکەن رێگەی بنچینەیی بۆ زانینی بارودۆخەکان ئەوەیە، بایەخ چڕ بکەنەوە لەسەر ژمارەیەکی کەم لە گوند و شارەکان بە گوێرەی نەخشەیەکی دانراو و چەند

لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و ورد ئەنجام بدەن بەگوێرەی بۆچوونی بنچینەیی مارکسی، واتە بە شێوازی شیکردنەوەی چینایەتی.

پێویست ناکات هەموو دانیشتنێک لە دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی ژمارەی زۆر خەڵک ئامادە بن، بەڵکو تەنها 3 بۆ 5 کەس، یان 7 بۆ 8 کەس بەسە ئامادە بن. ناشبێت دانیشتنەکە کاتی زۆر بخایەنێت و لیستی بابەتەکان دروست بکرێت کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵەر دەبێت خۆی پرسیار ئاراستە بکات بۆ ئامادەبوان و سەرنج و تێبینیەکانیان وەربگرێت و مشتومڕی لەسەر بکات. لەبەرئەوە مرۆڤ بێگومان ناتوانێت لێکۆلینەوە بکات و تیایدا باش بێت، ئەگەر بە پەرۆش و پڕ حەماسەت نەبێت و زۆر لەخۆی نەکات بۆ گوێگرتن لەوانەی لە خوار خۆیەتی بەبێ لووتبەرزی و تینووی بەدەستهێنانی زانیاریی نەبێت و بڕیاری نەدابێت واز لە لووتبەرزی بهێنێت بۆ ئەوەی لەژێر دەستی خەڵکدا بە سنگ فراوانیەوە فیر ببێت.

دروستیی نەخشەکانی فەرماندەی سەربازیی بریتییە لە دروستیی ئیرادە و سەرچاوەی دروستی ئیرادەش دروستیی بڕیارەکانێتی و ڕاستیی بڕیارەکانیشی بەندە لەسەر سوسەکردنی ورد و پێویست و لەسەر بنەمای بیرکردنەوە لەو زانیارەی دەستی دەکەوێت لە میانەی سوسوکردنەکەدا و لێوردبوونەوەی بە بەراورد کردنیان لەگەڵ یەکتر،

چونکە فەرماندەی سەربازی هەموو جۆرە ئامرازیکی پێویست بەکار دەهێنێت لە سوسەکردندا ولەهەموو زانیاریەک وورد دەبێتەوە کە تایبەتە بە لایەنی دوژمن کە لەو سوسەکردنەدا دەستی کەوتووە.ئەوەی گرنگ نەبێت دەیخاتە ئەولاوە و ئەوەش کە سوودی زۆری هەبێت، لێی دەردەهێنێت. دواجار ئەم زانیارییانە پێکەوە لێک دەدات و لە رووکەشی شتەکانەوە دەچێتە ناو نهێنییەکانەوە. پاشان ئەوەی پەیوەندیی بە بارودۆخی خۆیەوە هەبێت، ڕەچاوی دەکات و گرنگیی پێدەدات و باودۆخی هەردوولا بەراورد دەکات، دیراسەی پەیوەندییەکانیان دەکات و لە هەموو ئەوانەش دەگاتە بڕیارێک و دەکەوێتە پلاندانان. ئەمە تـەواوی پرۆسەی زانینی بارودۆخەکەیە کە پلانی ستراتیژیی سەربازیی پێدا دەڕوات بەرلەوەی هەر پلانێکی ستراتیژیی، یان نەخشەیەکی تایبەت بە هەڵمەتێک یان شەڕێک داڕێژێت.

## (24)

## ڕاستكردنەوەی بیرۆكە ناڕاستەكان

بە هیچ جۆریک لەخۆبایی بـوون و خۆبەزلزانین پاساویان نییە تەنانەت ئەگەر سەركەوتنی زۆر گەورەش لە كارەكانماندا بەدەست بهێنین.

خاكەڕایی یارمەتیی مرۆڤ دەدات پێش بكەوێت، بەڵام لەخۆبایی بوون بەرەو دواوە دەیبات. ئەمە ڕاستیەكە كە دەبێت هەرگیز لە یادمان بێت.

ڕەنگە بەهۆی سەركەوتنمانەوە لە ڕیزەكانی پارتەكەمان كەسانێک پەیدا بووبێتن كە مەیلی شانازی كردنیان هەبێت و بڵێن خاوەن چاكە و ئیستیحقاقن و لە پێشكەوتن دوا دەكـەون و دوای كەیف و ڕابــواردن دەكـەون و چیتر نیگەران دەبن بە ژیانی سەخت. ئێمە گەل ستایشمان دەكات بۆ سەركەوتنەكانمان، بۆرجوازییەكان بۆ مەڕایی كـردار دێنە پێشەوە. سەلمێنراوە كە دوژمـن ناتوانێت بەچەک بمانبەزێنێت، بەڵام دەكرێت مەڕایی و ماستاوكردنی بۆرجوازییەكان بەسەر ئیرادە لاوازەكانی ناو ڕیزەكانماندا زاڵ بێت.لەوانەیە كۆمۆنیست هەبن، كە دوژمن نەیتوانیوە بە چەک بەسەریاندا زاڵ بێت، ئەوانە شایستەی نازناوی

پاڵەوانن کە بە رووی دوژمندا وەستاون، بەڵام ناتوانن خۆیان ڕابگرن لەبەردەم ئەو گوللانەی بە شەکر داپۆشراون و لەبەردەمیاندا کۆڵ دەدەن و هەڵدێن، بۆیە دەبێت لەم رووەوە ئاگادار بین.

زۆر شت هەن کە دەبنە بار بەسەر پشتمانەوە و پێیانەوە دەناڵێین ئەگەر کوێرانە دەستیان پێوە بگرین بێ بیرکردنەوە لە بارەیانەوە، بۆ نموونە: ئەو کەسەی کە هەڵە دەکات هەست بەوە دەکات، هەڵەی کردووە و بەهەرحاڵ وای لێدەکات هەست بە خەمۆکی و ورە نزمیی بکات، بەڵام ئەو کەسەی هەڵە ناکات لەوانەیە تووشی لەخۆبایی بوون بێت، چونکە هەست دەکات هەڵەکە لەوەوە نییە. هەروەها دەست نەکەوتنی ئەنجام لە کاردا نەفس شکاندن و ڕەشبینی دروست دەکات. لەوانەشە بەدەستهێنانی ئەنجام لەخۆبایی بوون و ئەو هەڤاڵەی ڕابردووی لە خەباتدا کورتە لەوانەیە ئەم کورتییە ببێتە بیانوو بۆ کەمتەرخەمی لە کاردا.لەوانەشە هەڤاڵێکی خاوەن خەباتێکی درێژ پێداگرێت لەسەر ڕای خۆی بەهۆی رابردووە درێژەکەیەوە.لەوانەشە هەڤاڵان، ئەوانەی بە ئەسڵ کرێکار و جووتیارن خۆیان بابدەن بەسەر رۆشنبیراندا و شانازی بە ڕەگەزی چینایەتیی شکۆمەندیی خۆیانەوە بکەن. لەوانەشە رۆشنبیران خۆیان بەسەر ئەم هەڤاڵانەدا باز بدەن، بەهۆی ئەوەی خاوەنی بڕێک زانیارین و هەر کارامەییەکی تایبەتمەند لەوانەیە وەک سەرمایە بەکار بهێنرێت لە خۆڕازی بوون و گاڵتەکردن بە

خەڵک. تەنانەت تەمەنی کەسەکەش لەوانەیە سەرچاوەی لەخۆبایی بـوون بێت. گەنجەکان بەهۆی زیرەکی و لێهاتووییان پیرەکان بە سووک سەیر دەکەن، پیرەکانیش بەهۆی ئەزموونی دەوڵەمەندیان گەنجەکان بە سووک سەیر دەکەن. هەموو ئەم شتانە و هاوشێوەکانیان لەوانەیە ببنە بار بەسەرمانەوە، ئەگەر کوێرانە دەستی پێوەبگرین بێئەوەی بیری لێبکەینەوە.

لەخۆبایی بوون کاری کردۆتە سەر دەروونی هەندێک لە هەڤاڵانمان لە سوپادا، توندوتیژ و چەوسێنەرن لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ سەرباز و گەل و حکوومەت و حیزبدا. ئەوانە گلەیی لە هەڤاڵانمان دەکەن، ئەوانەی لە فەرمانگە مەدەنییەکاندا کار دەکەن، بەڵام هەرگیز گلەیی لە خۆیان ناکەن. ئەوان تەنها دەستکەوتەکانی خۆیان دەبینن بەبێ کەموکوڕییەکانیان و حەزیان بە وتەی پیاهەڵدان و ستایش کردنە. نایانەوێت گوێ لە رەخنە بگرن.....بۆیە دەبێت سوپا بەسەر ئەم کەموکۆێییانەدا زاڵ بێت.

کـاری سەخت وەک بارێک وایـە لەبەردەمماندا و تەحەداما دەکات ئایا دەتوانین بیخەینە سەرشانمان، یان نا. (بار)یش قورس و سووکی هەیە. هەندێک کەسیش باری سووکیان پێ باشترە لە قورس. ئیتر باری سووک بۆخۆیان هەڵدەبژێرن و باری قورسیش بۆ خەڵکی دیکە. ئەوەش رەفتاری باش نییە، بەڵام هەڤاڵانی دیکە بە پێچەوانەوە بارە قورسەکان بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن و رەحەتی و سووکی

بۆ خەڵکی تر بەجێدێڵن. ئەمانە پێش خەڵکانی دیکە دەکەون لە خۆڕاگرتندا لە گرفتەکاندا و لەوان جیاوازن لە سوودوەرگرتن لە بەرهەمی کارەکاندا. ئەوانە هەڤاڵی چاکن و هەمووومان دەبێت گیانی کۆمۆنیستی لەوانەوە فێر ببین.

ژمارەیەکی زۆر خەڵک هەن گیانی لێپرسراویان نییە و بەلایانەوە باری سووک لە قورس چاکترە و باری سووک بۆخۆیان دادەنێن و باری قورسیش بۆ خەڵکانی دیکە. ئەوانە کە رووبەڕووی مەسەلەیەک دەبنەوە و بیر لە خۆیان دەکەنەوە بەرلەوەی بیر لە خەڵکی تر بکەنەوە و کە سووکترین ئەرک ئەنجام دەدەن فوویان تێدەچێت و دەکەونە خۆبادان پێوەی و مەبەستیانە خەڵکی دیکە بزانن. ئەوانە هەستی گەرموگوڕیان نییە بەرامبەر بە هەڤاڵان و گەل.

ئەوانە سارد و بێ هەستن و گوێیان پێنادەن. لە راستیدا ئە م جۆرە کەسانە کۆمۆنیست نین،یاخود لانی کەم بە کۆمۆنیستی راستەقینە دانانرێن.

رەفتاری ئەو جۆرە کەسانەی هەوڵی ئەم شیوازی»سەربەخۆیی» یە دەدەن عادەتەن پەیوەستە بە خۆپەرستیەکەیانەوە کە بریتییە لە «خۆم لە پێشدا».ئەوانە زۆربەی کات بە هەڵەدا چوون سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان تاک و حیزب. هەرچەندە ئەوانە بە زوبان رێزی خۆیان بۆ حیزب دەردەبڕن، بەڵام لە راستیدا خۆیان

دەخەنە ریزی پێشەوە و پارتیش لە ریزی دووەم. ئیتر ئەمانە بەنیازی چین؟ ئەمانە دوای ناو و ناوبانگ و پلە و پایە و خۆنواندن کەوتوون.هەرکات ئیدارەی لقێک لە لقەکانی کار کەوتە دەستیان، هەوڵی سەربەخۆیی شەخسیی دەدەن و لەپێناو ئەمەشدا هەندێک کەس بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و چەندینی دیکەش دوور دەخەنەوە و دەکەونە مەرایی و ماستاوکردن لەناو ریزەکانی هەڤاڵاندا. ئیتر بەو شێوەیە شێوازە قێزەونەکەی بۆرجوازیی دەهێننە ناو پارتی کۆمۆنیستەوە. ئەو کەموکوڕییەی کە زیان بەم کەسانە دگەیەنێت، ئەوەیە کە ئەوانە راستگۆ و دڵسۆز نین. ئەوەی من بە ئەرکی دەزانم ئەوەیە، کە بە راستی و دڵسۆزیی کار بکەین، چونکە بەبێ راستگۆیی و دڵسۆزیی مەحاڵە هیچ شتێک لە جیهاندا بەدەست بهێرێت.

پێویستە لەسەر کۆمۆنیستەکان پڕەنسیپی (پێویستییەکانی بەش لە خزمەتی پێویستییەکانی گشت دایـە). ئەگەر بیرۆکەیەک سەبارەت بە بارودۆخی گشتی ماقوڵ بێت، لەم حاڵەتەدا دەبێت بەش ملکەچی گشت بێت. هەروەها ئەگەر مەسەلەکە بە پێچەوانەوە بێت، واتە ئەگەر بیرۆکەکە سـەبـارەت بە بـارودۆخـی بـەش نەگونجاو بێت، بەڵام سەبارەت بە بارودۆخی گشتی گونجاو بێت، لەو کاتەدا دەبێت بەش ملکەچی گشت بێت. ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە داوای ئاگاداری کردنی بارودۆخی گشتی دەکات.

هەوڵدان بۆ کەیف و رابـواردن. لە سوپای سووردا

ژمارەیەکی زۆر هەن کە ئاکرەوییان برینییە لە هەوڵدانیان بۆ خۆشیی و رابــواردن. ئەم جۆرە کەسانە بە هیوای ئــەوەن، نەک لەپێناو کــاردا، بەڵکو لەپێناو خۆشی و چێژوەرگرتندا. ئەوەی زۆرترین رقیان لێیەتی کارکردنە لە شوێنە سوورەکاندا کە بارودۆخی ژیان سەختە.

دەبێت ئێمە دژی (مەیل بەرەو خۆپەرستیی تەسک) بوەستین کە لە شێوەی (ئــاگــادار کردنی مــرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی تایبەت بە فەرمانگەکەی خۆی) دایە، بەبێ ئاگادارکردن و رەچاوکردنی بەرژەوەندیی فەرمانگەکانی دیکە. هەرکەس گوێ نــەدات بە گرفتەکانی خەڵکانی دیکە و نەیەوێت کادیرەکانی ژێردەستی خۆی بگوازێتەوە بۆ فەرمانگەکانی دیکە، کاتێک داوای ئەوەی لێدەکرێت یاخود کادیری نەشارەزای بۆ دەگوازێتەوە، رێک وەک ئەوەی کە دەڵێت (کێڵگەی دراوسێیەکەی دەکاتە ئاوەڕۆی لافاو) بێئەوەی بیر بکاتەوە لە بەرژەوەندیی فەرمانگە و ناوچەکانی دیکە یاخود هەڤاڵانی دیکە. هەر کەس ئەم خاسیەتەی هەبێت، ئەوا خاوەنی خۆپەرستییەکی تەسکە و کەسێکە گیانی کۆمۆنیستیی بەتەواوی لەدەست داوە، چونکە گوێنەدان بە بەرژەوەندیی گشتی و کەمتەرخەمی لە بەرژەوەندیی فەرمانگە و ناوچەکانی دیکە، یاخود هەڤاڵانی دیکەدا بە خاسیەتە تایبەتییەکانی خــاوەن خۆپەرستیی تەسک دادەنرێن. کەواتە دەبێت هەوڵەکانمان زیاتر بکەین بۆ رۆشنبیرکردنی ئەم جۆرە کەسانە تاکو تێبگەن کە ئەم

مەیلە، مەیلی گۆشەگیرییە و ئەنجامی خراپی دەبێت ئەگەر لەسەری بەردەوام بن.

**لیبرالیزم بە شێوەی جیاجیا دەردەکەوێت:**

مرۆڤ نابێ بکەوێتە مشتومڕ لەگەڵ کەسێکدا کە بەهەڵەدا چوبێت، هەرچەندە هەڵەکەی بە باشی دەزانێت بەهۆی ئـەوەی ئـەم کەسە ناسیاویەتی، یـان خەڵکی یەک شـارن، یان هاوڕێی قوتابخانەن، یان دۆسـت و خۆشەویستییەتی، بەڵکو دەبێت نەچێت بە لایدا و وازی لێبهێنێت بە مەبەستی دۆستایەتیی و هاورێیەتی، یاخود بابەتەکە کەمێک دەستکاری دەکات بێئەوەی مەسەلەکە بخات بەلایەکدا، ئەوەش بۆ ئەوەی پارێزگاری کەشوهەوای دۆستایەتی و رێککەوتن بکات.ئەنجامەکەشی بریتی دەبێت لە زیان گەیاندن بە کۆمەڵەکان و تاکەکان پێکەوە. ئەوە شێوەی یەکەمی لیبراڵیە.

رەخنەگرتن لە پاشملە بە جۆریک مـرۆڤ خۆی نـاڕەحـەت نەکات بە هەڵگرتنی ئـەو لێپرسراوییە بۆ رەخنەکەی لەبری ئەوەی پێشنیاز بە شێوەیەکی ئیجابی پێشکەش بە رێکخراوەکە بکات. هەروەها بێدەنگ بوون لەبەردەم خەڵکدا و زەمکردنیان لە پشتەوە، یان بێدەنگ بوون لە کۆبوونەوەدا و پاشان قسەکردنی زۆر لە دواییدا و دوورکـەوتـنـەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و بە سووک سەیرکردنی نیزام و دوای هەوەس و ئـارەزوو کەوتن.

ئەوەش شێوەی دووەمی لیبراڵیە.

مرۆڤ خۆی لابدات لە هەموو ئەو شتانەی بەلایەوە گرنگ نییە و کەمدوو بێت لەو مەسەلانەدا کە بەباشی دەزانێت هەڵەن و هەر ئەوەندەش ئارەزوو دەکات کە گلەیی لێنەکرێت، وەک هەندێک خەڵک دەڵێن: ژێر ئەو کەسەیە پارێزگاریی لەخۆی بکات. ئەوە شێوەی سێیەمی لیبراڵیە.

کە مرۆڤ سەرپێچی فرمانەکان بکات و رای خۆی بخاتە سەروو هەموو شتێکەوە و داوا لە رێکخراو بکات کە ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی بێت بێئەوەی داوا لە خۆی بکات کە ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی ریکخراوەکە بێت. ئەوەش شێوەی چوارەمی لیبراڵیە.

مـرۆڤ هـەوڵ بـدات هێرش بکاتە سـەر خەڵک و سوور بێت لەسەر ناکۆکی و دوژمنایەتی بە مەبەستی دەرهاویشتنی رق و کینەی شەخسی و تۆڵەکردنەوە لەبری خەباتکردن و مشتومڕکردن دژی ڕا هەڵەکان لەپێناو هاوکاری و پێشکەوتن و ئەنجامدانی کار بە باشی. ئەوە شێوەی پێنجەمی لیبراڵیە.

مرۆڤ ڕا نادروستەکان بە درۆ بخاتەوە، کە دەیانبیستێت و لەوانەشە بگاتە رادەیەک کە ئەوەی بیستوویەتی، لە قسەی دژ بە شۆڕش رایناگەیەنێت، بەڵکو لەسەرخۆ گوێ دەگرێت و خۆی لێ لادەدات، هـەروەک هیچ رووی نەدابێت. ئەوە شێوەی شەشەمی لیبراڵیە

مرۆڤ لەناو جەماوەردا بێت و هیچ کاری دیعایە نەکات و هانیان نەدات و وتار پێشکەش نەکات و هیچ جۆرە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون نەکات و هیچ بایەخێک بە بەرژەوەندییەکانی نەدات و گوێ پێنەدات و لەبیری بچێت کە کۆمۆنیستە و وەک کەسێکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکات. ئەوە شێوەی حەوتەمی لیبراڵیە.

مرۆڤ کاری زیانبەخش بە بەرژەوەندیی جەماوەر ببینێت و رقی لێنەبێت و هیچ ئامۆژگارییەک نەدات، یان سنوورێکی بۆ دابنێت و زیانەکانی ئاشکرا نەکات، بەڵکو چاوی لێبپۆشێت و بێدەنگ بێت. ئەوە شێوەی هەشتەمی لیبراڵیە.

مرۆڤ بە گوێ نەدانەوە کار بکات و هیچ نەخشە و بەرنامەی نەبێت و شتەکان پشتگوێ بخات هەروەک پەندەکە دەڵێت (من ناچارم زەنگ لێبدەم هەتا قەشە بم). ئەوە شێوەی نۆیەمی لیبراڵیە.

مرۆڤ لاف لێبدات کە خاوەنی کاری گەورەیە لە شۆڕشدا و شانازی بکات و خۆی بە کارامە دەربخات و گاڵتە بە کارە سادەکان بکات و خۆیشی توانای ئەرکە گەورەکانی نەبێت و سستی لە کارەکەیدا بنوێنێت و لە خوێندنەکەیدا کەمتەرخەم بێت، ئەوە شێوەی دەیەمی لیبراڵیە.

مرۆڤ بزانێت هەڵەی کردووە، بەڵام نەیەوێت راستیان بکاتەوە و هەڵوێستێکی لیبراڵیانە بەرامبەر خۆی وەربگرێت، ئەوە شێوەی یازدەهەمی لیبراڵیە.

لە ڕێکخراوە شۆڕشگێرییەکاندا لیبراڵیەت زۆر زیانبەخشە و مادەیەکە کە یەکێتی کەرت دەکات و توندوتۆڵی لاواز دەکات و دەبێتە هۆی تەمەڵی و سستی لە کاردا و ناکۆکی دروست دەکات. ریزەکانی شۆڕش لە ڕێکخستنی ورد و ڕاگرتنی تەندوتۆل بێبەش دەکات، دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەنجامدانی سیاسەتەکاندا بە شێوەیەکی تەواو و ڕێکخراوە حیزبییەکان جیا دەکاتەوە لە جەماوەر کە لەژێر فەرماندەیی دایە. ئەوە رەوتێکی زیانبەخش و ترسناکە.

لیبراڵییەکان پرەنسیپەکانی مارکس بە باوەڕی وشک دادەنێن. بەلایانەوە مارکسیەت ڕاستە، بەڵام ئامادە نین جێبەجێی بکەن یاخود ئامادە نین بە تەواوی جێبەجێی بکەن و هەروەها ئامادە نین مارکسیەت بچێتە جێگەی لیبراڵیەتەکەیان. ئەم کەسانە مارکسیەتی خۆیان هەیە و لیبراڵیەتی خۆشیان هەیە: ئەوەی دەیلێن مارکسیەتە و ئەوەی ئەنجامی دەدەن لیبراڵیەتە. مارکسیەت بەسەر خەڵکدا جێبەجێ دەکەن و بەسەر خۆشیاندا لیبراڵیەت. ئیتر دوو جۆر کالآیان هەیە و هەریەکەیان سوودی خۆی هەیە. ئەمە ئەو شێوەیەیە کە هەندیک کەس بیری پێدەکاتەوە. دەوڵەتی میللی پارێزگاریی گەل دەکات، و بە بوونی ئەم جۆرە دەوڵەتە، گەل دەتوانێت بە شێوازە دیموکراتییەکان خۆی دروست بکات لەسەر ئاستی نیشتمانی و بە بەشداری کردنی هەموو تاکەکانی گەل بۆ ئەوەی رزگار ببێت لە کاریگەریی کۆنەپەرستانی ناوخۆ و

بیانی (هێشتا ئەم کاریگەرییە هەر گەورەیە و ماوەیەکی زۆر دەمێنێت و بەخێرایی لانابرێت) و بۆ ئەوەی خۆی لە خوو بیرە نادروستەکان رزگار بکات، کەلە کۆمەڵگە کۆنەکەدا لای دروست بووە و بۆ ئەوەی رێگەی هەڵە نەگرێت، کە کۆنەپەرستان نیشانی دەدەن، بەڵکو دەبێت بەرەوپێش بەردەوام بێت بەرەو کۆمەڵگەی ئیشتراکی و پاشان کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیی.

بۆ مرۆڤ گران نییە کە کارێکی چاکە بکات، بەڵام بەلایەوە قورس و گرانە کاری خێر بکات بە درێژایی ژیانی و هیچ شتێک نەکات و بەردەوام کار بکات بۆ بەرژەوەندیی جەماوەرە فراوانەکە و نەوەی نوێ و بۆ بەرژەوەندیی شۆڕش و بەردەوام بێت لەسەر خەباتی سەختی دەیان ساڵە بە یەک شێوە و شێواز. ئەمەیە کە قورسترین شتە !

## (25)

## یەکێتی و هاوکاری

یەکێتیی وڵات و یەکبوونی گەل و یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان لە وڵاتدا، زەمانەتی سەرەکین بۆ سەرکەوتنی مسۆگەری مەسەلەکەمان.

یەکێتی سەرتاپای چینەکە و سەرتاپای نەتەوە نایەتەدی ئەگەر یەکێتیی پارتی کۆمۆنیست نەبێت. هە روەها سەرکەوتن بەسەر دوژمندا و ئەنجامدانی ئەرکەکانی شۆڕش تەنها بە یەکێتیی هەموو چینەکە و هەموو نەتەوە دێتەدی.

پێویستە هەموو هێزەکانی پارتەکەمان بەگوێرەی پرەنسیپی رێکخستن و دیسیپلین یـەک بخەین، کە مەرکەزیەتی دیموکراتی دەیخوازێت کە دەبێت لەگەڵ هەموو هەڤاڵێکدا هاوکار بین، مادام خوازیارە پابەند بێت بە بەرنامەکانی حیزب و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی.

لە ساڵی 1942دا ئێمە ئەم رێگە دیموکراتیەمان کورت کردەوە بۆ چارەسەریی پێکناکۆکییەکانی نێوان ریزەکانی گـەل بە شێوەی (یەکێتی- رەخنە-یەکێتی) و ئەگەر بمانەوێت بە دەستەواژەیەکی روونتر دەریبڕین، دەڵێین:

له خواستی یەکبوونەوە دەست پێدەکەین و چارەسەری ناچونییەکیەکان له رێگەی ڕەخنە یاخود ململانێوە دەکەین بۆ گەیشتن بە یەکبوونێکی نوێ و لەسەر بناغەیەکی نوێ. له تاقیکردنەوەکانمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەمەیە رێگەی راست بۆ چارەسەریی ناچونیەکییەکان لەناو ریزەکانی گەلدا.

ئەم سوپایە خاوەنی یەکێتیەکی بەهێزی ناوخۆیی و دەرەکییە. لەناوخۆدا یەکێتیی نێوان ئەفسەران و سەربازان بڵاوە و لەنێوان ئاستە بەرزەکان و ئاستە نزمەکاندا له نێوان کاری سوپایی و سیاسی و خزمەتگوزارییە یاریدەدەرەکان له ریزەکانی دواوە و له دەروەدا یەکێتی هەیە لەنێوان گەل و سوپا و حکومەت و سوپادا و لەنێوان سوپای ئێمە و سوپا دۆستەکاندا. بۆیە پێویستە هەر شتێک زیان بەو یەکێتییە بگەیەنێت، نەهێڵرێت.

## (26)
## دیسیپلین (نیزام)

له‌ ناو ریزه‌کانی گه‌لدا دیموکراسی به‌ مه‌رکه‌زیه‌ته‌وه‌ به‌سترا‌وه‌ و ئازادیش به‌ نیزامه‌وه‌. به‌و مانایه‌ی دوو رووی دژ به‌یه‌ک له‌ یه‌ک قه‌واره‌دا. ئه‌م دوو رووه‌ دژبه‌یه‌ک و له‌ هه‌مانکاتدا یه‌کگرتووشن. له‌به‌ر ئه‌وه‌ نابیت بایه‌خ له‌سه‌ر یه‌کێکیان چڕ بکه‌ینه‌وه‌ و ئه‌وی تریان پشتگوێ بخه‌ین. ئازادی له‌ناو ریزه‌کانی گه‌لدا پێویسته‌. له‌ هه‌مانکاتیشدا مه‌حاڵه‌ مه‌رکه‌زیه‌ت وه‌لاوه‌ بنرێت. ئه‌م جۆره‌ یه‌کێتیه‌ی نێوان دیموکراسی و مه‌رکه‌زیه‌ت و نێوان ئازادی و نیزامه‌ ئه‌وه‌یه‌، که‌ نیزامی دیموکراتی مه‌رکه‌زییه‌ته‌که‌مانی لێ دروست بووه‌. له‌ سایه‌ی ئه‌م نیزامه‌دا گه‌ل خاوه‌نی بڕێکی زۆر ئازادی و دیموکراسیه‌، به‌ڵام له‌هه‌مانکاتدا پێویسته‌ له‌سه‌ری خۆی پابه‌ند بکات به‌ نیزامی ئیشتراکیه‌وه‌.

ده‌بێت ئێمه‌ دووباره‌ جه‌خت له‌سه‌ر پێکهاته‌ی حیزبی بکه‌ین که‌ ئه‌وه‌ش بریتییه‌ له‌: 1- ملکه‌چیی تاکه‌کان بۆ رێکخراوه‌که‌. 2- ملکه‌چیی که‌مینه‌ بۆ زۆرینه‌.3- ملکه‌چیی ئاسته‌ نزمه‌کان بۆ ئاسته‌ باڵاکان. 4- ملکه‌چیی سه‌رتاپای حیزب بۆ لیژنه‌ی مه‌رکه‌زی. هه‌ر که‌سێک یه‌کێک له‌

بڕگەکانی ئەم پێکهاتە پێشێل بکات بە تێکدەری یەکێتیی حیزب دادەنرێت.

یەکێک لە بنەماکانی پێکهاتەی حیزب بریتییە لە ملکەچیی کەمینە بۆ زۆرینە، بۆیە دەبێت کەمینە دوای ئەوەی ڕاکانیان رەت دەکرێنەوە پشتگیریی ڕای زۆرینە بکەن و نابێت بە هیچ کارێک هەڵبستن کە نیشانەی بەرهەڵستیی و ناڕازی بوون بێت و ئەگەر پێویستیەکیش لەئارادا بێت، کەمینە دەتوانێت لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا مەسەلەکە بخاتەوە بەرباس.

**سێ بنەما گەورەکانی دیسیپلین بریتین لە مانە:**

1– ملکەچیی فرمانەکان بن لە هەموو کارەکانتاندا .

2– هیچ شتێک لە جەماوەر مەخوازن تەنانەت ئەگەر دەرزییەک یان پارچە دەزوویەک بێت.–2

3– هەرچی دەسکەوت هەیە ڕادەستی دەستە باڵاکانی بکەن.

–3 هەشت خاڵی ئاگاداریش بریتین لەمانە:

–1بە نەرمونیانی لەگەڵ خەڵکدا بدوێن.

–2لە کڕین و فرۆشتندا پاک بن.

–3هەرچی شتێک وەردەگرن بیگێڕنەوە.

–4قەرەبووی ئەو شتانە بکەنەوە کە لەناویان دەبەن

–5لە خەڵک مەدەن و جنێویان پێ مەدەن.

–6 زیان بە کشتوکاڵ مەگەیەنن.

7-گەمەو وازی لەگەڵ ژناندا مەکەن.

8-مامەڵەی خراپی دیلەکان مەکەن.

پێویستە لەسەر هەموو ئەفسەران و سەربازان لە سوپاکەماندا گیانی دیسیپلین بەهێز بکەن و توند بن لە جێبەجێ کردنی فرمانەکان و جێبەجێکردنی و سیاسەت و سێ بنەما گەورە کانی دیسیپلین و هەشت خاڵەکانی ئاگاداری و یەکێتیی نێوان سوپا و گەل لە نێوان سوپا و حکومەت و نێوان ئەفسەران و سەربازان و یەکێتیی هەموو ئەندامانی سوپا بە ئەنجام بگەیەنن و رێگ بە هیچ جۆرە پێشێل کردنێکی نیزام نەدەن.

## ( 27)

# رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن

پارتی کۆمۆنیستمان سڵ لە رەخنە ناکاتەوە، چونکە ئێمە مارکسین و هەق لەگەل ئێمە دایە و جەماوەری بنچینەیی کە کرێکار و جووتیارن لەگەڵ ئێمە دان.

ئەوانەی مادی پاک و ئـەواون ترسن نازانن چییە. بۆیە هیوادارین هەموو ئەوانەی لە خەباتدا بەشدارن لەگەڵماندا ئازایانە ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و بەسەر گرفتەکاندا سەربکەون و نە لە نسکۆکان و نە لە قسەی خەڵک نەترسن و دوودڵ نەبن لە ئاراستەکردنی رەخنە بۆ ئێمەی کۆمۆنیست، یان لە پێشکەش کردنی پێشنیارەکان، بەڵکو پێویستە لەسەرمان، کە ئێمە خەبات دەکەین لەپێناو کۆمۆنیستیی و ئیشتراکیدا گیانی بوێری و قوربانیدانمان هەبێت، هەروەک پەندەکە دەڵێت:» ترسی نییە لە خستنەخوارەوەی ئیمپراتۆر لەسەر پشتی ئەسپەکەی و گوێ نادات جەستەی پارچە پارچە ببێت.»

ئێمە خاوەنی چەکی ڕەخنە و رەخنە لەخۆ گرتنین کە چەکی مارکسی لینینیە و توانامان هەیە شێوازە خراپەکان نەهێڵین و شێوازە باشەکان بهێڵینەوە.

پراكتیزەكردنی رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن یەكێكە لە خەسلەتە بەرچاوەكان كەلە پارتە سیاسییەكانی دیكە جیامان دەكاتەوە. ئێمە گوتوومانە كە ماڵ دەبێت بەردەوام پاك بكرێتەوە و خۆڵ و تۆزتیایدا كەڵەكە نەبێت و بەردەوام دەموچاومان بشۆین، ئەگینا پیسی پێوە دەنیشێت. هەمان شتیش دەگوترێت سەبارەت بە عەقڵی هەڤاڵەكانمان و كارەكانی پارتەكەمان. ئەو پەندەش كە دەڵێت:» ئاوی خوڕ پیس نابێت» ئاماژەمان دەداتێ كە بەو جووڵە بەردەوامە بەرهەڵستی میكرۆب و ئەو شتانە دەكات و سەبارەت بە ئێمەش تاكە ئامرازی كاریگەر بۆ پارێزگاری كردنی عەقڵی هەڤاڵانمان و قەوارەی پارتەكەمان لە كاریگەریی پیسی و میكرۆبی سیاسی بە هەموو جۆرەكانیەوە ئەوەیە بەردەوام كارەكانمان بپشكنین و شێوازی دیموكراتی لە پشكنیندا گشتگیر بكەین، ئیدی لە رەخنە و رەخنە لەخۆ گرتن سڵ نەكەینەوە، بەڵكو دەربارەی گەلی چین كار بە پەندە كاریگەرەكان بكەین، كە بۆ نموونە دەڵێت:» هەرچییەك دەزانیت بیڵێ بەبێ شاردنەوە « ئەگەر هەڵە بوویت، هەڵەكانت راست بكەرەوە، و ئەگەر هەڵە نیت ئاگاداری هەڵەكردن بە.»

لەناو ریزەكانی حیزبدا بـــەردەوام ڕای جیاواز و ململانێ لەناویان دروست دەبێت. ئەوەش رەنگدانەوەی جیاوازییەكانی ناو چین و توێژە كۆن و نوێیەكانی ناو كۆمەڵگەیە لەناو حیزبدا. بێگومان ژیانی حیزب دەوەستێت،

ئەگەر ناچوونییەکی و ململانێی ئایدۆلۆژی بۆ چارەسەری ئەم ناچونیەکیەی تێدا نەمێنێت.

ئێمە داوای ململانێی ئایدۆلۆژیی ئیجابی دەکەین، چونکە ئەوە چەکێکە کە یارمەتیمان دەدات بۆ بەدەستهێنانی یەکێتیی ناو حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێرییەکان بۆ ئەوەی بەتواناتر بێت لە خەبات کردندا. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کۆمۆنیستێک و هەموو شۆڕشگێڕێک ئەم چەکە هەڵبگرێت، بەڵام لیبراڵیەت نکۆڵیی لە ململانێی ئایدۆلۆژی دەکات و داوای ئاشتیی نا-مەبدەئی دەکات ئەوەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی شێوازی بێبایەخ و هیچ و پووچ و بۆگەن بوونی هەندێک لە یەکە و تاکەکانی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێرییەکان، بۆ گەنبوونێکی سیاسییە.

پێویستە لەسەرمان، کاتێک بەرهەڵستی خۆیی و گۆشەگیریی و شێوازی قاڵبە وشک و بێ گیانەکان لە نووسینەکانی حیزبدا دەکەین، سەرنجی دوو مەسەلە بدەین: یەکەم، دەرس وەرگرتن لە هەڵەکانی رابردوو بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە هەڵەکانی ئایندە. دووەم، «چارەسەرکردنی نەخۆشی بە ئامانجی رزگارکردنی نەخۆش.» هەڵەکانی رابردوو پێویستە ئاشکرا بکرێن بێەوەی هەستیاریی هیچ کەسێک لەبەرچاو بگیرێت. پێویستە ئەوەی لە رابردوودا رووی داوە لە شتە خراپەکان شیکار و رەخنە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە شێوازێکی زانستی تاوەکو لە داهاتوودا ئەو کارە بە وردی و هوشیاری زیاتر

و چاكتر بكرێت. ئەوەیە مەبەست لە:» دەرس وەرگرتن لە هەڵەكانی رابــردوو بە ئامانجی دووركەوتنەوە لە هەڵەكانی داهاتوو.» بەڵام تاكە ئامانجمان لە ئاشكراكردنی هەڵەكان و رەخنەی كەموكوڕیی، رزگاركردنی مرۆڤە نەك لەناوبردنی، رێك وەك ئامانجی پزیشكە لە چارەسەركردنی نەخۆشدا. ئەو كەسەی تووشی ریخۆڵە كوێرە بووە، رزگاری دەبێت كاتێك پزیشك ریخۆڵە كوێرەكە فڕێ دەدات. مادام هەڵەكارەكە لەسەر هەڵەكەی خۆی سوور نەبێت، وەك ئەوە وایە كە نەخۆشیەكەی دەشارێتەوە تاوەكو تەشەنە دەكات و چارەسەركردنی مەحاڵ دەبێت، بەڵكو ئارەزوویەكی راستی دەبێت لە چارەسەر و راستكردنەوەی هەڵەكانی، ئەوا ئێمەش پێشوازیی لێدەكەین و چارەسەری دەردەكـەی دەكەین بۆ ئەوەی بیكەینە هەڤاڵێكی باش. ئێمە لە چارەسەرەكەیدا سەركەوتوو نابین ئەگەر بكەوینە ئاڕاستەكردنی رەخنەی قورس و زبر بە مەبەستی ئەوەی رق و كینەی خۆمان دەربڕین بەرامبەری. مرۆڤ نابێت زمان زبر و قسەڕەق بێت كاتی چارەسەركردنی دەردێكی بایۆلوژیی و سیاسیی، یاخود پەلە لە ئاراستەكردنیدا بكات، بەڵكو دەبێت لە ڕوانگەی» چارەسەریی نەخۆشیی بە مەبەستی رزگاركردنی نەخۆش»ەوە دەست پێبكەین، چونكە ئەوە تاكە شێوازی راست و كاریگەرە.

خاڵێكی دیكە كە دەبێ ئاماژەی پێبدرێت سەبارەت بە مەسەلەی رەخنە لەناو حیزبدا ئەوەیە، كە هەندێك

له هەڤاڵان له رەخنەکانیاندا بایەخ بە مەسەلە گەورەکان نادەن، بەڵکو هەموو بایەخێکیان لەسەر مەسەلە سووکەکان چڕ دەکەنەوە و تێناگەن کە مەبەستی سەرەکی لە رەخنە سەرنجدانی هەڵە سیاسییەکان و رێکخراوەییەکانە، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە کەموکوڕیی شەخسیەوە، پێویست ناکات گلەیی زۆر لە هەڤاڵان بەو هۆیەوە بکرێت، ئەگەر ئەم کەموکوڕییانە پەیوەندیی بە هەڵەی سیاسی و رێکخراوەییەوە نەبێت، بۆ ئەوەی سەریان لێ تێک نەچێت و دانەمێنن. ئەگە ر ئەم جۆرە رەخنەیە تەشەنە بکات، هەموو بایەخەکان لە حیزبدا لەسەر پێکناکۆکییەک و جیاوازییە بچووکەکان چڕ دەبێتەوە. جا ئەوکات هەموان ترسیان لێدەنیشێت و هوشیاری بۆ شتە بێ نرخەکان دەردەبڕن و ئەرکە بچینەییەکانی حیزبیان لەبیر دەچێتەوە. ئەوەش مەسەلەیەکی مەترسیدارە.

پێویستە بە ئاگا بین کاتێک لەناو حیزبدا دەست بە رەخنە دەکەین، لە حوکم دان بەسەر شتەکاندا بە پشتبەستن بە بۆچوونی شەخسی و دەبێ دوور بخەینەوە رەخنە لە سووکایەتی کردن. رەخنەگرتن دەبێت لەسەر بناغەی بەڵگە و رووداوەکان بێت و لەسەر لایەنی سیاسی دابمەزرێنرێت.

رەخـنـە لـەنـاو حیزبدا چەکێکە بـۆ بەهێزکردنی رێکخراوەکانی حیزب و بەرزکردنەوەی تواناکانی خەبات، بەڵام رەخنە لە سوپای سـووردا ئەم خەسڵەتانەی نییە

هەندێک جار، بەڵکو دەگۆڕدرێت بۆ هێرشکردنە سەر کەسەکان کە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی کەسەکان و ڕێکخراوە حیزبییەکان پێکەوە. ئـەوەش وێنەیەکە لە تاکڕەویی بۆرجوازیی بچووک، بەڵام ئامرازی ڕاستکردنەوەی ئەوەش بریتییە لەوەی: بۆ ئەندامانی حیزب روون بکرێتەوە، کە رەخنە بۆ بەرزکردنەوەی توناناکانی حیزبە لە خەباتکردن و لەپێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ململانێی چینایەتیدا و نابێت وەک ئامرازێک بۆ هێرشکرنە سەر خەڵک بەکار بهێنرێت.

ئەگەر ئێمە ناچونییەکمان تێدا بێت، ئـەوا لەوە ناترسین ئاگادار بکرێینەوە لێیان و رەخنەمان ئاراستە بکرێت بەهۆیانەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ئێمە خزمەتی گەل دەگەین. ئیدی هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە - هەر سەنگ و بایەخێکی هەبێت- لە کەموکوڕییەکانمان ئاگادارمان بکاتەوە، ئەگەر رەخنەگرەکە راست بێت لە رەخنەکەیدا، کەموکۆێیەکانمان چاک دەکەین و ئەگەر پێشنیار بکات بۆ خزمەتکردنی گەل، ئەوا کاری پێدەکەین.

ئێمەی کۆمۆنیستی چین کە لە روونگەی فراوانترین بەرژەوەندیی گەلەوە کار دەکەین و بڕوامان وایە، کە مەسەلەکەمان بە تـەواوی ڕەوایـە و درێغیی ناکەین لە پێشکەشکردنی ئەوەی کە هەمانە لەپێناو ئەو مەسەلەیەدا و هەموو ساتێک ئامادەین گیانمان لەپێناو مەسەلەکەماندا پێشکەش بکەین. ئایا لەم حاڵەتەدا هیچ بیرۆکەیەک،

بۆچوونێک، ڕایـەک یـان ریگەیەک هەیە کە لەگەڵ پێویستییەکانی گەلدا نەگونجێت و ئێمە نەتوانین لەخۆمانی دوور بخەینەوە؟ ئایا قایل دەبین هەر پیسەیەکی سیاسی رووی گەشمان پیس بکات؟ یان هەر گرفت و کۆستێکی سیاسی جەستەی دروستمان داڕزێنێت؟ ئێمە کە هێشتا لە ژیان داین ئازار دەچێژین هەرکات بیر لەو شەهیدە شۆڕشگێڕانە دەکەینەوە کە بێشومارن و گیانی خۆیان لەپێناو بەرژەوەندیی گەلدا بەخت کرد. ئیدی دوای ئەمە هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسی هەیە کە بۆ قوربانی دان لامان ئازیز بێت؟ ئایا هیچ هەڵەیەک هەیە کە نەتوانین لەخۆمانی دوور بخەینەوە؟

نابیت هەرگیز بوغرا بین بەو سەرکەوتنانەی بەدەستمان هێناوە. بەڵکو دەبێت ئەو بوغراییە جڵەوگیر بکەین و هەمیشە رەخنە ئاراستەی ئەو کەموکورتیانە بکەین کە لێمان روو دەدات، رێک وەکو چۆن دەموچاومان دەشۆین، یان ماڵ گسک دەدەیـن هەموو رۆژێک لەپێناو پاک و تەمیزیی و لابردنی خۆڵ و خاشاک.

رەخنە دەبێت لەکاتی خۆیدا ئاراستە بکرێت و نابێت دوای تێپەڕبوونی کات ئاراستە بکرێت، وەکـو خۆتان راهاتوون.

هەڵە و نسکۆکان فێریان کردووین و مێشک کراوەتر بووین، بەوەش توانیومانە کارەکانمان بە شێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەین. زەحمەت و گرانە بۆ هەر پارتێکی سیاسی

و هەر تاکێک نەکەوێتە هەڵەوە، بەڵام ئومێدەوارین هەڵەکانمان کەمتر بن. کاتێک هەڵەیەک ئەنجام دەدەین، پەلە لە راستکردنەوەیدا دەکەین و تا راستکردنەوەکەی زووتر بێت باشترە.

## بەشی حەوتەم:
## (28)
## کۆمۆنیستەکان

پێویستە کۆمۆنیست ڕاشکاو و نەفس پاک و دڵسۆز و بە ورەو چالاک بێت و بەرژەوەندیی شۆڕشی زیاتر بوێت لە ژیانی خۆی و بەرژەوەندییەکانی خۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی شۆڕش ملکەچ بکات و پێویستە لە هەموو کات و شوێنێکدا پابەندی پرەنسیپە ڕاستەکان بێت و خەبات بکات بێ ماندووبوون و بێزاری دژی هەموو بیرو کردارێکی هەڵە، ئـەوەش لەپێناو پتەوکردنی ژیانی بەکۆمەڵی حیزب و پتەوکردنی پەیوەندیی حیزب و جەماوەر. دەبێ زیاتر لە بایەخدان بە هەر تاکێک، بایەخ بە حیزب و جەماوەر بدات و زیاتر لە خودی خۆی، بایەخ بە خەڵکی دیکە بدات. تەنها بەمەش بە کۆمۆنیست دادەنرێت.

دەبێت لە هەموو هەڤاڵێک بگەیەنین کە بەرزترین پێوەر بۆ تاقیکردنەوەی سەرجەم قسەو کردارەکانی کۆمۆنیست ئەوەیە: ئایا ئەو قسە و کردەوانە لەگەڵ گەورەترین بەرژەوەندیی جەماوەریی فراوانی میللیدا دەگونجێت و پشتگیریی دەکەن یان نا.

لە هیچ کات و بارودۆخێکدا بۆ کۆمۆنیست ناگونجێت بەرژوەندیی شەخسیی خۆی بخاتە پلەی یەکەمەوە، بەڵکو دەبێت بیخاتە خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوە و جەماوەریی گەلەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش، خۆپەرستی و گوێ نەدان و کەمتەرخەمی و دزیکردن لە دەوڵـەت و گەندەڵی و خۆدەرخستن و شتی لەو جۆرە، سووکترین و قێزەونترین ڕەوشتن، بەڵام خۆنەویستی جدیبوون لە کارکردندا و دەستپاکی و کارکردن بە خۆڕاگری و بە بێدەنگی ئەو رەوشتانەن کە سایستەی ڕێزن.

پێویستە کۆمۆنیست هەموو کات ئامادە بێت، پابەندی راستی بێت، چونکە راستیی، هەر راستییەک، لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلدا دەگونجێت و کۆمۆنیست دەبێت هەموو کات ئامادە بێت هەڵەکانی راست بکاتەوە، چونکە هەموو هەڵەیەک دژی بەرژەوەندیی گەلە.

پێویستە هەڤاڵان هان بدەین ئاگاداری بەرژەوەندیی هەموان بکەن و هەموو ئەندامێکی حیزب و هەموو لقەکانی کارکردن و هەموو قسەیەک و کردەوەیەک دەبێت لە بەرژەوەندیی حیزب هەموویەوە دەربچێت. ئەمە پرەنسیپێکە کە هەرگیز نابێت دژبەریی بکرێت (هەڵوەشێنرێنەوە و بەرپەرچی بدرێنەوە).

کۆمۆنیست دەبێت پێشەنگ بێت لە چارەسەریی شتەکان بە شێوازی واقیعی و لە دووربینیی و تێژبینیدا، چونکە ناتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان ئەنجام بدەن ئەگەر

شێوازی واقیعی پەیڕەو نەکەن و تەنها دووربینیی و تیژبینیی دووریان دەخاتەوە لە بزرکردنی ئاراستەکان لە ڕۆیشتنیاندا بەرەو پێشەوە.

پێویستە کۆمۆنیستەکان لە خەڵکانی دیکە دووربینتر بن و لە هەموان زیاتر ئامادە بن بۆ قوربانی دان و خاوەنی بەرزترین ورە بن و لە هەموان زیاتر بەتوانا بن بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان بێ لایەنگیری و لە خەڵک بەتواناتر بن بۆ پشتبەستن بە زۆرینەی جەماوەر و بەدەستهێنانی پشتگیریان.

کۆمۆنیستەکان، هەروەها، دەبێت پێشەنگ بن لە خوێندندا، چونکە لە هەموو کاتێکدا ئەوان مامۆستای جەماوەرن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا قوتابی جەماوەرن.

پێویستە لەسەر ئەو کۆمۆنیستانەی لە بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا کار دەکەن دۆستی جەماوەر بن نەک ئاغا و سەرۆک و دەبێت مامۆستای ماندوونەناس بن، نەک سیاسەتمەداری بیرۆکراتی. پێویستە لەسەر کۆمۆنیستەکان هەرگیز لە جەماوەر جیا نەبنەوە و مەسەلەکەیان بخەنە پشتگوێ و رابەری کۆمەڵێکی بچووکی پێشکەوتنخواز بن و سەرکێشی بکەن لە گەڵیاندا و لە جەماوەر داببڕێن، بەڵکو بایەخ بـدەن بە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان پێشکەوتنخوازەکان و جەماوەری فراوان. ئەوەش مەبەستە لە ئاگادارکردنی کاروباری زۆرینە.

ئێمەی کۆمۆنیست وەک تۆو واین، گەلیش وەک خاک.

بۆ هەر شوێنێک بچین، دەبێت بچینە ناو گەلەوە و رەگی تێدا داکوتین و گوڵ بکەین.

ئێمەی کۆمۆنیست پێویستە لەسەرمان لە هەموو کارێکدا بە جەماوەرەوە پەیوەست بین. ئەگەر ئەندامانی پارتەکەمان لە ماڵەوە بکەون و هەموو ژیانیان لەوێدا بەسەر بەرن، نەیەنە دەرەوە بۆ روبەڕو بوونەوەی جیهان و گەردەلولەکە، ئیتر کەواتە سوودیان بۆ گەلی چین چییە؟ بە هیچ جۆریک هیچ نییە! و ئێمە پێویستمان بەم جۆرە کەسانە نییە لە حیزبدا. دەبێت ئێمەی کۆمۆنیست روبــەڕووی جیهان بینەوە و بەرامبەر گەردەلوولەکە بوەستین. ئەم جیهانە گەورە و زەبەلاحە ی کە پڕە لە ململانێی جەماوەری و ئەم گەردەلوولە بەهێزەی ململانێی جەماوەری.

رۆڵی پێشەنگ و نموونەیی کۆمۆنیستەکان گرنگی زۆر گەورەی هەیە. بۆیە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە لە سوپای هەشت و سوپای چوار کە ئازایانە پێشەنگ بن لە شەڕدا و لە جێبەجێ کردنی فرمانەکاندا و ئاگادارکردنی نیزامدا و ئەنجامدانی کاری سیاسی و پتەوکردنی یەکێتی ناوخۆ و هاوکاری.

هەرگیز نابێت کۆمۆنیست لەسەر ڕای خۆی سوور بێت و ملهوڕ بێت وابزانێت هەموو شتێک دەزانێت و خەڵکانی دیکە بە کەڵکی هیچ نایەن و نابێت دەرگای ژوورەکە لەسەر خۆی دابخات و خۆی بنوێنێت و خۆی بابدات و

بەسەر خەڵکدا و خۆی زاڵ بکات.

پێویستە کۆمۆنیست بە بایەخەوە گوێ بۆ خەڵکی دەرەوەی حیزب رابگرن و بواریان بدەن ڕای خۆیان دەرببڕن، خۆ ئەگەر ڕاکانیان دروست بوو، دەبێت پێشوازیی لێبکەین و دەبێت شت فێر بین لە خاسیەتەکانیانەوە، بەڵام ئەگەر ڕاکانیان هەڵە بوو، دەبێت پشتگیرییان بکەین وتەکانیان تەواو بکەن پاشان بە سنگ فراوانیەوە مەسەلەکەیان بۆ روون بکەینەوە.

نابێت کۆمۆنیستەکان هەڵوێستی تەریک کردن و دوورکەوتنەوە وەربگرن بەرامبەر بەوانەی هەڵە لە کارەکانیاندا دەکەن بێجگە لەوانەی کە ئومێدی راستکردنەوەیان لێناکرێت، بەڵکو پێویستە لەسەریان ئامۆژگارییان بکەن بۆ ئەوەی تێبگەن کە پێویستە خۆیان چاک بکەن و لە هەڵەکردن دوور بکەونەوە و لە خاڵی دەسپێکی تازەوە دەست پێبکەن.

بۆ کۆمۆنیست ناگونجێت، بەرامبەر بەوانەی لە سیاسەتدا دواکەوتوون، گاڵتە یان سووکایەتییان پێبکەن، بەڵکو دەبێت خۆیان نزیک بکەنەوە و لەوان و قەناعەتیان پێبکەن و هانیان بدەن بەرەوپێش بچن.

# (29)

# کادیرەکان

بۆ ئەوەی رەنگی پارت و وڵاتەکەمان نەگۆڕدرێت، تەنها ئەوە بەس نییە کە هێڵێکی راست و سیاسەتێکی راستمان هەبێت، بەڵکو مەسەلەکە پێویستی بە دروستکردن و پەروەردەکردنی ملیۆنەها جێگرەوە (نەوە) هەیە کە درێــژە بـدەن بە مەسەلەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕانە. مەسەلەی پـەروەردەکـردنـی جێگرەوە بـۆ مەسەلەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕانە مەسەلەیەکە ئایا لە داهاتوودا خەڵکانێک هـەن درێــژە بە مەسەلەی شۆڕشگێرانەی مارکسیی لینینی بدەن، کە نەوەی کۆن لە شۆڕشگێڕ و پرۆلیتار دەستی پێکردوە یان نا؟ و ئایا سەرکردایەتیی پارت و دەوڵەتەکەمان لە داهاتووا بەدەست شۆڕشگێرە پرۆلیتارەکانەوە دەمێنێتەوە یان نا؟ ئایا نەوەی داهاتوو لەسەر ریگەی راست بـەردەوام دەبن کە مارکسیەت و لینینیەت کێشاویانە یان نا؟ یاخود بە مانایەکی دیکە، مەسەلەکە ئەوەیە ئایا دەتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین بەبێ دەرکەوتنی شیواندنەکەی خرۆشۆف لە (چین)دا یان نا؟ کۆی قسەکە ئەوەیە ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی گەورەی

هەیە، مەسەلەی ژیان و مردنە بۆ پارت و وڵاتەکەمان. مەسەلەیەکە کە گرنگییەکی بنچینەیی هەیە سەبارەت بە دوارۆژی مەسەلەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕانە بۆ ماوەی سەد یان هەزار یان تەنانەت دە هەزار ساڵ. ئیمپریالیستە پێشبینی کەرەکان، بە پشتبەستن بەو گۆڕانکارییانەی لە یەکێتی سۆڤیەت رووی دا، ئومێد دەبەستن بە «گۆررانی ئاشتیانە» لە نەوەی سێیەم و چوارەمی پارتی چینی. ئیدی دەبێت ئەم پێشبینیانە بەتەواوی ببڕین و پەک بخەین و دەبێت ئێمە، لە رێکخراوە باڵاکانەوە بۆ نزمەکان، هەموو کات و لە هەموو شوێنێک بایەخ بە پـروەردە کردن و دروستکردنی جێگرەوە بدەین بۆ مەسەلەی شۆڕشگێڕی.

ئەو مەرجە پێویستانە چین کە پێویستە لەم جێگرەوانەدا هەبێت بۆ مەسەلەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێریی؟

ئەمانە دەبێت مارکسی لینینی راستەقینە بن، نەک شێوێنەر وەکو خرۆشۆف کە تەنها بەرگی مارکسیی لینینیی بەخۆدا داوە.

پێویستە شۆڕشگێڕ بن بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی زۆرینەی خەڵک بکەن لە چین و جیهاندا پێکەوە، نەک وەکـو خرۆشۆف کە خزمەتی چەند کەسێک لە چینی بۆرجوازی دەکات خاوەن ئیمتیازات لە وڵاتەکەیدا.هەروەها خزمەتی بەرژەوەندیی ئیمپریالیەت و کۆنەپەرستیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکات.

پێویستە سیاسیی پرۆلیتاری بن و بتوانن لەگەڵ زۆرینەی

خەڵکدا یەک بگرن و کاریان لەگەڵدا بکەن.پێویستە لەسەریان بێجگەلە یەکگرتن، لەگەڵ ئەوانەی یەک ڕان، بە باشی یەک بگرن لەگەڵ ئەوانەش کە ڕایان جیاوازە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەش کە لە رابـردوودا دژیان بوون و راستیش دەریخستووە، دوای ئەوە کە هەڵە بوون، بەڵام دەبێت بەتایبەتی ئاگار بن بەرامبەر کەسانی خاوەن تەماعی شەخسی و پیلانگێڕانی وەک خرۆشۆف و رێگا بگرن لەم جۆرە کەسە خراپانە لە داگیرکردنی سەرۆکایەتیی حیزب و حکومەت لە هەموو ئاستێکدا.

پێویستە نموونە بن لە جێبەجێ کردنی مەرکەزیەتی دیموکراتیی حیزب و شێوازی سەرکردایەتی لەسەر بنەمای پرەنسیپە «لە جەماوەرەوە بۆ جەماوەر»، و پێویستە خۆیان ڕابهێنن لەسەر شێوازی دیموکراتی بە شێوەیەک بتوانن گوێ لە ڕای جەماوەر بگرن و نابێت زۆردار بن وەک خرۆشۆف و مرکەزیەتی دیموکراتیی حیزب تێک بشکێنن و هێرشی کتوپڕ دەکەنە سەر هەڤاڵان و بە شێوەیەکی دیکتاتۆری و زۆرەملێی.

پێویستە خاکی و بەئارام بن و لە سەرچڵی و خۆبەزلزانین دوور بکەونەوە. پێویستە پڕ بن لە گیانی رەخنەگرتن لەخۆ و بوێریان تێدا بێت، کەموکوڕی و هەڵەکانی کار راست بکەنەوە. هەرگیز نابێت وەک خرۆشۆف بن هەڵەکانیان داپۆشن و ئیدیعا بکەن کە چاکەکە بە تەنیا بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە و هەموو هەڵەکان بە خەڵکی دیکەوە بلکێنن.

جێگرەوەی دروست بۆ مەسەلەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕانە لە خەباتی جەماوەرییەوە پەیدا دەبێت. و لە گەردەلولەکانی شۆڕشدا گەورە دەبن و دەبنە خاوەن ئەزموون، بۆیە پێویستە کادیرەکان تاقی بکرێنەوە و جێگرەوەیان لێ هەڵببژێردرێت لە گەرمەی خەباتی درێژی جەماوەریدا.

پێویستە لەسەر حیزبمان رێکخراوەکانی لە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاو بکاتەوە و بە مەبەستیش دەیان هەزار کادیر دروست بکات و سەدانیش لە باشترین سەرکردە جەماوەرییەکان و پێویستە ئەم کادیر و سەرکردانە جڵەوەی مارکسیی-لینینی یان بەدەستەوە بێت و خاوەنی دووربینیی سیاسی و لێهاتوویی کار بن و گیانی خۆبەختکردن و قوربانیدانیان هەبێت و بتوانن بە سەربەخۆیی کێشەکان چارەسەر بکەن و لەبەردەم گرفتەکاندا نەجوڵێن، بەڵکو بە دڵسۆزییەوە کار بکەن لە پێناو نەتەوەو چین و حیزبدا. بە پشت بەستن بەمانە، حیزب دەنووسێت بە ئەندامانی و جەماوەرەوە و بە پشتبەستن بە سەرکردایەتیی بەهێزی ئەمانەوە حیزب ئامانجی خۆی لە بەزاندنی دوژمندا دێنێتەدی. هەروەها پێویستە لەسەر ئەم کادیر و سەرکردانە دوور بن لە خۆپەرستی و پاڵەوانێتی فەردی و خۆ دەرخستن و تەمەڵی و سستی و دەمارگیری و قسەڕەقیی، بەڵکو دەبێت ئەمانە پاڵەوانی دڵسۆز و خۆنەویست بن بۆ نەتەوەو چینەکان-ئەمە ئەو خەسڵەت

و شێوازی کارکردنەیە کە پێویستە لە ئەندامانی حیزب و کادیران و سەرکردەکانیاندا هەبێت. کادیرەکان فاکتەری یەکلاکەرەوەن دوای دەست نیشان کردنی هێڵی سیاسیی. بەم شێوەیە پەروەردەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی تازە بە گوێرەی پلان یەکێکە لە ئەرکەکانی خەباتمان.

ئەو پێوەرەی کە پێویستە حیزبی کۆمۆنیست لە سیاسەتیدا بەرامبەر بە کادیرەکان جێبەجێی بکات، بریتییە سووربوونیان لەسەر جێبەجێ کردنی ڕێبازی حیزب و ملکەچیان بۆ نیزامی حیزبی و پارێزگاری کردنی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ جەماوەر و توانایان بۆ کارکردن بە شێوەیەکی سەربەخۆ و گوڕوتینیان لە کارکردندا دوورکەوتنەوەیان لە هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیی شەخسی. ئەمە پێیدەگوترێت «ڕێبازی دەست نیشانکردنی کەسەکان بە گوێرەی ڕەوشت و لێهاتوویيان».

بەردەوام بوون و خۆڕاگرتن پێویستە لە جێبەجێکردنی نیزامی بەشداری کردنی کادیران لە کاری هەرەوەزیی بەرهەمهێندا. کادیرانی پارت و دەوڵەتەکەمان زەحمەتکێشی ئاسایین نەک شازادە سواری ملی میللەت بووبن. بەو بەشداریەیان لە کاری هەرەوەزیی بەرهەمهێناندا هەمیشە پارێزگاریی فراوانترین پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ زەحمەتکێشاندا دەکەن. ئەم نیزامە ڕێوشوێنێکی زۆر گرنگە لە سایەی نیزامی ئیشتراکیدا. یاریدەدەرە بۆ سەرکەوتن بەسەر برۆکراسی و ڕێگەگرتن لە لادان و دۆگمای بیروباوەڕ.

پێویستە بزانین چۆن کادیران بە باشیی هەڵبسەنگێنین. کاتێک کادیر هەڵدەسەنگێنین نابێت تەنها تەماشای قۆناغێکی کورتی ژیانیان، یان تاکە رووداوێک لە کارەکانیاندا بکەین، بەڵکو دەبێت تەماشای هەموو قۆناغەکانی ژیان و هەموو کارەکانیان بکەین.ئەوە رێگەی سەرەکییە لە هەڵسەنگاندنی کادیراندا.

پێویستە بزانین چۆن کادیران بە باشیی بەکار بخەین. ئەرکی سەرکردەکان بریتییە لە دوو شتی بنچینەیی، دروستکردنی بیرۆکە و بەکارخستنی کادیرەکان. نەخشەکێشان و بڕیار دروستکردن و فرمان دەرکردن رێنماییەکان...هتد. ئەمانەن کە «دروست کردنی بیرۆکە» لەخۆدە گرن. پاشان، پێویستە لەسەرمان، لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکانەدا، لەگەڵ کادیرەکاندا یەکبگرین و هانیان بدەین بۆ جێبەجێکردنیان. ئەوەش مەبەستمانە لە «بەکارخستنی کادیران بەشێوەیەکی باش».

پێویستە بزانین چۆن ئاگاداری کادیران بین. ریگەکان ئەمانەن:

-1رێنمایی کردنیان. ئەمە لەلایەکەوە بە مانای دەست ئاوەڵاکردنیان لە کاردا بە شێوەیەک بتوانن ئەرکەکان بخەنە ئەستۆ. لەلایەکی دیکەشەوە، لە کاتی گونجاودا رێنمایی بکرێن، بە شێوەیەک بتوانن توانا دروستکەرەکانیان بخەنە ڕوو لەسەر بناغەی رێبازی حیزبی.

-2بەرزکردنەوەی ئاستیان. ئەوەش بە مانای

ڕۆشنبیرکردنیان لە ڕێگەی دابینکردنی دەرفەت بۆ خوێندن بە شێوەیەک بتوانن تێگەیشتنی تیۆرییان و تواناکانیان لە کارکردندا بەرز بکەنەوە بۆ ئاستی بەرزتر.

3- پشکنینی کارەکانیان و یارمەتیدانیان لە پوختەکردنی ئەزموون و فراوانکردنی سەرکەوتن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان، بەڵام ئەرک بدەین بە کادیرەکان و پشکنین بۆ ئەنجامی کارەکانیان نەکەین ئاگامان لێیان نەمێنێت تا هەڵەی قورس دەکەن، ئەوە ڕێگەیەکی ڕاست نییە بۆ ئاگاداری کردن و خزمەتکردنیان.

4- پێویستە ڕێگەی قەناعەت پێکردن بەکار بهێنرێت لەگەڵ کادیرەکاندا، ئەوانەی هەڵەیان کردوە یارمەتیان بدرێت هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە. نابێت پەنا بۆ ململانێ ببرێت تەنها لەگەڵ ئەوانە نەبێت کە هەڵەی قورسیان کردوە و ڕازی نەبوون بە ڕێنمایی کردن. لێرەدا دان بەخۆداگرتن پێویستە، نابێت پەلە بکەین لە لکاندنی تۆمەتی «هەلپەرست» بەخەڵکەوە و بکەوینە ململانێ لەگەڵیاندا.

5-یارمەتیدانیان بۆ نەهێشتنی گرفتەکانیان. کاتێک کادیرەکان ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، وەک نەخۆشی و سەختیی بژێویی و کێشەی خێزانی یان هەر گرفتێکی دیکە، ئەرکی ئیمەیە هەموو جۆرە خزمەت و ئاگادارییەکیان بکەین.

**ئەمانەن ڕێگاکانی خزمەتکردنی کادیران.**

پێکهێنانی تاقمێک سەرکردە کە بەراستی بەجەماوەرەوە

لکابێت لە ڕەوتی خەباتی جەماوەریدا نەک دوور لێیانەوە، زەحمەتە ئەگەر بەرەبەرە نەبێت. لە زوربەی حاڵەتەکاندا، پێویستە ئەو کۆمەڵە قیادیە وەک خۆی نەمێنێتەوە و بەبێ گۆڕان لە کاتی بەڕێوەچوونی خەباتی مەزندا، لە قۆناغی سەرتاییدا بێت یاخود قۆناغی کۆتایی. پێویستە بەردەوام پلەی چالاکەکان، ئەوانەی لە بواری خەباتکردندا دەردەکـەون، بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی جێگەی ئەوانە بگرنەوە کە دواکەوتوون، یاخود لە ئەندامە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی سەرکردەکان جیا بوونەتەوە.

ئەگەر پارتەکەمان ژمارەیەکی زۆر کادیری نوێی نەبێت، ئەوانەی بە هاوکاری و یەکبوون لەگەڵ کادیرە کۆنەکاندا کار دەکەن، مەسەلەکەمان بەرەو پێش ناچێت. بۆیە دەبێت هەموو کادیرە کۆنەکان پێشوازی لە کادیرە نوێیەکان بکەن و بەگەرمی و سۆزو خۆشەویستیان بۆیان هەبێت. ڕاستە کادیرە نوێیەکان کەموکۆڕییان هەیە، چونکە ئەوان ماوەیەکە کەمە لە شۆڕشدا بەشدارن و خاوەنی ئەزموون نین و هەندێکیان بە ناچاری هەڵگری پاشماوەی ئایدۆلۆژیی خراپی کۆمەڵگەی کۆنن، پاشماوەی ئایدۆلۆژیی تاکڕەویی، کە خەسڵەتی بۆرژوازیی بچووکە، بەڵام دەکرێت ئەم کەموکۆڕییە بەرە بەرە لە ڕێگەی ڕۆشنبیر کردن و تواندنەوە لە شۆڕشدا نەهێڵرێت. خەسڵەتی کادیرە تازەکان، کە ستالین دەڵێت، بریتییە لەوەی کە هەستێکی ناسکیان بۆ شتە نوێیەکان هەیە، لەبەر ئەوە پلەیەکی بەرز

حەماس و ئامادەییان تێدایە، ئەوەش ئەو خاسیەتانەیە کە لە هەندێک کادیری کۆندا نەماوە، بۆیە پێویستە لەسەر کادیرە کۆن و نوێیەکان رێز لە یەکتر بگرن و لە یەکتر فێر بن و هەر یەک لە خاسیەتەکانی ئەوی دیکە سوود وەربگرێت تاوەکو بەسەر کەموکورتییەکانی خۆیدا سەربکەوێت تاوەکو بتوانن وەک یەک پیاو یەک بگرن، بۆ خزمەتکردنی مەسەلە هاوبەشەکە و دوورکەوتنەوە لە رێبازی گۆشەگیری.

ئاگاداری کردنی کادیرە حیزبییەکان بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئاگاداری کادیرە نا-حیزبیەکانیش بکەین.لە دەرەوەی حیزب خاوەن توانا و لێهاتوویی زۆر هەن، بۆیە نابیت حیزب پشتگوێیان بخات. ئەرکی هەموو کۆمۆنیستێکە کە دەست لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانین هەڵبگرێت و بە باشی هاوکاریی بکات لە کاردا لەگەڵ کادیرە نا-حیزبیەکاندا و بەوپەڕی دلسۆزییەوە یارمەتیان بدات و بەگەرمی هەڤاڵ بۆ هەڤاڵ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و چالاکییان ئاراستە بکات بۆ خزمەتی مەسەلە گەورەکە، مەسەلەی بەرهەڵستیی یابان و بیناکردنی نیشتمان.

## (30)

# گەنجـــــــــــان

جیهان موڵکی ئێوەیە و موڵکی ئێمەشە، بەڵام لە لێکدانەوەی کۆتاییدا موڵکی ئێوەیە. گەنجان! ئێوە هێز و چالاکیتان لێدەتکێ و لە بەهاری ژیاندان وەک خۆری پرشنگداری نیوەڕۆ. ئومێدمان بە ئێوەوە بەستووە.

جیهان هەمووی موڵکی ئێوەیە. ئایندەی چینیش لەدەست ئێوە دایە.

پێویستە لە سەرجەم گەنجان بگەیەنرێت کە وڵاتەکەمان هێشتا زۆر هەژارە و مەحاڵە ئەم دۆخە بگۆڕدرێت بە شێوەیەکی ریشەیی لە ماوەیەکی کورتدا و ئێمە بە تەنیا پشت بە گەنجان و رۆڵەکانی گەل دەبەستین بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی خەبات بکەن تاوەکو بە دەستی خۆیان وڵات بینا بکەن و بیکەنە دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و بەهێز لە دەیان ساڵی داهاتوودا. هاتنەکایەی نیزامی ئیشتراکی رێگای بۆ کردینەوە بۆ جیهانێکی نموونەیی، بەڵام بیناکردنی ئەم جیهانە نموونەییە بەندە لەسەر کاری بەردەوام و چالاکیی ئێمە.

ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجان بەهۆی ئەوەی ئەزموونی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتییان نییە، بەراوردی نێوان چینی کۆن و چینی نوێ بە باشی نازانن، بەلایانەوە قورسە بە قووڵی تێبگەن چۆن گەلەکەمان ئەو خەباتە تاڵەی بەرپا کردووە و چەندین بەربەستی تێپەڕاندووە و خۆڕاگر بووە بەرامبەر چەندین جۆر نارەحەتی، تاوەکو توانیویەتی لە داگیرکەر و کۆنەپەرستانی (کومینتان)رزگاری ببێت، هەروەها بەلایانەوە گرانە بە باشی تێبگەن کە پێکهێنانی کۆمەڵگەی بەختەوەریی ئیشتراکی نایەتەدی ئەگەر لە رێگای کاری سەختەوە نەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ. بۆیە پێویستە لەسەرمان بێوچان کاری پەروەردەیی سیاسیی زیندوو و واقیعی لەناو جەماوەردا ئەنجام بدەین، بەردەوام راستیی ئەو گرفتانەی سەرهەڵدەدەن بۆیان روون بکەینەوە و راوێژ بکەین چ رێوشوێنیک بگرینەبەر بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم گرفتانەدا.

گەنجان لەناو هێزەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا چالاکترین هێز و بەگوڕوتینترینن. لە خەڵک زیاتر بەرەو خوێندن دەچن و لەوان کەمتر لە بیرکردنەوەیاندا موحافیزکارن. ئەوەش بەتایبەتی لە سەردەمی ئیشتراکیدا دەردەکەوێت. ئێمە داوا لە رێکخراوەکانی حیزب لە سەرتاسەری وڵاتدا دەکەین کە بایەخ بدەن بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی گەنجان لە باسکردنی مەسەلەی سوودوەرگرتن لە توانا و وزەی گەنجەکانمان بەتایبەتی و نابێت مامەڵە لەگەڵیاندا

بکەن وەک تاکەکانی دیکە و خاسیەتە تایبەتیەکانیان پشتگوێ بخەن. دەبێت گەنجانیش بێگومان لە بەتەمەن و پیرەکانەوە فێر بن و بەگوێرەی توانا هەوڵ بدەن لە چالاکییە بەسوودە جۆراوجۆرەکاندا بە رەزامەندیی ئەوان بەشداری بکەن.

پێوەر چییە بۆ ناسینی گەنجێک لە گەنجەکان و بڕیار بدەین یەکێکە لە شۆڕشگێرەکان یان ناشۆڕشگێڕە؟ تەنها یەک پێوەر هەیە ئەویش ئارەزوویەتی یان ناڕازی بوونیەتی کە تێکەڵ بە جەماوەرە فراوانەکەی کرێکاران و جوتیاران ببێت، هەروەها ئایا ئەو ئارەزوە ئەنجام دەدات یان نا. ئەگەر ئارەزومەند بێت بۆ ئەو تێکەڵبوون و بە کردەنی ئەو ئـارەزووە ئەنجام بدات، ئەوە شۆڕشگێڕە، دەنا ئەوە ناشۆڕشگێڕ یاخود دوژمنی شۆڕشە. ئەگەر ئەو ئەمڕۆ تێکەڵاوی جەماوەری کرێکارو جوتیاران ببێت، ئەوا ئەمڕۆ شۆڕشگێرە. ئەگەر سبەی لەوە دوور کەوتەوە و هەڵگەڕایەوە بۆ چەوسانەوەی هەموو خەڵک، ئەوا دەبێتە ناشۆڕشگێڕ یاخود دژە شۆڕش.

رۆرشنبیران، بەرلەوەی تێکەڵاوی خەباتی شۆڕشگێڕیی جەماەری بن، یاخود بەنیاز بن خزمەتی بەرژەوەندیی جەماوەر بکەن و تێکەڵیان بن، زۆر کات ئارەزوی ئەنگێزەی خۆیی و تاکڕەوی دەبن. لە بیرکردنەوەیاندا کردەیی نین و لە چالاکیاندا دوودڵن.لەبەرئەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە جەماوەری فراوانی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی چین دەکرێت

له شۆڕشدا رۆڵی پێشەنگ و پرد ببینن، بەڵام تا کۆتایی هەموویان بە شۆڕشگێڕیی نامێننەوە. هەندێکیان ریزەکانی شۆڕش بەجێ دێڵن و هەرکات گەیشتنە ساتی هەستیار هەڵوێستی سلبی دەنوێنن. ژمارەیەکی کەمیشیان دەبن بە دوژمنی شۆڕش و رۆشنبیرەکان ناتوانن بەسەر ئەم کەموکورتیانەدا زاڵ بن، مەگەر ماوەیەکی زۆر بەشدار بن لە خەباتی جەماوەریدا.

پێویستە لەسەر کۆمەڵەی گەنجان، لەپاڵ بەردەوام بوون لە کارکردنی گونجاودا لەگەڵ حیزب بۆ ئەنجامدانی ئەرکە سەرەکییەکەی، کاری تایبەت بەخۆی بکات کە گونجاو بێت لەگەڵ خاسییەتی گەنجاندا.پێویستە (چین)ی نوێ ئاگاداری گەنجەکانی بکات و بایەخ بە پێگەیشتنی نەوەی نوێ بدات. گەنجانیش لەسەریانە بخوێنن و کار بکەن، بەڵام لە قۆناغی نەشونمای جەستەییدا دەبێت بایەخی تەواو بدرێت بە کار و خوێندن و چالاکیی کات بەسەربردن و وەرزشییەکانیان و لە هەمان کاتدا حەوانەوەیان.

## (31)
# ژنان

پیاوان لە چین ژێردەستەی سێ نیزامی دەسەڵاتن (دەسـەڵاتـی سیاسی، دەسـەڵاتـی خێڵەکی و دەسەڵاتی ئایینی).... بەڵام ژنان، لەگەڵ ئەوەی کە ژێردەستەی ئەو سێ دەسەڵاتەن کە ئاماژەمان پێدا، ژێردەستەی پیاوانیشن (دەسەڵاتی مێردایەتی). ئەم چوار جۆرە دەسەڵاتە، سیاسیی و خێڵەکی و ئایینی و مێردایەتی، نموونەی عەقڵیەتی باوکسالاریی دەرەبەگایەتیە و ئەو چوار کۆت و زنجیرەیە کە گەلی چین دەبەستێتەوە، بەتایبەتی جوتیاران. پێشتر باسمان کرد کە چۆن جووتیاران دەسەڵاتی سیاسیی خاوەن زەوییەکانیان لە لادێ رووخاند. کاتێک کە دەسەڵاتی سیاسی خاوەن زەوییەکان بڕبڕەی پشتی هەموو دەسەڵاتەکانە، بەڵام بە رووخان و کەوتنی، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خێڵەکی و ئایینیی و مێردایەتی هەمووی تێکچوون. سەبارەت بە دەسەڵاتی مێردایەتی، هەمیشە تاڕادەیەک لاواز بووە لەناو جووتیارە هەژارەکاندا، چونکە ژنە جوتیارە هەژارەکان ناچاربوون بە هۆکاری دارایی، بەشداریی کاری جەستەیی بکەن زیاتر لە ژنانی چینە دەستڕۆیشتووەکان و پاشانیش

مافی زۆرتریان هەبووە لە قسەکردندا، تەنانەت لە بڕیاردان دا لە کاروباری خێزانیدا. لەم ساڵانەی دواییدا، ئابووریی لادێ زیاتر لاتـ بوو. بەوەش مەرجی بنچینەیی بۆ دەسەڵاتی پیاوان لەسەر ژنان لاواز کرد. ئەمڕۆش کە بزاوتی جوتیاران هەڵساوەتەوە، لە زۆر جێگە ژنان یەکێتیی ژنانی لادێیان پێکهێناوە و رێکخستووە چونکە دەرفەتیان بۆ رەخساوە سەر بەرز بکەنەوە، ئیتر دەسەڵاتی مێرد رۆژ لەدوای رۆژ ئاڵۆزتر بووە. بەکورتی هەموو عەقڵیاتەکان و رژێمەکانی لەسەر بنەمای نیزامی باوکسالاری دەرەبەگایەتی دروست بـوون بـەرەو نشوستی رۆیشتوون لەگەڵ فراوانبوونی دەسەڵاتی جوتیاران.

یەکبگرن و بەشداری لە بەرهەمهێنان و چالاکیی سیاسیدا بکەن بۆ چاکترکردنی باری ئابووری و سیاسی ژنان!

ئێمە داوای پارێزگاری کردنی بەرژەوەندیی گەنجان و ژنان و منداڵان و ژنان دەکەین لەگەڵ بە هاناچوونی ئەو گەنجانەی بێبەشن لە درێژەپێدانی خوێندنیان و یارمەتیی گەنجان و ژنان بۆ رێکخستنی خۆیان بۆ ئەوەی بە یەکسانیی بەشداری بکەن لە هەموو ئەو کارانەی لە خزمەتی جەنگی بەرگری دایە دژی دوژمنکاری یابانی، یاخود ئەوەی خزمەتـ بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکاتـ. هەروەها داوای ئەنجامدانی ئازادیی هاوسەرگیریی و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو دەکەین لەگەڵ دەستەبەرکردنی

دەرفەتی خوێندنی بەسوود بۆ گەنجان و منداڵان.

هەماهەنگ کردنی هێزی کار بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هاندانی ژنان بۆ بەشداری کردن لە بەرهەمهێناندا یەکەمین ئەرکی بنچینەییمانە لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا.

ئەوەی گرنگیی زۆری هەیە لەپێناو بیناکردنی کۆمەڵگەی ئیشتراکی مەزندا، ئاودانی جەماوەری فراوانی ژنانە بۆ بەشداری کردن لە چالاکییەکانی بەرهەمهێناندا. پێویستە لە مەیدانی بەرهەمهێناندا پرەنسیپی کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان لە نێوان پیاو و ژندا بهێنینەدی. یەکسانیی ڕاستەقینە لە نێوان ژنان و پیاواندا بە ئەنجام ناگەیەنرێت تەنها لە کاتی پرۆسەی گۆڕانی ئیشتراکی هەموو کۆمەڵگەوە نەبێت.

دوای کۆتاییهاتن لە هێنانەناوەوەی نیزامی هاوکاریی کشتوکاڵی زۆر لە کۆمەڵە هەرەوەزییەکان بینیان کە هێزی کار کەمترە لە پێویست. ئیدی ئاودانی جەماوەری فراوانی ژنان، ئەوانەی پێشتر لە کێڵگەکاندا کاریان نەکردووە بۆتە پێویستی بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان لە بەرەی کاردا وەربگرن. ژنانی چین گەنجینەیەکی مەزنن بۆ هێزی کار و دەبێت سوود لەم گەنجینەیە وەربگیرێت لە کاتی خەباتکردندا بۆ بیناکردنی وڵاتێکی ئیشتراکی مەزن.

توانا بدەن بە هەموو کرێکارانی ژن کە پێگەی خۆیان لە بەرەی کاردا وەربگرن لەژێر پرەنسیپی کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان و دەبێت ئەم پرەنسیپە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت.

## (32)

## ڕۆشنبیریی و هونەر

لە جیهانی ئەمڕۆماندا هەموو هونەر و ئەدەبێک دوای چینێکی تایبەت و هێڵێکی سیاسیی تایبەت دەکەوێت و لەڕاستیدا هونەر لەپێناو هونەر، یاخود هونەر لەسەروو چینەکانەوە، یان هونەری هاوتەریبی سیاسەت، یان دوور لە سیاسەت بوونی نییە. ئەدەب و هونەری پرۆلیتاری بەشێک پێکدێنن لە هەموو مەسەلەی شۆڕشگێریی پرۆلیتاری. ئەوانە هەروەک لینین دەڵێت «قەڵغان و لولەبزمارن» لە سەرتاپای مەکینەی شۆڕشگێڕیدا.

ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕی بۆ جەماوەری فراوانی گەل چەکێکی شۆڕشگێرانەی مەزنە، چونکە لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە زەمینە خۆش دەکات بەرلە بەرپابوونی شۆڕش و لە کاتی شۆڕشدا بەرەیەکی گرنگی پێویست پێکدێنێت لەبەرەی شۆڕشگێڕیی گشتیدا.

پێویستە ئەدەب و هونەرمان بە ئامانجی خزمەتی جەماوەری فراوان بێت، لە پێشیشیانەوە کرێکار و جوتیار و سەرباز.

پێویستە ئەوانەی لە بواری ئەدەب و هونەردا کار دەکەن، لای ئێمە ئەم ئەرکە بەجێبهێنن و هەڵوێستیان

بگۆڕن. دەبێت بەرەبەرە هەڵوێستیان بگۆڕن بەلای جوتیاران و کرێکاران و سەربازان و لای پرۆلیتاریادا. ئەوەش لە بواری تێکەڵاوبوونیان و بەشداری کردنی چالاک لە خەباتی عەمەلی و بواری دیراسەی مارکسی و کۆمەڵگە. ئیدی تەنها بەم شێوەیە دەتوانین ئەدەب و هونەری راستەقینە بۆ کریکاران و جوتیاران و سەربازان بخولقێنین، خولقاندنی ئەدەب و هونەرێکی پرۆلیتاریی راستەقینە.

پێویستە ئەدەب و هونەر بکرێتە بەشێکی چالاک لە ئامێرە شۆڕشگێڕانەکەماندا، بۆ ئەوەی ببنە چەکێکی بەهێز میللەتی پێ رۆشنبیر و یەک بخەین و پەلاماری دوژمن بدەین و تیکی بشکێنین و یارمەتیی گەلەکەمان بدەین بۆ ئەوەی بتوانێت بە یەک دڵ و یەک ئیرادە بجەنگێت لەگەڵ دوژمندا.

دوو پێوەر هەن بۆ رەخنەی ئەدەبی و هونەریی: یەکێکیان پێوەری سیاسییە و ئەوی دیکەشیان پێوەری هونەری. پێوەری سیاسی و پێوەری هونەری هەیە، کەواتە پەیوەندیی نێوانیان چییە؟ سیاسەت لە پلەی هونەردا نییە و تێڕوانینی گشتی بۆ جیهان لە پایەی داهێنانی هونەری و رەخنەی هونەریدا نییە.

ئێمە تەنها پێوەرە دەرهەست و چەسپاوەکان رەت ناکەینەوە، ئەوانەی کە هەرگیز ناگۆڕدرێن، بەڵکو ئەو پێوەرە دەرهەست و چەسپاوانەش رەت دەکەینەوە کە قابیلی گۆڕان نییە. چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە هەموو

کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا پێوەری سیاسی و هونەریی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموو چینێک لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا پێوەری سیاسی بە پلەی یەکەم دادەنێت و پێوەری هونەریش بە پلەی دووەم، بەڵام ئێمە داوای یەکێتیی سیاسەت و هونەر دەکەین و یەکێتیی نێوان ناوەڕۆک و شێوەش، واتە یەکێتیی نێوان ناوەڕۆکی سیاسیی شۆڕشگێڕانە و بەرزترین ئاست لە شێوەی هونەری و کارە هونەرییەکان، ئەوانەی چاکی و نایابیی هونەرییان نییە، هیچ کاریگەرییان نابێت هەرچەندە لەڕووی سیاسییەوە پێشکەوتنخواز بێت. ئیدی ئێمە بە تەنیا بەرهەڵستی ئەو کارە هونەرییانە ناکەین کە بۆچوونی سیاسیی هەڵەیان هەیە، بەڵکو بەرهەڵستی ئەو مەیل و بۆچوونانەش دەکەین کە بانگەشە بۆ کاری هونەری دەکەن (لە شێوەی ریکلام و دروشم) کە هەڵگری بۆچوونی سیاسیی راستن بێئەوەی هیچ کاریگەرییەکی هونەرییان هەبێت. لەبەرئەوە، دەبێت ئێمە لە بواری ئەدەب و هونەردا لە دوو بەرەدا ململانێ بکەین.

ئەو سیاسەتەی کە دەڵێت ( با سەد گوڵ بکرێنەوە و سەد قوتابخانەی فیکری پێشبڕکێ بکەن) هانی دەست پێکردنی هونەر و زانست دەدات و هانی گەشەکردنی رۆشنبیریی ئیشتراکی دەدات لە وڵاتەکەماندا. لە مەیدانی هونەردا دەکرێت شێوە و شێوازی جۆراوجۆر گەشەبکات و لە بواری زانستدا، دەکرێت قوتابخانە جیاوازەکان ئازادانە

مشتومڕ بکەن، چونکە ئێمە پێمانوایە، بانگەشەکردن بۆ شتێک بە زۆر بۆ شێوازێک یان قوتابخانەیەک و بێبەشکردنی ئەم شێواز و ئەو قوتابخانە بە هێزی دەسەڵاتی ئیداریی، کارێکە زیان بە گەشەکردنی هونەر و زانست دەگەیەنێت. مەسەلەی راست و هەڵە لە هونەر و زانستدا، دەبێت لە رێگای مشتومڕی ئازادەوە لە نێوان ناوەندە هونەری و زانستییەکان و لە رێگەی مومارەسەکردنی هونەر و زانستەوە چارەسەر بکرێت و نابیت بە شێوازی زبر و بڕندە چارەسەر بکرێت.

سوپایەک کە رۆشنبیریی نەبێت، سوپایەکی عەقڵ لاوازە و سوپای عەقڵ لاوازیش ناتوانێت دوژمن ببەزێنێت.

## ( 33 )

## فێربوون

لەپێناو گۆڕینی (چین)ی دواکەوتووی کشتوکاڵیدا بۆ وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو، ئەرکی قورس روبەڕومان دەبێتەوە و هێشتا ئەزموونەکەمان لە ئاستی پێویستەوە دوورە، بۆیە پێویستە بە باشی فێر ببین.

بەردەوام بارودۆخەکە دەگۆڕێت و بۆ ئەوەش بیری مرۆڤ لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێت، پێویستە فێر ببێت، تەنانەت ئەوانەش کە شارەزای مارکسیەتن. ئەوانە تا رادەیەکیش لەسەر هەڵوێستی پرۆلیتاریی خۆیان چەسپاون. دەبێت لە فێربووندا بـەردەوام بن و ئەوەی نوێ بێت وەریگرن و دیراسەی مەسەلە تازەکان بکەن.

دەتوانین ئەوەی کە پێشتر نەماندەزانی فێری ببین. ئێمە نەتەنیا لە داڕووخانی جیهانی کۆندا کارامەین، بەڵکو کاری باشیش دەزانین ئەنجامی بدەین بۆ بیناکردنی جیهانی نوێ.

بەرامبەر بە خوێندن و فێربوون دوو هەڵوێست هەیە، یەکێکیان هەڵوێستی مەنگبوونی (رەقبوونی) بیروباوەڕە کە خاوەنەکەی بایەخ بە بارودۆخەکە نادات کە لە وڵاتدا

هەیە، بەڵکو لاسایی هەموو شتێک دەکاتەوە بەبێ جیاوازی دانان لە نێوان ئەوەی دەکرێت جێبەجێ بکرێت و ئەوەی ناکرێت جێبەجێ بکرێت.ئەم هەڵوێستە دروست نییە، بەڵام هەڵوێستەکەی دیکە بەمانای کارەکانی بیرە لە کاتی دیراسە و فێربووندا و سوود وەرگرتن لەوانەی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای وڵاتدا دەگونجێت، بەواتای وەرگرتنی ئەو ئەزموونەی بۆ ئێمە سوودی هەیە. ئەم هەڵوێستەی دوایین ئەوەیە، کە ئێمە پێویستمان پێیەتی.

تیۆرییەکانی مارکس و ئەنگڵس و لینین و ستالین تیۆریی دروستن بۆ سەرجەم جیهان. نابێت ئێمە تیۆرییەکانیان بە باوەڕێکی مەنگ و وەستاو دابنێین، بەڵکو دەبێت بە رێنماییکاری دابنێین لە کارەکانماندا. و ناشبێ تەنیا چەند دەستەواژە و وتەیەکی مارکسی-لینینی فێر ببین، بەڵکو دەبێت مارکسی-لینینی وەک زانستی شۆڕش فێر ببین. هەروەها نابێت بەلامانەوە بەس بێت ئەنجامە تایبەتییەکان کە تایبەتە بە یاسا گشتییەکان فێر ببین، ئەوانەی مارکس و لینین و ئەنگڵس ستالین پێیگەیشتوون لە دیراسە فراوانەکەیاندا بۆ ژیانی واقیعی و تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە، بەڵکو دەبێت هەروەها هەڵوێستیان و شێوازیان لە تەماشاکردنی مەسەلەکان و چارەسەرکردانیاندا فێر ببین.

ئەگەر ئێمە خاوەنی تیۆرییەکی ڕاست بین و بەلامانەوە بەس بێت، بیکەینە بابەتێک بۆ قسەکردن و وتاری بێ

سوود یاخود لەسەر ڕەفە دایبنێین و بە کردەیی جێبەجێی نەکەین، ئەوا ئەم تیۆرییە هەرچەندە ڕاست و دروستیش بێت، بە هیچ جۆرێک مانای نا بێت.

پێویستە لە تیۆریی مارکسدا شارەزا بین و بتوانین بەکردەیی جێبەجێی بکەین، چونکە تاکە ئامانج لە شـارەزابـوون جێبەجێ کردنە. ئەگەر مـرۆڤ بتوانێت بۆچوونەکانی مارکسی - لینینی بەکار بهێنێت لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەیەک، یان دوو مەسەلەی واقیعیدا، ئەوا شایانی ستایشەیە و دەتوانین بڵێین هەندێک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە تاوەکو زیاتر مرۆڤ شتەکان ڕوون بکاتەوە، ئەوا ڕوونکردنەوەکەی قووڵتر دەبێت و سەرکەوتنەکەشی گەورەتر دەبێت.

ئایا چۆن تیۆریی مارکسی-لینینی دەبەسترێتەوە بە مومارەسەی عەمەلی شۆڕشی (چین)ە وە؟ ئەگەر دەستەواژەیەکی باو بەکار بهێنین دەتوانین بڵێین (هاویشتنی تیر بەرەو ئامانج)، چونکە نموونەی مارکسی-لینینی بە نیسبەت شۆڕشی چینەوە وەک نموونەی تیرە بەنیسبەت ئامانجەوە، بەڵام هەندێک لە هەڤاڵان (تیر دەهاوێژن بەبێ ئامانج)، تیر دەهاوێژن بەبێ جیاکردنەوە و زۆر جاریش لەمانەوە زیان بە شۆڕش دەگات.

پێویستە ئەوانەی خاوەن ئەزموونن لە کاردا دیراسەی تیۆریەکە بکەن و بە جدی بیخوێننەوە. تەنها بەوەش دەتوانن ئەزموونەکەیان ڕێکوپێک و پوختە بکەن و بەرزی

بکەنەوە بۆ ئاستی تیۆری و تەنها ئەوکاتەش وا دانانرێن- بە هەڵە- کە ئەزموونە بچووکەکەیان ڕاستییەکی گشتیە و ناکەونە هەڵەی تاقیکردنەوەوە.

خوێندنەوە و جێبەجێ کردنی ئەوەی دەیخوێنینەوە، هەردووکیان جۆرێکن لە فێربوون، بەڵام ئەمەی دوایی لەوەی یەکەم گرنگترە و فێربوونی شەڕکردن لە سیاقی خـودی جەنگدا شـێـوازە سەرکییەکەی ئێمەیە و ئەو کەسەی دەرفەتی نەبووە بچێتە خوێندنگە دەتوانێت فێری شەرکردنیش ببێت و شێوازەکەشی ئەوەیە لە سیاقی جەنگدا فێر ببێت و لەبەرئەوەی جەنگی شۆڕشگێڕانە ئەرکی جەماوەری گەلە و زۆر جاریش بەشداریی شەڕ دەکەن بێ ئەوەی پێشتر فێر بووبن، بەڵام ئەوانە لە کاتی ئەنجامدانی شەڕەکەدا فێر دەبن.پراکتیزەکردن خۆی لەخۆیدا فێربوونە.

ماوەیەک هەیە سەرباز و مەدەنی جیا دەکاتەوە، بەڵام بە درێژیی شۆرای مەزنی چین نییە، بەڵکو مەدەنی دەتوانێت بیبڕێت. رێگاش بۆ ئەوە بەشداری کردنە لە شۆڕشدا و ئەوەش بەشداری کردنە لە جەنگدا. ئێمە کە دەڵێین فێربوون و جێبەجێکردن ئاسان نییە مەبەستمان ئەوەیە ئاسان نییە بۆ مرۆڤ بە چاکی فێر ببێت و ئەوەی فێری بووە بەجوانی و لێزانانە ئەنجامی بداث و کاتێک کە دەڵێین مەدەنییەکان دەتوانن ببنە سەرباز بە خێرایی مەبەستمان ئەوەیە، کە گران نییە دەروازەی سەربازی تێپەڕێنن. دەتوانین ئەم دوو خاڵە بە وتەیەکی چینی

کورت بکەینەوە کە دەڵێت (بەرامبەر بە هێزی ئیرادە هیچ زەحمەتیەک نییە). تێپەڕاندنی دەروازەکە زەحمەت نییە و بلیمەتیش لە بوارەکەدا لە توانای دایە مادام مرۆڤ ئیرادەی خۆی بەهێز کردووە و بە چاکی فێر بووە.

دەبێت کاری ئابووری لە هەموو مرۆڤێکەوە فێر بین(هەر کەسێک بێت) کە ئەزموونی لەوەدا هەبێت. دەبێت ئەوانە بکەینە مامۆستامان و بە ڕێز و بە جدی و بە هەوڵدان لێیانەوە فێر ببین و ئەگەر شتێکمان نەزانی، دەبێت دانی پێیا بنێین کە نایزانین و نابێت بڵێین دەیزانین.

مەعریفە مەسەلەی زانستە و نابیت هیچ جۆرە درۆ و خۆدەرخستنی لەگەڵدا بێت، بەڵکو بێگومان پێچەوانەکەی پێویستە، کە ڕاستگۆیی و خاکەڕاییە.

لەخۆڕازی بوون دوژمنی دیراسە و خوێندنە و مرۆڤ ناتوانێت هیچ فێر ببێت تیایدا باش بێت تاوەکو لەو لەخۆڕازی بوونە رزگاری نەبێت. ئەو هەڵوێستنەش کە دەبێت وەری بگرین ئەوەیە، کە (بێ بێزاربوون بخوێنین و فێر ببین) سەبارەت بە خۆمان و (فێربوون بەبێ ماندوبوون) سەبارەت بە خەڵکانی دیکە.

هەندێک کەس چەند کتێبێکی مارکسییان خوێندۆتەوە و پێیان وایە بوون بە زانا، بەڵام ئەوەی خوێندوویانەتەوە نەچۆتە مێشکیانەوە و ڕەگی دانەکوتاوە، لەبەرئەوە ناتوانن بەکاری بهێنن، ئیدی هەستی چینایەتییان وەک هەستە کۆنەکەیان ماوەتەوە.کەسانی دیکەش هەن ئەوپەڕی

لەخۆبایین، چەند دەستەواژەیەکی کتێبیان لەبەر کردوە ئیتر لەخۆیان بایی بوون و لووتیان بەرز کردۆتەوە کە خەریکن لە ئاسمان توند دەبن، بەڵام ئەوانە هەرکاتێ گەردەلوولێک هەڵبکاتێ، هەڵوێستێک وەردەگـرن کە زۆر جیاوازە لە هەڵوێستی کرێکار و زوربەی جووتیارە زەحمەتکێشەکان، چونکە ئەوانە دوودڵـن، بەڵام ئەوانەی دوایی چەسپاو و جێگیرن و هەڵوێستیان نادیار و ناڕوونە، لەکاتێکدا هەڵوێستی دواینەکان روون و ئاشکرایە.

مرۆڤ بۆئەوەی مارکسیەتێ بەڕاستی تێبگاتێ پێویستە فێری ببێتێ، نەک تەنها لە کتێبەوە، بەڵکو لە بنەڕەتەوە لە ململانێی چینایەتییەوە، لە پراکتیزەکردنی عەمەلیی و پەیوەندیی توندوتۆڵ بە جەماوەری کرێکار و جوتیارانەوە. کاتێک رۆشنبیرانمان،ئەوانەی هەندێک کتێبی مارکسیان خوێندۆتەوە، تێگەیشتن بەدەستدێنن لە رێگای پەیوندیکردنی بەهێز بە جەماوەری کرێکاران و جوتیارانەوە و لە رێگەی مومارەسەی کردەنیانەوە، ئەوکاتێ هەمووومان دەتوانین بە نەک تەنها بە هەمان زوبان بدوێین، نەک بە زوبانی نیشتمانیی هاوبەش و زوبانی ئیشتراکیی هاوبەش،بەڵکو بە زوبانی هاوبەش لە تێڕوانینی کۆمۆنیستیی بۆ جیهان. ئەو کاتە هەمووومان بێگومان زۆر چاکتر کاردەکەین وەک لە جاران.